

# کۆچی دوای حەمایل خان، وانـــــ





هەفتەی رابردوو لەناکاو هەواڵی کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو حەمایل خانی هاوسەری بارزانی نەمرو دایکی بەڕێز مســـعود بارزانی سەرۆکی کوردستان، بە خەم و پەژارەوە دڵــی هەموو کوردپەروەرێکی ڕاچڵەکاندو جارێکی دیکە زامی کۆنی کۆچی دوایی بارزانی نەمرو کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندووی وەبیرهێنایەنەوە، ئەم کۆچە کۆستێك بوو کە لە هەموو ماڵێکی کوردســـتان و کوردپەروەراندا پرســـەی بۆ دانراو، هەموو کەسێك لەم کوردستاندا واهەستی دەکرد ئەوە دایکی خۆیەتی کۆچی دوایی کردووە، هەربۆیە ئەم کۆچەی دایکی کوردپەروەران جارێکی تر ڕۆڵەکانی لەناو پرســـەکەیدا کۆکردەوەو هەموو دەســـتەونەزەر بۆ دواماڵئاوایی لە پرسەکەیدا بە پێوە ڕاوەستابوون، کۆچی حەمایل خان سەلماندنی کەهەموو کوردستان کوڕو کچی ئەو خانمە تێکۆشەر و کۆڵنەدەرەو ئەو شێرە ژنە بلیمەتەن کە هەموو تەمەنی خۆی لە پێناوی کوردایەتی و لەنێو کاروانی رێبازی بارزانی بەخت کردووە، ئەم شـــاژنە تێکۆشەرە کە هاوسەری جەنابی بارزانی نەمر بوو، بە درێژایی تەمەنی خۆی سەلماندی ئەو تێکۆشەرەیە نە لەســـەرکەوتن غرور بووە و نە لەڕۆژانی تەنگانە و کارەساتەکانیشدا بێ ئومێد بووە، هەربۆیە هەر لە دامەزراندنی کۆماری کوردســـتان لە مهاباد و دواتریش لە شۆڕشی ئەیلوول و دواتریش لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گوڵاندا شان بەشانی بارزانی نەمرو پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان نموونەی قارەمانیی ئافرەتی کوردستان بووە.

خاتـــوو حەمایل خان ئـــەو مرۆڤە بەرزە بـــوو کە هەمـــوو کات ئاواتەکانی کوردو پاشەڕۆژی کوردستانی، لەیەکرِیزی نێو ماڵی کوردو برایەتی نێوان حزبە سیاسیەکان و سەرکردەی حزبە سیاســـەکانەوە دەبینی و هەر بەو گیانی کوردایەتی و تەبایی و برایەتی و یەکڕیزی نێو ماڵی کورد، ڕێنمایی ســـەرۆك بارزانی و تەواوی سەرکردە سیاسیەکانی دیکەی کوردستانی دەکردو هەموویانی وەك کوڕو ڕۆڵەی خۆی سەیر دەکرد.













# ...ـەیەکی مـەزنی فێرکـردینەوە

لەسـەر ئاسـتی دایکایەتیش، خاتوو حەمایل خان تەنیا ڕۆڵی دایکی بۆ سەرۆك مسـعود بارزانی نەبینیوە، بەڵکو سـۆزی دایکایەتی بۆ ئیدریسی هەمیشە زیندوو پڕکردبۆەوە، بە مانای وشە مرۆڤێکی باڵاو دایکێکی بەسۆز و میهرەبان بووە.

ئەوەی لەم چەند دێڕە بەبۆنەی کۆچی دوایی ئەم خانمە قارەمانەوە دەینووسین، تەنیا مەبەستمان لە باسکردنی ڕۆڵی ئەم شێرەژنە جوامێرە نییە لە خەباتی رزگاریخوازی گەلی کوردسـتاندا، کە بەردەوام سەربازێکی ونی بەخشەر بووە بۆ پاراستنی ژیانی ئـەو وەچانەی هەوڵ و توانایان لە ئامانجە مەزنەکانی نەتەوەو نیشـتماندا تەرخان دەکـەن، بەڵکو ئەوەی جێگەی ئومێد و گەشـبینی بوو بۆ ئاییندەی کوردسـتان ئەو هەسـت و سـۆزەی گەلی کوردستان و تەواوی دۆسـتانی گەلەکەمان بوو بۆ کۆچـی دوایی ئەم خانمـە مەزنە، بەتایبەتی ڕۆڵەکانی گەلی کوردسـتان کە لە ڕۆژانی پرسەی ماتەمینی حەمایل خان دا سەلماندیان هەموویان پرسەیان بۆ دایکی خۆیان داناوەو لەپرسـەی دایکی خۆیاندا بە پێوە ڕاوەستاون، ئەمەش وامان لێدەکات پێش ئەوەی سەرەخۆشـی لەسـەرۆك بارزانی بکەین، سەرەخۆشی لەتەواوی گەلی کوردستان بکەین.

بـە ئاوا بوونی ژیانی ئەم خانمـە بەرێزەی کوردان ئەو وتەزایـە دێتە زەینمان کە نیتچە لە کتێبی وایگوت زەردەشت دەڵێت(( من کەسێکم لەوانەی مزگێنی بەخشی هەورەبروسـکەم و خاڵێکی قورسـی نێو هەورم، بەڵام ناوی ئەو هەورە بروسـکەیە مرۆڤێکی باڵایە...))

گەرچی مردنی هەر کەسایەتییەکی مەزن بۆ خۆی ڕووداوێکە، گرنگ ئەوەیە ئەو کەسـایەتییە چەندە لە ژیاندا پارێزەری ماناو بەها پیرۆزەکان بوبێت، لە ئاوا بوونی ڕۆحیشیدا کۆکەرەوەی ئەو ماناو بەها بڵندانەیە کە گشت کەسایەتییەکان لە دەوری ئامانجێکی باڵای مرۆڤدۆستانەو نیشتمانی کۆدەکاتەوە..





## سوریا لەبەردەم سیناریۆ جیاوازەکاندا

# پێدەچێت واشنتۆن و برۆکسل چارەسەری کێشەکە رووبەڕووی ئەنکەرا بکەنەوە






**(( لە سـوریادا باوردۆخەکە بە بنبەسـت گەیشتووە، حکومەتی ئـەو وڵاتە سـەلماندی کە هیچ چارەسـەرێکی بۆ وەسـتاندنی ڕاپەڕینەکـە لا نییە.. دەرکەوت حکومەتی سـوریا لەوە لاوازترە کە ئێمە بیرمان لێدەکردەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوەش ڕوون بۆوە موعارەزە لە حکومەت لاوازترە. دوای نزیکەی چل سـاڵ لە نەبوونی سیاسەت لە سوریا، موعارەزە تا دوا ڕاددە دابەش بووە لە نێو خۆیدا و ناڕێکخـراوە. بۆ نموونە لە هەر کۆبونەوەیەکی موعارەزەی سوریا لە تورکیا، ئەوا ئەنجوومەنێکی جێبەجێکاری جیـاواز هەڵدەبژێرن. کەواتە تا ئێسـتا چەنـد ئەنجوومەنێکی جێبەجێکاریمان هەیە کە هەڵبژێردراون، یەکێکیان لە ئەنتالیا، ئەنجومەنێکی دیکە لە ئەستەنبول هەڵبژێردرا، کۆبوونەوەیەک لە**

### درێژبوونەوەی وەرزی هاوینی عەرەبی

ڕیچاردهـاس بەڕێوەبـەری پێشـووی سیاسـەتی پلاندانان لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاو سـەرۆکی ئێسـتای سەنتەری دیراسـاتی سـتراتیژی ئەنجومەنـی پێوەندییەکانـی دەرەوە( CFR) لـە وتارێکیـدا کـە ڕۆژی ٦ی تەمـموز بەناونیشـانی ( بەهاری عـەرەب بەرەو هاوێنێکـی گەرم و درێـژ دەڕوات )... The Arab Spring Has Given Way to a Long، Hot Summer) ڕاشـکاوانە ئاماژە بەوەدەکات، دوای تونس و میسرو بەحرێن و یەمەن و دواتریش لیبیا، ئێستا سوریا هاتۆتە ناوەندی گۆڕانکارییەکان، کە تائێستا زیاتر لەهەزار کەس کوژراون و بەسـەدان هەزار کەسـیش ژیانیان لەمەترسیدایە، هەربۆیە توندوتیژییەکانی سوریا ئاماژەیە بۆ ئەوەی بەهاری عـەرەب ملی هاوینێکی گەرم و درێژ دەگرێت و جیۆلیتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکپارچە بەرەو خراپتر دەڕوات، لەمـەش خراپتر هاس ئامـاژە بەوەدەکات سەرۆکی سوریا کە پەنای بۆ توندوتیژی بردووە، لەم هەنگاوەیدا شاز نییە، پێدەچێت سـەرکردەکانی دیکەی وڵاتانی عەرەبیش ئەگەر بکەونـە ژێر هەمان هەڕەشـەوە، جارێکی دیکە هیچیان هەمان شـێوازی موبـارەك و بن عەلی دووبـارە نەکەنەوە، لەبەرئەوەی چارەنووسـی ئەو دوو سەرۆکە سەلماندنی، براوە هەمووی دەباتەوە و دۆڕاو هەمووی دەدۆڕێنێـت، هەربۆیە بەهەموو شێوەیەك بەرگری لەخۆیان دەکەن.

هاس لەدرێژەی وتارەکەیدا ئاماژە بەچەند خاڵێـك دەکات، کە هیچیـان بۆ بونیادی دیموکراتی لـە وڵاتانی عەرەبی جێگەی ئومێد نین، ئەو خاڵانەش بریتین لە:

١- لەو وڵاتانـی عەرەبی دوو گرووپ هـەن زۆر ڕێکخراون و کارەکانی خۆیان بە ڕێکخراوی دەکـەن، یەکەمیان گرووپی ( سـوپا و هێزەکانی ئاسایشە) کە بەدەست دەسـەڵاتی دەوڵەتەوەن، دووەمیان گرووپی ئیسلامیە ئسوڵیەکانە کە ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن دەگێڕن.

٢- گرووپە سـکۆلارو عەلەمانییەکان، ئەگەر هەبن! لاواز و دابەشبوون، پێناچێت لەسـەر ئاسـتی ڕەهەندی کورت مەودا ئەم گرووپە سـکۆلارو لیبراڵانە، لەهیچ ململانێیەکـی سیاسـیی هەڵبژاردنـدا باڵادەسـت بن، ئەمەش ڕاشـکاوانە واتە، بەدیلی ڕژێمە دیکتاتۆرو سەرکوتکارەکان، ئیسلامیە ئوسوڵیەکان دەبن، یان ئەوان باڵا دەست دەبن.

٣- بـێ ئاکامـی بەهـاری عەرەبی دەریخسـت، لە نێوان سعودیە و ئەمریکادا بۆشـاییەکی گـەورە دروسـت بـووە، سـەرکردەکانی سـعودییە بەنیگەرانییەوە سەیری هەڵوێستی ئەمریکا دەکەن بەرامبەر ڕژێمی حوسنی موبارەك کە دوای ئەوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵ یەکێك بوو لە هاوپەیمانە نزیکەکانی ئەمریکا بەڵام پشـتی تێکرد، هەر بۆیە بڕیاری سعودیە بۆ دەستێوەردانی سـەربازی لـە بەحرێن، یەکێـك بوو لەو بڕیارانەی ئەمریکا پێی خۆش نەبوو.

٤- ئێران لە گۆڕانکارییەکانی دەوڵەتانی عەرەبی لەلایەك سوودمەند بوو، بەتایبەتی کە نرخی نەوت بەرزبووەو گەورەترین ڕژێمی ئەنتی ئێرانی کە میسـرە ڕووخا، هەروەها بووە هـۆکاری ئەوەی ئەو نەخشـەیەی ئەمریکا بۆ کشانەوەی هێزەکانی لە عێراق و ئەفغانسـتان داینابوو بـۆی جێبەجێ

**توندوتیژییەکانی سوریا ئاماژەیە بۆ ئەوەی بەهاری عەرەب ملی هاوینێکی گەرم و درێژ دەگرێت و جیۆپۆلەتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکپارچە بەرەو خراپتر دەڕوات**



**بەلجیکا ئەنجامـــدرا، کۆبونەوەیەکی دیکە لە ئەمەریکا دەکرێت. لەهەر جارێکدا سەرکردەی نوێ هەڵدەبژێردرێت... کوردەکانی ســوریاش دابەش بوون، نزیکــەی ١٤ بۆ ١٥ پارتی کــوردی هەن، هەنــدێ لایەنی کــوردی ئامــادەی گفتوگۆکردنە لەگــەڵ حکومەتی ســوریادا، هەندێ لایەنی دیکــە گفتوگۆکردن لەگــەڵ حکومەتــدا ڕەتدەکاتەوە. هەندێ لایەنیـــان موقاتەعەی کۆبونەوەکانی موعارەزە دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من دڵنیام زۆریک لە کوردەکانی ســوریا هەســتیان بەو ڕاستیە کردووە، کە لاوازبوون و پشــێوی ناو حکومەتی مەرکەزی سوریا، دەبێتە دەرفەتێک بۆبەرژەوەندی کوردەکان لەناوچەی جزیرەدا)).**

**جۆشۆ لاندیز بۆ گوڵان**

نەکرێت،بــەڵام بە دەســپێکردنی ئاڵۆزی لەســوریا ئێران زەرەری کردو لەمەش زیاتر گۆڕانکارییەکانی ســوریا بووە هۆکاری ئەوەی ســەرکردەکانی ئێران لەناو خۆیاندا دابەش بن.

٥- لەسەر ئاستی کێشەی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل، عەرەب –ئیسرائیل، باردۆخەکە بەرەو خراپتر چووە، ئێستا ئیسرائیل بەهیچ شێوەیەك ئامادەنییە سازش بکات، هەروەها ئەو گۆڕانکارییــە کتوپڕانەش لەناوچەکە ڕوودەدەن کارێکــی وایکردووە ســەرکردە عەرەبــەکان نەتوانن نەرمی بنوێنن و بەرەو ئاشتی هەنگاو هەڵبگرن.

٦- گرووپە تیرۆریســتیەکان بە تایبەتی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە، لەگەڵ ئەوەی هیچ پێوەندییەکی ڕاســتەوخۆی بــەو گۆڕانە کتوپڕانەوە نییە، بەڵام ئەوانیش تارادەیەکی زۆر ســوودمەندبوون، لەبەر ئــەوەی ئەو ڕژێمانەی کە پێشتر ئەزموونێکی زۆریان لە شــەڕی دژە تیرۆر و ئاشــکراکردنی تۆڕەکانی تیرۆریزمــدا هەبووە، یان لاواز بوون یان لابران.

**لە نێوان سعودیە و ئەمریکادا بۆشاییەکی گەورە دروست بووە. سەرکردەکانی سعودییە بەنیگەرانییەوە سەیری هەڵوێستی ئەمریکا دەکەن لە بەرامبەر ڕژێمی حوسنی موبارەك**

ئاماژەکردن بەم خاڵانە، بەو مانایە نییە ئــەوەی لەناوچەکە ڕوویداوە بایەخی نییە، بەڵکو پێویســتە پەند لەو گۆڕانکارییانە وەربگیرێــت و هەوڵبدرێت بەشــێوازێکی لۆژکیانــە باردۆخەکــە بــۆ بەرژەوەندی دیموکراتی و خۆشــگوزەرانی گەلەکانیان کۆنترۆڵ بکرێتەوە، سەبارەت بەچۆنییەتی هەنــگاوەکان بۆ ئایینــدە، ریچارد هاس خاوەنی بیرۆکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ، ئاماژە بەم هەنگاوانە دەکات:

- پێویستە ریفۆرمی سیاسیی گەشەی پێبدرێت و بەشێوەیەکی لەسەرخۆ و هەنگاو بەهەنگاو بێت.
- پێویســتە دەســتووری ئــەو وڵاتانە جارێکــی دیکــە بنووســرێتەوە، هەروەك چــۆن دوای ڕووخانــی ڕژێمی ســەدام حوســێن عێراقییەکان دەستوورێکی تازەیان سەرلەنوێ نووسیووەو پەسەندیان کرد.
- پێویستە دەسەڵاتەکان دابەش بکرێت و سیستمی چێك و بالانس پیادەبکرێت.

کەواتــە بەهەڵوەســتەکردن لەســەر بۆچوونەکانــی ریچــارد هــاس، جۆرێك لەدیــوی نــاوەوەی سیاســەتی ئەمریکا بەرامبــەر گۆڕانکارییەکانــی وڵاتانــی عەرەبی و ســوریا بەتایبەتــی دەتوانرێت بخوێنرێتــەوە، بەتایبەتــی کــە وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕاشــکاوانە ڕایگەیاند (مانەوەی ڕژێمی ســوریا هیچ ســوودێکی نییە و هەموو شەرعیەتیکی لەدەستداوە) ئەمەش مانای ئەوەیە کە سیاسەتی ئەمریکا بە شێوەیەکی ڕیشــەیی بەرامبەر سوریا گۆڕاوەو ئێستا سوریا لە هەوڵی ئەوەدایە بە هەماهەنگی لەگــەڵ یەکێتــی ئەورپــا ڕێوشــوێنی هەنگاوی پێویست بۆ ڕووبەڕوونەوەی ئەم کێشەیە وەربگرێت.

**ئەنکەرا سیاسەتی خۆی بەرامبەر دیمەشق دەگۆڕێت**

لەگــەڵ ئــەوەی هەمــوو لایــەك بە دەوڵەتانی دراوســێی و یەکێتــی ئەوروپاو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشــەوە، بەنیگەرانییەوە لەباردۆخی سوریا دەڕوانن، کەوتوونەتــە دووڕیانێکەوە کــە نە دەتوانن کارێك بکەن ڕژێمەکەی بەشــار ئەســەد دەست لەشاڵاوە توندوتیژییەکانی هەڵبگرێت و دەست بکات بە ریفۆرمێکی پراکتیکی و ریشەیی، نەدڵنیاشن لەوەی دوای نەمانی ڕژێمەکەی ئەسەد ئاژاوە

له ناو سوریا دروســت نەبێت، سەبارەت بەم نیگەرانیە پرســیارمان لە پرۆفیسۆر ســتیڤن زۆنەس کرد، ئوستادی پێوەندییە نێو دەوڵەتییەکان سەرۆکی پرۆگرامەکانی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی سانفرانسیســکۆ، ســەبارەت بەم لایەنە لە

**لە وڵاتانی عەرەبیدا دوو گرووپ هەن، هەردوو ڕێکخراون، یەکەمیان گرووپی( سوپا و هێزەکانی ئاسایشە) کە بەدەست دەسەڵاتی دەوڵەتەوەن، دووەمیان گرووپی ئیسلامیە ئسوڵیەکانە کە ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن دەگێڕن**

ئاخاوتنێکــی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە لەسەر ئەم پرسە دواو وتی: (نیگەرانییەکە لەوەوە ســەرچاوەی گرتــووە، ئەگەرچی ڕژێمی سوریا لەسەر چەند مەسەلەیەك لە ناکۆکیدایە لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا، بەڵام ســوریا بەشێوەیەکی گشتی ڕەمزی ســەقامگیری بووە، لەبەرئەمە نیگەرانی ئەوە هەیە ناسەقامگیری و ناکۆکی تائیفی ســەرهەڵبدات کە بپەڕێتــەوە بۆ وڵاتانی دیکــە. بە بۆچوونی مــن تاوەکو ڕژێمی ئەســەد زیاتر لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، ئەوا ئەگەری ناســەقامگیری دوای ڕووخانی ڕژێمەکە گەورەتر دەبێــت، بە پێچەوانەوە تاوەکو زووتر باروودۆخەکە چارەســەربکرێت و کرانەوەو فرەیی لە کۆمەڵگەدا بێتەئاراوە، ئەوا سەقامگیری ناوچەییش باشتر دەبێت. لەبــەر ئەوەی ئەگەرچــی وەرچەرخان لە دیموکراســییەوە بەرەو دیکتاتۆری ڕەنگە مایەی گیروگرفت بێت لەمەودای نزیکدا، ئــەوا لە مــەودای دووردا دیموکراســی بەرەوپێشچوونی زیاتری لێدەکەوێتەوە.))

بۆچوونەکانی پرۆ فیســۆر زۆنەس بەو ئاراستەیەن کە نابێت چیدیکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی دراوســێی سوریا ڕۆڵی تەماشــەکەر بگێــڕن، لەبەرئەوەی چەنــد ئەم بارودۆخە بەم شــێوەیە بەردەوام بێــت، ئــەوا دواتــرو دوای نەمانی ئەم ڕژێمەی ئێستا بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێت و مەترسی شەڕی تائیفی و ناسەقامگیری زیاتر دەبێــت، بۆیە لەمبارەوە پرســیاری ســەرەکی ئەوەیە ئایا پێویستە چی بکرێت باشــە، بۆ ئەوەی هەم گۆڕانکاری بکرێت و هەمیــش توندوتیژی دژی هاووڵاتیانی سوریا پیادەنەکرێت؟ هەردوو پرۆ فیسۆری ناودار ســۆنەر چاغیاتــای بەڕێوەبەری دیراساتی تورکیا لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاســەتی ڕۆژهەڵاتی نزیك و ئەندرۆ تالبەر بەڕێوەبەری ئامــۆژگای ناوبراو و تۆژەر لەسەر سیاسەتی عەرەبی و خاوەنی کتێبــی (وەکری ئەســەد - Assad's Den )، لــە وتارێکــی هاوبەشــیاندا بەناونیشــانی(چۆن واشــنتۆن دەتوانێت بەهاوکاری لەگەڵ تورکیا کار لەسەر سوریا بکات) جەخت لەوە دەکەنەوە بەوەی پێویستە واشــنتۆن لەگەڵ تورکیاو هاوپەیمانەکانی کار بۆ ئەم دوو ئەرکە سەرەکییە بکەن:

١- هەوڵەکان بەو ئاراستەیە بن ڕێگە لە ڕژێمی ئەســەد بگرن لە سەر شاڵاوەکانی دژی خۆپیشاندەران بەردەوام بێت.

٢- واشــنتۆن لەگــەڵ تورکیــا و هاوپەیمانەکانــی خۆیــان ئامادە بکەن بۆ قۆناخــی دوای نەمانی ڕژێمی ئەســەدو بەرنامە دابنێن بۆ ئەوەی دوای نەمانی ئەو ڕژێمە ئاژاوە توندوتیژی دروست نەبێت.

**دابەشبوونەکانی ناو موعارەزە**

ئەوەی چاغتایی و تالبەر پێشــنیاریان کردووە، لەکاتێکدایە کە حکومەتی ئەنکەرا پێوەندی لەیەك کاتــدا لەگەڵ حکومەتی ســوریا هەیە و لەهەمانکاتیشــدا ئەوە بۆ چەندەمین جارە موعارەزەی ســووری لە تورکیا کۆدەبنەوە، بــەڵام لەبەرامبەر ئەم حاڵەتە هەردوو پرۆ فیسۆر پێیان وایە، ڕاستە لەماوەی ١٠ ســاڵی ڕابردوو پێوەندییەکی فــراوان و بــێ وێنە لەنێوان دیمەشــق و ئەنکــەرا هەبووە، بــەڵام ڕەفتارەکانی ئەم دواییەی ڕژێمی ئەسەد و ڕەوکردنی خەڵك بۆ ناوخاکی تورکیا، لەلایەك تورکیای بێ ئومێد کــردووە، لەلایەکی دیکە تورکیای

**ئەمریکا ڕاشکاوانە ڕایگەیاند، مانەوەی ڕژێمی سوریا هیچ سوودێکی نییە و هەموو شەرعیەتێکی لەدەستداوە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە سیاسەتی ئەمریکا بە شێوەیەکی ڕیشەیی بەرامبەر سوریا گۆڕاوە**

ترســاندووە بــەوەی کۆڕەوێکــی گەورە ڕووبــدات و لەمیانەی ئەو کۆڕەوەشــەوە خەڵکی تیرۆریســت دزە بکەنە ناو تورکیا و کارەســاتێك لەناو تورکیا دروست بکەن، هەربۆیە ئــەم حاڵەتە وایکردووە کە تورکیا هەڵوێســتی خۆی بگۆڕێــت و زیاتر لە دیمەشــق دووربکەوێتــەوەو لە واشــنتۆن نزیکبێتەوە، ئەم هەڵوێست نزیکبوونەوەیەی نێوان ئەنکەرا و واشــنتۆن لەســەر پرسی ســوریا، وایکــردووە واشــنتۆن کاتێــك بەنیگەرانییەوە سەیری بارودۆخی ئاڵۆزی ســوریا دەکات، لەهەمانکاتدا هەســت بە ئارامیەکیش بکات، کە دۆستێکی گرنگی هەیە ئەویش ئەنکەرایە.

کەواتە ئەوەی پسپۆران ئاماژەی پێدەکەن لەو خاڵەدا خۆی چڕدەکاتەوە کە چارەسەری کێشەکان لە سوریا بەبێ بەست گەیشتووە، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە پرۆ فیسۆر جۆشۆ لاندیز کرد، کە ئوستادی سیاسەتی

**هێشتا موعارەزەی سوریا نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی بتوانن ڕژێمی سوری بڕوخێنن. لەلایەکی دیکەشەوە ڕاستە بە ژمارە زۆرن، بەڵام لەبەر ئەوەی لەناوخۆیاندا دابەش بوون‌ئەوا لە ڕووی سیاسییەوە لاوازن**

ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت و بەڕێوەبــەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لەزانکۆی ئۆکلاهۆماو هەروەها تایبەتمەندە لەســەر سیاسەتی ســوریا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە وەڵامی پرسیارەکەی گوڵاندا پرۆ فیســۆر لاندیز بەمجــۆرە ڕای خۆی دەربڕی و وتی: (لە ســوریادا باروودۆخەکە بە بنبەســت گەیشــتووە، حکومەتی ئەو وڵاتە سەلماندی هیچ چارەسەرێکی نییە بۆ وەســتاندنی ڕاپەڕینەکــە. حکومەت زەبروزەنگی بەکارهێنــا، بەڵام ئەمە تەنیا بووەهــۆی خراپتربوونــی بارودۆخەکــە، ئەوەی بارودۆخەکەشــی ئاڵۆزتــر کردووە ئەوەیە، تا ئێستــا هیــچ ئاماژەیەك نییە بــەوەی ســوپای وڵاتەکە ئینشــیقاقی تێکەوتــووە، یــان هیچ ئاماژەیــەك نییە بەوەی کەرتبوون لە حکومەتدا ڕوویدابێت،

هەندێ هەڵگەڕانەوە روویدا لەسەر ئاستەکانی خوارەوە، بەڵام ئەوانە هێندە گرنگ نین، تا ئێستا هیچ کەسایەتێکی باڵای وڵاتەکە، چ کەسایەتی سیاسی و چ کەسایەتی سەربازی لە ڕژێمەکەی هەڵنەگەڕاونەتەوە، هیچ باڵیۆزێك، هیچ یەكێك لە بەرپرسەکانی نووسینگەکانی کاروباری دەرەوە وازیی نەهێناوە، کە پێشبینی دەکرێت ئینشیقاق لەمانەوە دەست پێبکات، واتە ئەو بەرپرسانەی لە دەرەوەن، هیچ شتێك لەمە روونەداوە، واتە حکومەت بە یەکگرتوویی ماوەتەوە، تاوەکو حکومەتیش بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، ئەوا زۆر زەحمەتە موعارەزە بتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، هەربۆیە جارێ باردۆخەکە روون نییە، گۆڕانی ڕژێمەکە وەك ئەگەرێکی دوور دەردەکەوێت، هەروەها هێشتا ئاراستەی موعارەزە روون نییە، ئایا موعارەزەیەکی لیبراڵی دەبێت و مەیلی

**تورکیا وێڕای ئەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ دیمەشق نەپچڕاندووە، بەڵام هاوکاری موعارەزە دەکات ئێستا دیراسەتی چەند سیناریۆیەك دەکات و خۆی بۆ ئەگەرە فرە ڕەهەندەکان ئامادەدەکات**

ڕۆژئاوایی دەبێت، یان موعارەزەیەکی ئیسلامی و دژە ئیسرائیل و دژە ڕۆژئاوایی دەبێت یان ئایا دابەش دەبن لە نێو خۆیانداو وڵاتەکە دووچاری شەڕی ناوخۆیی دەبێت، کە لەم حاڵەتەدا وڵاتە دەرەکییەکان هەوڵی کاریگەربوون دەدەن بەسەر باردۆخەکەدا و پشتیوانی لایەنە جیاوازەکان دەکەن. لەبەر ئەوە ئێمە نازانین و روون نییە ڕەوتی رووداو و بەرەوپێشچوونەکان چۆن دەبێت و چ بەدیلێك تەبەنی دەکرێت، لەبەر ئەوەی موعارەزە دابەشبوونێکی زۆری تێدایە. ))

**دانانی سیناریۆ ئەگەری فرە ڕەهەند**

ئەوەی پرۆ فیسۆر جۆشۆ لاندیز وەك پسپۆڕو تایبەتمەندێکی نێودەوڵەتی لەسەر سیاسەتی سوریا دەیڵێت، ئەوە راستییە کە دەوڵەتە دراوسێکانی سوریا، بەتایبەتی تورکیا کە پێوەندیەکی باش و بەرژەوەندییەکی بەرفراوانی ئابوری و بازرگانی لەگەڵ سوریا هەیە، باش لێی ئاگادارن، هەربۆیە تورکیا بایەخێکی گرنگ بەم پرسە دەدات و وێڕای ئەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ دیمەشق نەپچڕاندووە بەڵام هاوکاری موعارەزەی سوریا دەکات و زیاد لەمەش وەك هەردوو پرۆ فیسۆر سۆنە چاغپتای و ئەندرۆ تالبەر ئاماژەیان پێکردووە، ئێستا تورکیا دیراسەتی چەند سیناریۆیەك دەکات و خۆی بۆ ئەگەرە فرە ڕەهەندەکان ئامادەدەکات کە بەمجۆرە ئاماژەیان پێکردووە:

١- تورکیا دەزانێت هەموو تێکچوونێکی باری ئاسایش و نەمانی نیزام لە سوریا لەچەند روویەکەوە زیان بەبەرژەوەندییە ئابووری و بازرگانییەکان و هەروەها هەرەشەش لەسەر ئاسایشی تورکیا دروست دەکات، بەتایبەتی کە شاری حەلەب هاوسنوورە لەگەڵ تورکیا و زیاتر لە ٣ ملیۆن هاووڵاتی لێ دەژی بۆیە ئەگەر بارەکە گەیشتە ئەوەی لەدەست دەرچوو، ئەوا لەوانەیە کۆڕەوێکی ملیۆنی روو لەتورکیا بکات، هەربۆیە تورکیا لە ئێستاوە دیراسەتی ئەوە دەکات چۆن بتوانێت لەناو خاکی سوریا ناوچەیەکی ئارام ( Buffer zone) دروست بکات، دروستکردنی ئەم ناوچەیەش پێویستی بە هاوکاری بڕیارێکی نەتەوەیەکگرتووەکان یان پشتگیری ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا هەیە، ئەم سیناریۆیە بۆ ئەوەیە تورکیا لە دەستێوەردانی سەربازی خۆی دووربخاتەوەو هەروەها ڕێگەش نەدات ئەو هەموو ئاوارەیە رووبکاتە ناو تورکیاوە، بەمەش حکومەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان وەك حکومەتێك خاوەنی هێزێکی گەورەی نەرم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەردەکەوێت.

٢- ئێستا لەنێوان تورکیا و سوریادا ناوچەی بازرگانیی ئازاد هەیە، ناوچەی

**ئیسرائیل و ئەمریکا و سعودیە پێکەوە هاوکاری یەکتر دەکەن بۆ لاوازکردنی نفووزی ئێران لە ناوچەکەداو نەمانی ڕژێمی ئەسەد لە دەسەڵاتدا**

هاتای کە لە ساڵی ١٩٣٩ بەریفراندۆم دراوە بە تورکیا ئێستا ناوچەی بازرگانی ئازادە لەنێوان هەردوولادا، لەبەرئەوەی ئەو کەلوپەلانەی لەو ناوچە ئازادە هەن زۆربەی کەلوپەلی تورکین و دەچنە ناو سوریاوە، بۆیە حکومەتی سوریا سوودێکی هێجگار

**کوردەکانیش دابەش بوونە. نزیکەی ١٤ بۆ ١٥ پارتی کوردی لە سوریا هەن. هەندێ لایەنی کوردی ئامادەی گفتوگۆکردنە لەگەڵ حکومەتی سوریادا. هەندێ لایەنی دیکە گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەتدا ڕەتدەکاتەوە. هەندێ لایەنیان موقاتەعەی کۆبوونەوەکانی موعارەزە دەکەن**

زۆر لە باجی گومرکی ئەو ناوچە ئازادە وەردەگرێت، هەربۆیە ئەگەر تورکیا پەنا بۆکارتی گوشاری گەمارۆی ئابووری ببات ئەوە ئەو لایەنەی کە زۆرترین زیانی پێدەکەوێت حکومەتی سوریا دەبێت و دەبێتە هۆکاری ئەوەی سوریا نەتوانێت پێداویستیەکانی سوپاو هێزەکانی ئەمنی تایبەت دابین بکات و لەم حاڵەتەشدا وەك پێویستە سوپا و ئەمن وەفادارییان بۆ حکومەتی سوریا گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

٣- تورکیا هەر لەسەر ئاستی بازرگانی و ئابووری پێوەندییەکی ئابووری بەرفراوانی لەگەڵ سوریا، بەشی سەرەکی کە لەم پێوەندییە بازرگانی و ئابوورییە سوودمەندە، چینی ناوەند و چینی باڵای سوریایە، ئەم دووچینەش کە تا ئێستا بێدەنگن و کاردانەوەیان بەرامبەر ڕژێمەکەی ئەسەد نییە، ئەگەر تورکیا پەنا بۆ ئەم کارتە بەرێت، ئەوانیش لە ڕژێمەکەی ئەسەد هەڵدەگەڕێنەوە.

٤- تورکیا دەیەوێت پێوەندییەکانی لەگەڵ سوریا بەردەوام بێت و سیاسەتی نەبوونی کێشە لەگەڵ دراوسێکان لەگەڵ سوریاشدا درێژەی هەبێت، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە کە پێوەندی دەوڵەتی تورکیا لەگەڵ دەوڵەت و گەلی سوریایە، تورکیا هەوڵیداوە پێوەندی لەگەڵ موعارەزەی سووری کارابکات و ئامادەیان بکات بۆ ئەوەی لەکاتی ڕۆیشتنی ڕژێمی ئەسەددا

کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکرێت و ئاژاوەو شەڕی مەزهەبی دروست نەبێت.

ئەوەشی زیاتر لەم باردۆخەدا ڕۆڵی تورکیای لە هاوکێشەکەدا گەورەتر کردووە ئەوەیە، تورکیا توانی لەهەڵوێستی بەرامبەر لیبیا جێگەی دەستی خۆی بە ئاستێك دیاری بکات، کەوەك سەرچاوەکان ئاماژەی پێدەکەن ئۆباما داوای لە ئەردۆگان کردووە، گۆڕانکاری لەهەڵوێستی حکومەتی تورکیا بەرامبەر لیبیا بکات و چاوی پێدابخشێنێتەوە، بەڵام ئەم چاوخشاندنەوەیە وەك پسپۆران ئاماژەی پێدەکەن گرێدەدرێتەوە بەو هەوڵانەی ئەمریکا کە بەهاوکاری لەگەڵ یەکیتی ئەوروپا لەگەڵ تورکیا بۆ چارەسەری کێشەی سوریا دەیگرنە بەر.

**سیاسەتی ئەقلیمی بەرامبەر سوریا دابەش دەبێت**

پێش ئەوەی باردۆخی سوریا بگاتە ئەو ئاستەی هەموو لایەك نائومێد بن لە چارەسەری ئاشتیانە، سیاسەتی ئیقلیمی و دراوسێکانی سوریا بەو جۆرە بوو کە مانەوەی ڕژێمی سوریا باشترە لە گۆڕینی، بەڵام ئێستا خەریکە باردۆخەکە بەرەو ئەو ئاراستەیە دەچێت کە تەنیا ئێران بەشێوەیەکی تایبەتی لەسەر مانەوەی ڕژێمەکەی ئەسەد سوور بن و وڵاتانی دیکە گۆڕانکارییان لەهەڵوێستی خۆیان کردووە، سەبارەت بە هەڵوێستی دەوڵەتانی دراوسێ و سیاسەتی ئەقلیمی بەرامبەر سوریا، پرسیارمان لە پرۆفیسۆر جۆل میگداڵ ئوستادی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی واشنتۆن کرود لەوەڵامدا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەبڕی و وتی :

(ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە، بە دڵنیاییەوە دەوڵەتە دراوسێکان هەڵوێستی جیاوازیان هەیە. ئەوەی پێوەندی بە ئیسرائیلەوە هەبێت ئەوا زەحمەتە بزانین بۆچی ئەمە هەڵوێستی ئیسرائیلە و بۆچی تەفزیلی مانەوەی ڕژێمی ئێستای سوریا دەکات، ڕەنگە هۆکارەکە ئەوەبێت بۆ ماوەیەکی دوورودرێژە، بەلای کەمەوە بۆ ماوەی ٢٥ ساڵە لەگەڵ سوریادا دووچاری شەڕ نەبوونە و ئێستاش ناسەقامگیری لەو وڵاتەدا ڕەنگە دوو دەرئەنجامی لێبکەوێتەوە. ئەگەری یەکەمیان ئەوەیە ڕژێمی سوریا هەوڵی سەرقاڵکردنی خەڵکەکەی بدات بەهۆی دروستکردنی دۆخێکەوە لەگەڵ ئیسرائیلدا. ئەگەری دووەم ئەوەیە ئەگەر ڕژێمەکە ڕووخا ئەوا کەس نازانێت چی ڕوودەدات و ئەو ماوە دوورودرێژەی سنوورەکان شەڕیان بەخۆیانەوە نەبینی، ڕەنگە دۆخی دوای ڕووخانەکە سەربکێشێت بۆ دروستبوونی شەڕ لەسەر ئەو سنوورانە. ئەمە ترس و نیگەرانی ئیسرائیلە کە من پێم وایە ترس و نیگەرانییەکی بێ بناغەیە. ئەوەی پێوەندی بە تورکیاوە هەبێت ئەوا تورکیا لە ماوەی ١٥ ساڵی ڕابردودا زۆر باش پەرەی بە پێوەندییەکانی لەگەڵ سوریادا، بە تایبەتی

**ستیڤن سۆنەز بۆ گوڵان:**



**هەرگیز ڕژێمی سوریا وەک ئێستا شەرعیەتی لاواز نەبووە، موعارەزەش لە ناوخۆیاندا دابەشبوون و لەڕووی سیاسییەوە لاوازن و ناتوانن ڕۆڵی کاریگەر بگێڕن**

لە دوای ئەوەی سوریا پاڵپشتی خۆی بۆ پەکەکە وەستاند، هەروەها حکومەتی تورکیا ویستی پشتیوانی ڕژێمی ئێستای سوریا بکەن، بەڵام دوای ماوەیەك هەستیان کرد ناتوانن چیتر پشتیوانی بکەن، لەبەر ئەوە دەستیان کرد بە ڕەخنەگرتن لە ڕژێمی سوریا. لە پێوەندیدا بە ئێرانەوە، ئەوا سوریا هاوپەیمانێکی زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی ئێرانییەکان زۆر مولتەزیمن بە پاراستنی ڕژێمی ئێستای سوریاوە، سوریا بەشێکی گرنگی بەرژەوەندییەکانی ئێرانە لەو ناوچەیەدا).


بەڵام پرۆفیسۆر نۆرما کلێر مۆرزوزی ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی ئیلینیز لە شیکاگۆ، گۆڕینی هەڵوێستی تورکیا بە وەرچەرخانێکی گرنگ لە کێشەی سوریا دەزانێت و پێی وایە ئەو گۆڕانکارییە بۆ گەلی سوریا بەسوود دەبێت و لەم بارەیەوە و لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان خاتوو نۆرما بەمجۆرە لەسەر ئەم پرسە هەڵوێستەی کردوو وتی:

(لەم مەسەلەیەدا ئەوەی شایستەی ئەوەیە بایەخی پێ بدرێت بریتیە لە هەڵوێستی تورکیا، لەبەر ئەوەی تورکیا پێوەندی زۆر باش و زۆر نزیکی هەبوو لەگەڵ سوریا و هەوڵی نەدەدا ڕەخنەی زۆر بگرێت، بەڵام دواتر نائومێد بوو لە ڕەفتارەکانی حکومەت و لە کاردانەوەی حکومەتی سوریا لە ئاست خەڵکدا. لەبەر ئەوەی ئێستا هەوڵی خۆبەدوورگرتن دەدات لە حکومەتی سوریا. هەڵوێستی تورکیا جێی سەرنجە، لەبەر ئەوەی تورکیا وڵاتێکی موسڵمانی دیموکراتیە و پێوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانی ناوچەکەدا لە ژێر کاریگەری تێگەیشتنی جەماوەری و بە دڵنیاییەوە حکومەتیشەوەیە، لەبەر ئەوەی بەرپرسەکانی حکومەت تەنیا شوێنکەوتووی مەیل و ئاراستە جەماوەرییەکان نین، بەڵام باش لە هاوسۆزی خەڵك تێگەیشتن و خۆیان وەك هاوسۆزی ئەو دەستپێشخەری و جووڵانەوە دیموکراسیانە پیشان دەدەن کە لە دەوروبەریاندا ڕوودەدەن، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە تورکیا ئەوەندە هاوسۆزبووە لەگەڵ ڕاپەڕینی دیموکراتیانەی خەڵکی سوریادا. لە کاتێکدا ئێران سوریا بە هاوپەیمانێکی بەهێز و تەنانەت ڕەنگە بە تاکە هاوپەیمانی بەهێزی خۆی بزانێت لە ناوچەکەدا. لەبەر ئەوە ئێران هەوڵدەدات پێوەندی باشی لەگەڵ حکومەتی سوریادا هەبێت، بۆ بەدبەختی ئێران ئەزموونی هەیە لە سەرکوتکردنی خۆپیشاندەرە جەماوەرییەکان لە ماوەی دو ساڵی ڕابردودا کە لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە سەریانهەڵدا، لەبەر ئەوە ئێران حاڵی خۆی لە دۆخی حکومەتی سوریادا دەبینێتەوە. ئیسرائیلیش وڵاتێکە لەسەر ئاستی ناوخۆیی وڵاتێکی دیموکراسیە، بەڵام کێشەو گرفتی هەیە، لەسەر ئاستی ناوخۆ لەگەڵ کەمینەی ئاینییەکان، وەك موسڵمان و مەسیحیەکان، لەگەڵ کەمینەی ئیتنیش وەك عەرەبەکان. لە هەمان کاتدا ئەگەرچی ئیسرائیل پێوەندیی خراپی لەگەڵ سوریادا هەبووە، بەڵام سنوورەکان سەقامگیر بوونە و

ئێستاش رەنگە نیگەرانییەکە ئەوەبێت ئەگەر حکومەتێك لە سوریادا بێتەسەر کە زیاتر خواستی خەڵکەکە لەبەرچاو بگرێت ئەوا زۆر زەحمەت دەبێت بتوانن مامەڵەی لەگەڵدا بکەن. لەبەر ئەوە بە چەشنی ئێران تەفزیلی مانەوەی حکومەتێك دەکەن کە دەزانن چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، لەبەری ئەوەی خۆیان لەگەڵ رژێمێکی دیموکراتیدا تاقیبکەنەوە، ئەمەش مایەی بەدبەختیە.))

بەڵام پرۆفیسۆر جۆشۆ لاندیز کە زیاتر ئاگاداری بارودۆخەکەیە سەبارەت بە گۆڕانکارییەکان لە هەڵوێستە ئیقلیمیەکاندا، لە درێژەی لێدوانەکەیدا ئاماژە بەوەدەکات کە ئێستا ئیسرائیل هەڵوێستی خۆی گۆڕیوە و ئەویش ئێستا کۆتایی هاتنی رژێمی ئەسەد وەك پێویستیەك سەیر دەکات و لەمبارەوە بە گوڵانی راگەیاند: (بە تێڕوانینی من حکومەتی ئێران پشتگیری رژێمی ئەسەد دەکات، واتە خوازیاری کۆپیەکی خۆیەتی، تورکیا خوازیاری حکومەتێکی سوننەی دیموکراسییە لە سوریادا بێتەسەر دەسەڵات. عێراق، بە شێوەیەکی روو لە زیاد دەبێتە هاوپەیمانی ئێران، هاوکاری ئێران دەکات لە پێناو پشتیوانیکردنی بەشار ئەسەد و پاراستنی هاوپەیمانێتیەکەی، ئەمەش خۆی لە رێککەوتنی نەوت و پلانی راکێشانی بۆری غازدا دەبینێتەوە. بە دڵنیاییەوە سعودیە لە هەوڵی پارسەنگدانەوەو بەرهەڵستیکردنی نفوزی ئێرانە لە سوریا و عێراقداو بیرۆکەی ئەوەی ئاراستەی هاوپەیمانێتی و هاوکاری عێراق زیاتر بەلای ئێراندا دەڕوات و وڵاتەکە شیعەکان بەڕێوەی دەبەن، بۆتە هاجسی سعودیە. سعودیە لە رێی هاوکاریکردنی سوننەکانی سوریاوە بۆ ئەوەی لەلایەن سوننەکان بەڕێوەببردرێت، کار بۆ بەرهەڵستیکردنی ئەم دەسترۆیشتوویەی ئێران دەکات. لەم روانگەیەوە سعودیە هاوکاری موعارەزەی سوریا دەکات. ئیسرائیلیش هەمیشە لە هەمان بەرەدا بووە، ئیسرائیل و ئەمەریکا و سعودیە پێکەوە هاوکاری دەکەن بۆ لاوازکردنی نفوزی ئێران لە ناوچەکەدا. راستە لە سەرەتادا هەندێ لە بەرپرسە باڵاکانی ئیسرائیل لێدوانیان دا و باسیان لەوەکرد شەیتانێکی ناسراو باشترە لە شەیتانێك کە نایناسین. بەڵام لە ماوەی سێ مانگی رابردودا ئیسرائیل هەڵوێستی زۆر روون بوو و رایگەیاند پشتگیری رژێمی بەشار ئەسەد ناکات و خوازیاری گۆڕانی ئەو رژێمەیە، دوێنێ سەرۆکی ئیسرائیل، شیمۆن پیریز رایگەیاند کاتی رۆیشتنی بەشار ئەسەد هاتووە. لەبەر ئەوە پێم وایە ئیسرائیل پەرۆشی بینینی کۆتایی هاتنی رژێمی ئەسەدە و کۆتایی هاتنی نفوزی ئێرانە لە سوریا، بە ئومێدی تێکشکاندنی حزبوڵڵا بەوەی لە ئێرانی داببرێت.))

جۆشۆ لاندیز بۆ گوڵان:



**لایەنەکانی موعارەزەی عەرەبی سوریا بۆ نموونە لە دوایین کۆبوونەوەیان لە ئەستەنبوڵ، ئیعترافکردنیان بە مافی کوردەکانی سوریا رەتکردووە**

### موعارەزەی سوریا جێگەی ئومێد نین تائێستا هەڵوێستیان بەرامبەر کورد روون نییە

گەورەترین کێشەی ئێستای سوریا ئەوەیە موعارەزەی سوریا یەکگرتوو نین، تەنانەت کوردەکانی سوریاش بە هاوشێوەی کوردەی پارچەکانی دیکە کاریگەر نین، لەم بارودۆخەکە کە هەموو ئاماژەکان بۆ ئەوەن دوای رووخان یان لابردنی رژێمی ئەسەد بارودۆخەکە لەدەست دەربچێت، بۆیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی دراوسێ لەهەوڵی ئەوەدان کە بەدیلێکی گونجاو هەرچۆنێك بێت دروست بکەن، بۆ ئەوەی بارودۆخی سوریاش وەك بارودۆخی عێراقی دوای رووخانی رژێمی بەعسی لێنەیەت، هەربۆیە پەرتەوازیی موعارەزەی سوری و نەبوونی هەڵوێستی روون و ئاشکرایان بەرامبەر بە کورد لە سوریا، موعارەزەی کوردی سوریای خستۆتە دوورپانێکەوە یان نەتوانێت بەتەواوەتی بڕیاری خۆی بدات، سەبارەت بەم پرسە گرنگە پرۆفیسۆر ستیڤن زۆنەس لە درێژەی لێدوانەکە بۆ گوڵان و سەبارەت بەم لایەنە بە گوڵانی راگەیاند: (هەرگیز رژێمی سوریا وەك ئێستا شەرعیەتی لاواز نەبووە، ئەویش تا رادەیەکی گەورە لەبەر کوژرانی ئەو ژمارە زۆرەی خۆپیشاندەرانە لەسەر دەستی رژێمی سوریا. لە هەمان کاتدا هێشتا رژێمی سوریا لە دەسەڵاتدایە، پرسیار ئەوەیە ئایا موعارەزە پشتیوانییەکی بەرفراوان دەکرێت؟ لەبەر ئەوەی هێشتا موعارەزە لەو دۆخە نزیك نەبۆتەوە کە بتوانێت رژێمی سوری بڕوخێنێت. موعارەزەی سوریا بە ژمارە زۆرن، بەڵام لەبەر ئەوەی لەناوخۆیدا دابەش بووەو بەرەیەکی یەکگرتووی دروست نەکردووە، ئەوا لە رووی سیاسییەوە لاواز بووە. کەواتە روون و ئاشکرایە کە دەبێت موعارەزە زیاتر یەکگرتوو بێت و جیاوازیەکانیان بخەنەلاوە و بەرەیەکی یەکگرتوو دروست بکەن. ئەم دابەشبوونانە شتێکی نائاسایی نین، چونکە ئێمە ئەمەمان لە ئەورووپای رۆژهەڵات بینی، لە تێکۆشانی دژی رژێمە کۆمۆنیستیەکان، ئەم حاڵەتەمان لە ئەفریقیای باشوور، لە ئەمەریکای لاتین بینی، واتە لە زۆرێك لە خەبات و تێکۆشانەکان لە پێناوی دیموکراسیدا ئەم حاڵەتەمان بینی، واتە ئەمەش شتێکی نائاسایی نییە لە سوریادا، لە هەمان کاتدا ئەوەشمان بینیوە، هەر کاتێك موعارەزە زیاتر یەکگرتوو بووە و هەر کاتێك جیاوازیەکانی خستۆتە لاوە، ئەوا ئەگەری سەرکەوتنیان زیاتر بووە، سەبارەت بە کوردەکانی سوریاش من پێموایە بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ بەرەوپێشچوونی دیموکراسیدا، رێزگرتن لە مافی کەمینە ئیتنییەکان زیاتر دەبێت، لەم روانگەیەوە کوردەکانی سوریا دەبێت پشتگیری جووڵانەوە دیموکراتیەکەی ئەو وڵاتە بکەن، ئەگەرچی هەڵوێستێکی روونیشی نییە لە ئاست پرسی کورددا، لەبەر ئەوەی پێیان وایە ئەمە لە بەرژەوەندی ئەوانداییە، چونکە هەروەك ئاماژەم پێکرد، تاوەکو کۆمەڵگە زیاتر بەرەو کرانەوە و

نۆرما کلێر مۆرۆزی بۆ گوڵان:



# ڕژێمی سوریا هێزی سەربازی تەواوی نییە بۆ کۆنترۆڵی تەواوی وڵاتەکە، بەڵام ئەوەش روونە ئەم ڕژێمە ئامادەی بەکارهێنانی زەبروزەنگە لە پێناو مانەوەی لە دەسەڵاتدا



فرەیی بچێت، ئەوا ئەگەری ڕێزگرتن لە مافی کەمینە ئیتنییەکان زیاتر دەبێت. ))

پرۆفیسۆر جۆشوا لاندیز لەگەڵ ئەوەی لەهەندێك بۆچووندا لەگەڵ پرۆفیسۆر سۆنەز یەکدەگرێتەوە، بەڵام موعارەزەی سوریا لەوە بەلاوازتر دەبینێت کە سۆنەز ئاماژەی پێدەکات، لەمبارەوە بەمجۆرە بە گوڵانی ڕاگەیاند: (دەرکەوت حکومەتی سوریا لەوە لاوازترە کە ئێمە بیرمان لێدەکردەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوەش ڕوون بۆوە موعارەزە لە حکومەت لاوازترە. پرسیارەکەی ئێوە پرسیارێکی باشە. دوای نزیکەی چل ساڵ لە نەبوونی سیاسەت لە سوریادا، موعارەزە تا دوا ڕادە دابەش بووە لە نێو خۆیداو ناڕێکخراوە. بۆ نموونە لە هەر کۆبوونەوەیەکی موعارەزەی سوریا لە تورکیا، ئەوا ئەنجوومەنێکی جێبەجێکاری جیاواز هەڵدەبژێرن. کەواتە تا ئێستا چەند ئەنجوومەنێکی جێبەجێکاریمان هەیە کە هەڵبژێردراون، یەکێکیان لە ئەنتالیا، ئەنجومەنێکی دیکە لە ئەستەنبول هەڵبژێردا، کۆبونەوەیەك لە بەلجیکا ئەنجامدرا، کۆبوونەوەیەکی دیکە لە ئەمەریکا دەکرێت. لە هەر جارێکدا سەرکردەی نوێ هەڵدەبژێردرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە بەشێکە لە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرکردایەتیەکی کامڵ، کە ئەمەش کاتی زۆری دەوێت بۆ ئەوەی بەسەر ئەو ناکۆکیانەدا زاڵبن. بەهەمان شێوە کوردەکانیش زۆر دابەش بوونە، نزیکەی ١٤ بۆ ١٥ پارتی کوردی لە سوریا هەن، هەندێ لایەنی کوردی ئامادەی گفتوگۆکردنە لەگەڵ حکومەتی سوریادا، هەندێ لایەنی دیکە گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەتدا ڕەتدەکاتەوە. هەندێ لایەنیان موقاتەعەی کۆبونەوەکانی موعارەزە دەکەن، بۆ نموونە دوایین کۆبوونەوەی موعارەزە لە ئەستەنبول، ئەویش لەبەر ئەوەی ئیعترافیان بە پرسی نەتەوەیی کورد نەدەکرد. بەڵام لە پێوەندیدا بە کوردەکانەوە بە شێوەیەکی گشتی ئەتوانین بڵێین ئەم ڕاپەرینە هەندێ ئومێدی بەو کوردانە داوە کە خەونی سەربەخۆبوون و جیابوونەوەیان لە سوریا هەیە بۆ ئەوەی بچنە پاڵ کوردستان. هیچ یەکێك لە عەرەبەکانی سوریا خوازیاری سەربەخۆبوونی کوردەکان نین. هەموو ئەو عەرەبانە ئیعتیرافکردن بە تەواوی مافی کوردەکان ڕەت دەکەنەوە. بە دڵنیاییەوە دەکرێت لاوازبوون و پشێوی بەردەوامی سوریا لەلایەن کوردەکانەوە بۆ پتەوکردنی پێگەی خۆیان و خۆڕێکخستن بەکاربهێنرێت، بە چەشنی ئەوەی کوردەکانی عێراق سوودیان لەو بارودۆخەکە وەرگرت کە لە دوای داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراق و شەڕکردنی عێراقەوە هاتەئاراوە، کە کوردەکانی عێراق دەستیان بە پەرەپێدانی دامەزراوە ناسیۆنالیستیەکانی خۆیان کرد، ئەمەش لە کۆتاییدا سەریکێشا بۆ دروستبوونی ئەو ئۆتۆنۆمیەی هەیانە. من دڵنیام زۆرێك لە کوردەکانی سوریا دەستیان کردووە بەم شێوە بیرکردنەوەیە، بەوەی لاوازبوون و پشێوی حکومەتی مەرکەزی سوریا دەرفەتێك بێت بۆ پتەوکردنی



جۆڵ میگداڵ بۆ گوڵان:



**حکومەتی تورکیا ویستی پشتیوانی رژێمی ئێستای سوریا بکات، بەڵام دوای ماوەیەک هەستیان کرد ناتوانن چیتر پشتیوانی لێ بکەن، لەبەر ئەوە دەستیان کرد بە رەخنەگرتن لە رژێمی سوریا**

دەسەڵاتی خۆیان و بنیاتنانی دامەزراوەکان لە ناوچەی جەزیرەدا. ))

## تاکەی سوپا پشتیوانی رژێمی ئەسەد دەبێت؟؟

هەتا سوپاو هێزە ئەمنییە تایبەتەکان پشتگیری رژێمی ئەسەد بکەن، باردۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێت و مەترسی دروست بوونی شەڕی ناوخۆی تائیفی زیاتر دەبێت، هەروەها لەبەر ئەوەی لە باردۆخی سوریادا مەسەلەی دەستێوەردانی نێودەوڵەتی هێشتا ئەگەرێکی دوورە هەتا ئێستا حکومەتی سوریا وەك حکومەت هیچ لێکترازانێکی بەخۆیەوە نەبینوە، بۆیە ئەزموونی سەپاندنی گەمارۆی ئابووری عێراق ئەو راستییەمان بۆ دووپاتدەکاتەوە کە کاریگەری سزا ئابوورییەکان ئەو ئاستە کاریگەریان نابێت کە بتوانرێت رژێمی ئەسەد ناچار بکرێت شاڵاوەکانی رابگرێت، ئەمە لەگەڵ ئەوەی یەکێك لە سیناریۆیەکانی تورکیا بۆ پیادەکردنی سزای ئابووری و بازرگانی لەپێناوی ئەوەیە کە رژێمی ئەسەد ناچار بێت شاڵاوەکانی رابگرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە لە عێراقدا ئەزموونی زیاترمان لەگەڵ چۆنییەتی مامەڵەکردنی رژێمی پێشووی عێراقمان لەگەڵ سزا ئابوورییەکان بینیوە، بۆیە هەقی خۆمانە بڵێین سزا ئابوورییەکانیش هێندەی کاریگەری لەسەر گەلی سوریا دەبێت هێندە کاریگەری لەسەر حکومەتی سوریا نابێت، لەبەر ئەوەی سوپا و هێزەکانی ئەمنی سوریا وەك پرۆ فیسۆر نۆما مۆزوری لە درێژەی لێدوانەکەیدا ئاماژەی پێکردووە هێندە زۆر نین کە بتوانن لەهەموو شارەکان کۆنترۆڵی باردۆخەکە بن، لەمبارەوە بەمجۆرە خوێندنەوەی خۆی بۆ باردۆخەکە پێ راگەیاندین و وتی: (ئەوەی جێی سەرنج و سەرسوڕمانە راپەڕینی خەڵکی سوریا بەردەوامە، بە چەشنێك حکومەت هەڵدەستێت بەسەرکوتکردنی راپەڕینی شارێك، بەڵام هەفتەی داهاتوو لە شارێکی دیکە ڕوودەداتەوە، لەو شارەشدا خامۆش دەکرێت، بەڵام لە شارێکی دیکەدا سەرهەڵدەداتەوە. کەواتە روونە رژێمی سوریا هێزی سەربازی تەواوی نییە بۆ کۆنترۆڵی تەواوی وڵاتەکە، بەڵام ئەوەش روونە ئەم رژێمە ئامادەی بەکارهێنانی زەبروزەنگە لە پێناوی مانەوە لە دەسەڵاتدا.بەڵام پرسیار ئەوەیە تاکەی ئەم باردۆخە بەمجۆرە بەردەوام دەبێت؟ من پێموایە هەموو شتێك دەوەستێتە سەر پشتیوانی سوپا بۆ رژێمەکە. بەڵام لە هەمان کاتدا، مەزندەی من ئەوەیە لە هەندێ حاڵەتدا سوپا بە شێوەیەك لە شێوەکان دابەشبوونی تێدایە، بۆ نموونە سەربازە ئاساییەکان، وەك هاووڵاتی ئاسایین و ئەو کارە دەکەن کە فەرمانیان پێکراوە، ئەوەی پێوەندی بە گاردی ئەمنی و سەربازە موحتەریفەکانەوە هەبێت کە چارەنووسیان بە توندی گرێدراوەتەوە بە چارەنووسی حکومەتەوە، ئەوا هەست دەکەن بە رووخانی حکومەت ئەوانیش هێندەی خودی حکومەت زیانمەند دەبن. کەواتە ئەوە جێی سەرنجە بزانین تا کەی ئەم حکومەتە لە دەسەڵاتدا دەمێنێتەوە، لە کاتێکدا رۆژ بە رۆژ بنکە جەماوەریەکەی بەرتەسکتر دەبێتەوە.))

# گرنگە کوردی سوریا خیتابێکی یەکگرتوویان هەبێت



مستەفا ئیبراهیم ※


ئەو خۆپیشاندانانەی کە لە شاری درعای باشووری وڵاتەوە لە ١٥ی ئازارەوە دەستی پێکردووەو ئێستا هەموو شارەکانی سوریای گرتۆتەوەو لەماوەی ئەم پێنج مانگەدا توندوتیژی و ژمارەی کوژراوەکان لەناو هەموو شارەکانی ئەو وڵاتەدا لە بەرزبوونەوەی بەردەوام دایە، هەروەها ژمارەی مانگرتووەکانیش لە زیادبوونی بەردەوامدایە، سامناکترین توندوتیژی کە لە بەرامبەر خەڵکی سڤیل بەکارهات ئەو زەبروزەنگانە بوو کە لەشارەکانی درعا و حومەس و پردی شغوور ڕوویاندا، کە بەهۆیەوە زیاتر لە ١٤٠٠ شەهید لە شەقامەکاندا کەوتن و بە سەدان بریندارو زیاتر لە دە هەزار بێسەروشوێنکراو و جگە لە دەربەدەربوونی هەزاران خێزان بەرەو وڵاتانی تورکیا و لوبنان و ئەردەن، کە لەتاو زەبروزەنگی هێزە ئەمنییەکان و مامەڵەکردنی بە زەبریان لەگەڵ خۆپیشاندەران و خێزانەکانیاندا کەوتۆتەوە، هیچ ئاماژەیەك لە ئاسۆدا بەدی ناکرێت بەوەی ئەم زەبروزەنگە کە ڕژێم لە سەرەتای ڕووداوەکانەوە دەستیداوەتێ کۆتایی پێبێت، هەموو مەسیج و ئاماژەکان لە کەسانی نزیك بە ڕژێمەوە پەنجە بۆ ئەوە ڕادەکێشن بەتایبەتیش لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی سوری و هەرێمایەتی و جیهانیدا کە سەرکردایەتی سوریا خۆی یەکلاکردۆتەوە بەوەی چارەسەری ئەم قەیرانەی ئێستا بە زەبروهێزەوە بکات، هەروەها مکوڕ و سوورە لەسەر ئەوەی کە بە بەکارهێنانی هێز کۆبوونەوەکانی خۆپیشاندەران بڵاوە پێبکات، تاکو خۆپیشاندەران بخاتە چوارچێوەی نیگەرانی و بێ ئومێدی و بێزاری و سەرشۆڕکردن بۆ دەسەڵاتی ڕژێم و سیاسەتە توندەکەی کە هاوکات کۆمەڵێك یاساشی دەرکردووە لەوانە، یاسای حزبەکان و یاسای هەڵبژاردن کە ئامانج لە دەرچواندنی ئەم یاسایانە هەڵخەڵەتاندنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانە کە زۆربەیان ڕێگەچارەی سەپاندنی سزای ئابووری بە باشترین فشار دادەنێن بۆ ڕژێمی سوریا، هەربۆیە لەلایەن یەکێتی ئەوروپا و ئەمەریکاوە ئەم سزایە لەسەر هەندێك لە گەورەبەرپرسانی ڕژێم سەپێندراوە، ڕژێمی سوریاش هەروەك نەبای دیبێ نە باران لەلایەکەوە زەبروزەنگ بەکاردێنێ و لەلایەکی تریشەوە هەر لە هەوڵی ڕاگەیاندنی ریفۆرمسازی و چاکسازیدایە، ئەوانەش کە لە کۆمەڵگەی سوریدا تائێستا بێدەنگن، چاوەڕێی ئاکامێك دەکەن تا بەتەواوی ئەمانیش خۆیان یەکلایی بکەنەوە، چ بەلای خۆپیشاندەراندا یان بەلای سەرانی ڕژێمدا. بێگومان ڕژێمی سوریا کۆمەڵێك کارتی هێزی بەدەستەوەیە، لەوانە دامودەزگا ئەمنییەکان کە چوونەتە ناو هەموو بڕگەو دەمارەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگە و خەڵکییەوە هێزێکی دەستوەشێنی کاران لەناو دامودەزگا سەربازی و نیمچە سەربازییەکانی کە حزبی بەعس بەڕێوەیان دەبات، هەروەها لە دەرەوەش پشتگیرییەکی بێسنووری ڕژێمی ئێرانی و هێزەکانی حزبوڵڵا و بزووتنەوەی حەماس و هەندێك لە لایەنەکانی فەلەستینی کە لە دیمەشق نیشتەجێن ئەوانە پشتگیری تەواوی هێزەکانی ئەمن و موخابەراتی سووری دەکەن، لەلایەکی تریشەوە هەڵوێستی عەرەبی بێ ئاگا و بزرە لەم قەیرانەدا، هەروەها ڕوسیا و چین ناوبەناو هۆشیاری دەدەن بۆ بەکارهێنانی ڤیتۆ لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە بەرامبەر هەر بڕیارێك کە ئیدانەی ڕژێمی سوریا بکات، وێڕای هەموو ئەم پشتگیرییە ناوخۆیی و هەرێمایەتی و دەرەکییانە بۆ ڕژێم کەچی هێشتا سوریا لەناو قەیران و شڵەژاوی و فەوزایەکی گەورەدایە، هەرچەندەش هەڵوێستەکانی ناوخۆ و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی بە جڵەوگرتنی دوو سەرە مامەڵە لەگەڵ ئەم قەیرانەدا دەکەن لەلایەکەوە هەندێ بڕیاری چاکسازی دەردەچوێنن تاکو ئۆپۆزسیۆن و ڕژێم بخەنە سەر مێزی گفتوگۆ، بەپێی ئەو پێوانە و پێوەرە ئایدیۆلۆژیانەی کە لەلایەن سوپاو هێزە ئەمنییەکانی ئەو وڵاتەوە ئامادەکراون بۆ چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ خۆپیشاندەرە بێ چەك و سڤیلەکان تا کڕنۆشیان پێبەرن ئەویش ڕێگەیەکی ترە کە هیچی کەمتر نییە لە ڕێگەی بەکارهێنانی بەرزترین پلەی توندوتیژی و بەکارهێنانی هێز لە پێناوی گێڕانەوەی ئارامی کە ئامادەن بە هەزارانی تر بکوژن و دەیان هەزاری تر فڕێ بدەنە ناو زیندانەکانەوە لەملاشەوە شەقامی ڕاپەڕیو و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن هیچ گوێ نادەن بەو یاسا و پرۆژە چاکسازیانەی کە رادەگەیندرێن چونکە لە واقیعدا ئەوانە بە زمانی گوللە تەرجومە دەکرێنەوە، ئەمەش وایکردووە کەلێنێکی بەرین و فراوان بکەوێتە نێوان ڕژێم و ئۆپۆزسیۆنەوە، هیچ متمانەیەك لە نێوانیاندا نەمێنێت، بەو شێوەیە هەردوو جەمسەری قەیرانەکە چ گەلی سوریا بە قوربانییە مەزنەکانی ئاستی خیتاب و داخوازییەکانی بۆ ڕووخاندنی بەشار ئەسەد و لەناوبردنی ڕژێمەکەی بە سوپا و دامودەزگا ئەمنییەکانییەوە گەیشتوونەتە وێستگەو چوارچێوەیەك کە بە هیچ کلۆجێك ناگەڕێنەوە بۆ پێش ١٥ی ئازار، نە جەماوەری شۆڕشگێڕان ئامادەن بگەڕێنەوە بۆ ناو ماڵی خۆیان و ژیانی ئاساییان لە ترسی ئەوەی کە لەدوای ئەم خۆپیشاندانانەوە ژیان و داهاتووی خۆیان و ماڵ و منداڵیان دەکەوێتە بەر هەڕەشەی لەناوچوون، چ ڕژێمیش بە هەموو دامودەزگاکانییەوە کە پشت بەستووە بە تائیفەی عەلەوی بەهیچ شێوەیەك ئامادە


نییە وەڵامی داخوازییەکانی جەماوەر بداتەوە چونکە پێی وایە بە وەڵامدانەوەی ئەم داخوازییانە کۆتایی بە فەرمانڕەواییەکەی دێت، کەواتە هەردوولایەن لەپێشبڕکێیەکی خێرادان لەناو زەمەنداو گرەو دەکەن لەسەر ئاکامی ئەو ڕووداوانەی کە لەنێوان مانگەکانی داهاتوودا چ شتێکی نوێ دەهێنێتە پێشەوە، بە بڕوای من ڕژێمی سوریا بە هەموو پێوەرە سیاسییەکانییەوە شەرعییەتی لەدەستداوە و هەرکاتێك بێت دەڕووخێت، بەڵام کەی و چۆن. تا ئێستاش میکانزم و سیناریۆ تەمومژ و لێڵەکانی ڕژێم حیسابێکی وردیان هەیە بۆ ئەو ئەگەرانەی کە لە ڕووداوەکانەوە دەکەونەوە، یەکەمین سیناریۆ ڕوودانی گۆڕانکارییەکە لە نێو پزدانی ڕژێمدا ئەویش بە کۆدەتایەکی سەربازی کە ئەفسەرێکی پلەبەرزی ناو دەزگای سەربازی ئەکتیڤ و کارا بەڕێوە ببات، بە مەرجێك ئەم ئەفسەرە لە ژێرەوە سەر بە ڕژێم بێ و دەرفەتی سەرکەوتنی ئەم کۆدەتایەش یان ئەم گۆڕانکارییە لەوە دایە کە سەر بە هۆزی عەلەوییەکان بێت، ئەگەر نا چارەنووسی کۆدەتاکە شکست دێنێ و ڕەنگە ململانێیەکی خوێناوی توندیش لەناو هێزەکانی سوپادا ڕوودەدات، لەم بڕوایەدام ئەم سیناریۆیە نزیکترە لەوانی تر، ڕەنگە جێی ڕەزامەندی یەکێتی ئەوروپا و ئەمەریکا وتەنانەت تورکیاش بێت، تا ئاستێکی دیاریکراو.


سیناریۆی دووەم بەردەوام بوونی ململانێی ئێستایە بۆ کاتێکی دورودرێژتر کە لەئاکامدا هەردوو جەمسەرەکەی ململانێ بە خۆشییان بێ یان ترشی دەکەونە سەر لێواری هەڵگیرسانی جەنگێکی تایفەگەری لە نێوان زۆرینەی سونی چەوسێندراو کە زیاتر لە ژێر ستەمی ٤٠ ساڵی حوکمی ئەسەد و کەمینەی عەلەوی دەسەڵاتداردا دەچەوسێندرێنەوە، هیچ بڕگەو دامودەزگایەکی دەوڵەتییانەی ئەمنی وسیاسی و ئابووری لەبەردەستیاندا نییە، ڕەنگە لە ئاکامی توندبوونەوەی ململانێکاندا کیانی سوری ببێتە چەند کانتۆناتێکی ئیتنی و هۆزگەرییەتی و ناوچەگەرێتی تەنانەت شەخسیش، وڵاتانی دەوروبەریش دەست لەهەمانەکە دەکێشنەوە و لە سامناکی ئەم جۆرە سیناریۆیە خۆ بە دووردەگرن، چونکە چنینی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی نێو ئەو دەوڵەتانەی دەوروبەریش تارادەیەك دەشێوێت.


سێیەمین سیناریۆ کە دێتە ناو هاوکێشەکەوە، ئەوەیە کە ڕژێم پشتی بدرێ بە دیواردا و تائیفەی عەلەویش کە چارەنوسی بەستراوەتەوە بە چارەنوسی ڕژێمەوە ئەگەری دامەزراندنی ڕژێمێکی ئیسلامی توندڕەویان لێ چاوەڕێ دەکرێت، بەو شێوەیە ڕژێمی سوریا قەیرانەکە دەردەکاتە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی کە حزب اللە و بزووتنەوەی حەماس و لایەنە فەلەستینییەکانی کە بنکەکانیان لە لوبنان دان وەك کەلوپەلێك بەکاردەهێنێت بۆ دروستکردنی ڕووبەڕووبونەوەی چەکداری لەگەڵ ئیسرائیل، تاکو ناوچەکە شەڕێکی هەرێمایەتی گەورەی تێبکەوێت، تێدا ئیسرائیل و سوریا وئێران ڕەنگە تورکیاش بخاتە ناو ئاگری ئەم شەڕەوە، بەتایبەت ئەگەر تورکیا هەست بە هەڕەشە بکات لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆی، تێکچوونی بەرژەوەندییەکانی لەم حاڵەتەدا، دوور نییە پریشکی ئاگرەکە نەپەڕێتەوە بۆ وڵاتانی کەنداویش کەواتە دەتوانین بڵێین گەر ئەم سیناریۆیە سەربگرێت، دەستپێکی پرۆژەی خۆرهەڵاتی ناوەندی نوێ لە ئاسۆدا دەردەکەوێت ئەویش بە نەخشەیەکی تازە و دروستبوونی چەند کیانێکی جیاوازتر لەوانەی ئێستا، لەلایەنی بارودۆخی گەلی کورد و پێگەکەی بەسەر نەخشەی ڕووداوەکانەوە وای دەبینم، بەهۆی ئەو سیاسەتە دوژمنکار و تەعریب کردن و بە بەعسی کردن و کۆڕەو پێکردنەی تا ئێستا بەسەریاندا هاتووە، هیچ شتێکیان نییە لە دەستی بدەن لەناو هەموو سیناریۆکاندا، بەڵکو ڕەنگە قازانجێك بکەن لەو گۆڕانکارییانەو هەندێك لە دەستکەوتی نەتەوەیی لەو شوێنانەی کە تێیدا نیشتەجێن بەدەست بێنن، هەرچۆنێك بێت حاڵیان لە ئێستا خراپتر نابێت، ئەوەی کە جێی ئارامی و دڵنەواییە لایەنەکانی بزاڤی کوردی بە هەر ١١ حزبەکەیەوە ئێستا لەو پەڕی هاریکاری و پرس بە یەککردن و ئاستی بەرپرسیاری دان لە جوڵاندنی جەماوەریان و یەکخستنی خیتابی سیاسیان، لە هەموو کاتێك زیاتر بەخەمن بۆ چارەنووسی نەتەوەیی. ئێستاش وا خەریکە کۆنگرەیەکی نیشتمانی بۆ هەموو بزاڤ و حزبە کوردییەکانی ئەو وڵاتە ساز بدرێت بەبێ بەپەراوێز خستن و دوورخستنەوەی هیچ کەسایەتییەکی نیشتمانی و کارەکتەرێکی بەهێزی ئابووری سیاسی و ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی تاکو بە هەمووان مەرجەعییەتێکی نیشتمانی ناوەندی وەك بەرەیەك بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد دابمەزرێنن تا ئەوبەرەیە بەرنامەیەکی ڕوونی هەبێت بۆ ڕژێم و ئۆپۆزسیۆن لەسەر ئەو حاڵەتەی میکانیزمەکانی چارەسەری کێشەی کورد لە سوریا بە چ شێوەیەك ڕێچکەی خۆی دەبەستێت، هەروەها پێداگرتن لەسەر جێکردنەوەی بوونی گەلی کورد وەك نەتەوەی دووەم لەو وڵاتەدا کە لەسەر زەوی باب و باپیرانی خۆی دەژیت و ئەمەش لەناو دەستووردا دیاربکەوێت، ئەوەش وەك مافێکی سروشتی و ڕەوای خۆی کە بتوانێت لەناو هەموو دامودەزگا دەوڵەتییەکان و سێ دەسەڵاتەکەیدا ڕۆڵی خۆی بگێڕێ و لە دارشتنەوەی بڕیاریشدا مافە سیاسی و کەلتوری و کۆمەڵایەتییەکان لەسەر شێوازی خۆبەڕێوەبردنێکی سەربەخۆ لەناوچەکەدا بوونی دەرکەوێت، لە کۆتاییدا هەموو ئەو سیناریۆیانەی باسم کردن ڕەنگە ڕووبدەن، مانگی ڕەمەزانیش کە مانگێکی پیرۆزە ڕەنگە گواستنەوەیەکی جۆری لە ڕێچکەی قەیرانەکەی سووریا ببینێ، دروستکەرانی بڕیار لە ڕووی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەوە گرنگی بەو سیناریۆیانە بدەن لە چوارچێوەی خۆڵەمێشی دەربهێننە دەرەوە.

*** سیاسەتمەدارێکی کوردی سوریا**






## مارتن ڤان برۆنسن بۆ (گوڵان):

# هەموو کوردێکی بەشەکانی دیکەی کوردستان بە چاوی هیواو و ئومێدەوە لە بەرەوپێشچوونەکانی کوردستانی عێراقیان ڕوانیوە

(مارتن ڤان برۆنسن) سالی ١٩٤٦ لە باژێڕی ئۆترێختی هۆڵەندا لەدایک بووە، ئێستا لە زانکۆی ئۆترێخت لە بوارەکانی کوردناسی و ئیسلامناسی و تورکناسیدا پرۆفیسۆرە، ژمارەیەک کتێبی لەسەر کوردو ئەندەنوسیاو تورک و فارس داناوەو لە تەک ئەو نۆ زمانەی دیکەی کە پێیان دەئاخڤێت، هەردوو زاراوەی کرمانجی سەروو خواروو فێر بووە، چونکە دوو ساڵ لە پارچەکانی کوردستاندا بە توێژینەوەی زانستی و مەیدانییەوە خەریک بووە، لە زۆربەی نووسینەکانیدا کوردستان و کۆمەڵگەی کوردەواری کردۆتە ئامرازو ئامانجی لێکۆڵینەوەکانی کە بەرۆکی مێژووی کوردناسییان پێ ڕازاوەتەوە، گۆڤاری گوڵان بە پێویستی زانی لە دیمانەیەکدا ئەم زانستکارو توێژەرەوە دڵسۆزە بەسەر بکاتەوە، ئەمەش دەقی دیمانەکەی بەڕێزیانە.


DialoogA
VISOR I VU
Inte
Ma
Gü
FELIXMERITIS
CONNECTING CULTURE

*** بەڕێزتان وەك شارەزایەك لە کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و وەك شرۆڤەوان و نووسەری چەندین کتێب لەبارەی لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان نەتەوەی کوردەوە، چەندین ساڵتان لە بواری توێژینەوەی ئێتنۆلۆژی بەسەربردووە. ئێمە دەمانەوێت پرسیاری ئەوەت لێ بکەین، لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی بە بێ وچان موتابەعەی کێشەی کوردتان کردووە، ئایا بە تێڕوانینی ئێوە تا چ ڕاددەیەك گۆڕانکاری لە پرسی کورددا ڕوودەدات؟**

- ئەوەی ڕوونە، گۆڕانکاری گەورە ڕوویانداوە، پێویست ناکات من ئەمەتان پێبڵێم، ئێوە خۆتان شایەتحاڵی ئەو گۆڕانکارییانە بوون.

حکومەتێك هەیە لە کوردستانی عێراقدا کە بە باشی کاروبارەکانی بەڕێوەدەبات، هەروەها دەوڵەتی تورکیای ناچارکردووە ئیعیتراف بە بوونی کوردەکان بکات، تا ئەو رادەیەی سازش لەسەر داواکارییە کەلتوریەکانیان بکات و ڕێگە بە نوێنەرانی نەتەوەی کوردی بدات بچنە پەرلەمانی وڵاتەکەوە. چیرۆکی سەرکەوتنی هاوشێوەی ئەم چیرۆکە لە ئێران و سوریادا بەدی ناکرێت، بەڵام لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا هەوڵ و کۆششی بەهێز بەم ئاڕاستەیەدا هەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەی زیاتر مایەی بایەخپێدان بێت ئەوەیە لەم دەستکەوتە سیاسیە زۆر ڕوونانە دوورتر بڕوانین بۆ ئەوەی لە گۆڕانکارییە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردی تێڕامێنین. بە تایبەتی لە هەردوو وڵاتی تورکیا و عێراقدا ((کۆمەڵگەی تەقلیدی کوردی/گوندە کشتوکاڵییەکان و خێڵە نیمچە کۆچەرییەکان کە خەریکن بە بەخێوکردنی ئاژەڵەوە)) تا ڕاددەیەکی زۆر بەرەو نەمان چوون. ڕژێمی سەددام زۆرینەی گوندە کوردییەکانی وێرانکردو بەڵام لە ساڵی ١٩٩١ەوە ئیدارەی کوردی کارێکی کەمی کردووە بۆ گێڕانەوەی ژیان لەناو کۆمەڵگەی گوندنشیندا. حاڵی حازر، کۆمەڵگەی کوردی عێراق تا ڕاددەیەکی گەورە کۆمەڵگەیەکی شارنشینە، بەڵام بەشێکی گەورەی دانیشتووانەکە تا دوا ڕادده هەژارن و پێناچێت هیچ ئەگەرێك هەبێت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ژیانێکی بەختەوەر بەرنەسەر. شتێکی هاوشێوەی ئەمە لە تورکیا ڕوویداوە، کاتێك بە زۆرەملێ زۆرێك لە گوندە کوردییەکان لە ساڵانی نەوەدەکاندا چۆڵکران، بەو پێیە کوردەکان لە شارە گەورەکاندا چینێکی پلەنزمی هەژاریان پێکدەهێنا کە ئومێدێکی کەم هەیە بتوانن بەسەر هەژارییەکەیاندا زاڵبن.

لە هەمان کاتدا، دیاردەیەکی دیکەی نوێ هەیە، کە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا بەدی دەکرێت: چینێکی ناوەندی گەشەکردوو، چینێکی ناوەند کە تامی ئیستیهلاککردنی

**ڕژێمی سەددام زۆرینەی گوندە کوردییەکانی وێرانکردو لە ساڵی ١٩٩١ەوە ئیدارەی کوردی کارێکی کەمی کردووە بۆ گێڕانەوەی ژیان لە کۆمەڵگەی گوندنشیندا**

کردووەو لە خەڵکانی جیاوازو کەلتوری جیاواز پێکهاتووە، ڕەنگە هەندێ لە ئەندامانی ئەم چینە ناوەندە گەشەکردووە هێشتا باوەڕیان بە میسالیاتی ناسیۆنالیزم هەبێت، بەڵام بەرژەوەندی چینەکەیان وایان لێدەکات هەڵوێستگەلێك تەبەنی بکەن کە ناکۆك بێت لەگەڵ هەڵوێستی ئەو کەسانەی لە پارتە نەتەوەییەکاندان. ئەمە ڕوونتر لە تورکیا بەدی دەکرێت، کە پارتی دادو گەشەپێدان و بزووتنەوەی فەتحوڵڵا گولەن سەرکەوتووانە سۆزی بەشێکی چینی ناوەندی کوردییان بۆ خۆیان کێشکردووە. لە کوردستانی عێراقدا، بەشێکی گەورەی چینی ناوەند پشت بە پارتە سیاسییەکان دەبەستن کە پێوەندییان لەگەڵ ئەم پارتانەدا لەسەر بناغەی مەحسوبییەتە — چ بەپێدانی ئیمتیاز یان تەوزیفکردن لەبەرامبەر پشتیگری سیاسیدا-، بەڵام بەشەکەی دیکە نارەزایین و ڕەنگە ئۆپۆزسیۆن پێکبهێنن. تێڕوانینی من ئەوەیە، لە کوردستانی ئێراندا، چینی ناوەند پارتە کوردییەکانیان فەرامۆش کردووە و باوەڕیان وایە دەتوانن سەرکەوتنی زیاتر(لە ڕووی بە دیموکراتیکردنەوە)بەدەست بهێنن، ئەگەر لەگەڵ بزووتنەوە چاکسازییەکەدا هاوتیم بن، ئەمە بە چاوپۆشین لە دابەشبوون و ناکۆکی نێوان سوونە و شیعە.

بە تێڕوانینی من، هۆکاری هەرە ناسەقامگیرکەر، کە ئەمە مایەی مەترسیشە بۆ ئایندە، بریتیە لە نایەکسانی کۆمەڵایەتی کە ڕووی لە زیادبوونە. ناتوانێت ناکۆکی ڕاستەقینەی نێوان نوخبەکان و ئەو ژمارە بێشومارەی هەژارانی کۆمەڵگەی کوردی بشارێتەوە.

*** ئێوە ئاگاتان لەو قەیرانانە هەیە کە بەسەر کورددا هاتوون، هەروەها دەزانن کە کوردەکان دڕندانە کوشتوبڕکران، جینۆساید و کۆمەڵکوشتن و. تاد. بە بۆچوونی ئێوە بۆچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەو هەموو کارەسات و ئازارەی بەسەر کورددا هاتووە وەك جینۆساید نایانناسێنێت؟**

— من لە پرسیارەکەتان تێناگەم- دەمەوێت بڵێم کە باوەڕم وایە ئێوە هەڵەن. لە ڕاستیدا، دادگایەکی هۆڵەندی بڕیاری ئەوەیدا پرۆسەکانی ئەنفال جینۆسایدن. ئەم بڕیارەی لە دادگاییکردنی فرانس ڤان ئەنراسدا دەرکرد، کە پیاوێکی بزنسمانی هۆڵەندی بوو و هەندێ کەلوپەلی کیماویی بە ڕژێمی سەددام فرۆشتبوو وکەبۆ دروستکردنی گازی دەمار بەکاردەهێنران. پێش ئەوەش، ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ (هیومان ڕایتس وۆچ) دیراسەتێکی پڕ وردەکاری لە بارەی ئەنفال بڵاوکردەوە، کە تێیدا بە جینۆساید وەسفی کردبوو. هاووڵاتیەکی وڵاتەکەی من، وەزیری پێشووی دەرەوە، ماکس ڤان دەر ستویل، کە وەك ڕاپۆرتکاری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ کاری دەکرد، بە چڕوپڕی لە بارەی سەرکوتکردنی کوردەکانی نووسیویەتی- کە بە دڵنیاییەوە نووسینەکانی تەنیا لە بارەی سەرکوتکارییەکانی کوردەکانەوە نەبووە.

من لە پرسیارەکەی ئێوەدا هەست بە هەمان شت ئەکەم کە بەدیم کردووە و لەگەڵ زۆرێك لە دۆستە کوردەکانمدا ڕەخنەم لێگرتون: کوردەکان ئەوەندەی سەرقاڵن بە ئێش و ئازاری خەڵکەکەیانەوە ئەوەیان فەرامۆشکردووە لە بەشەکانی دیکەی جیهان بڕوانن. من هەندێ گەشت و سەفەرم کردووە، باوەڕم وانییە کوردەکان ئێش و ئازارێکی زیاتریان لە خەڵکانی دیکە چەشتبێت. لە دەیەکانی پێشوودا، ئەوروپا بایەخێکی پتری بە دۆخی مافەکانی مرۆڤی کورد داوە. بە دڵنیاییەوە دەبێت ئەوەشی بۆ زیاد بکەین کە لە ئێستادا چەندین حاڵەت هەن کوردەکان قوربانی پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤن کە لەسەر دەستی کوردەکانی دیکە ڕوودەدات.

*** ئێوە کتێبێکتان هەیە بە ناونیشانی (کورد، ئیسلام و کۆمەڵگە) ئەمەش بەو مانایەی ئێوە لە هەموولایەنێکەوە دیراسەتتان لەسەر کورد کردووە. پرسیارەکەی ئێمە ئەوەیە، سەرەڕای ئەوەی ئیسلام ڕیشەی قووڵی هەیە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، ئەوا هیچ پارتێك یان بزووتنەوەیەکی سیاسی بوونی نییە، ئەگەر هەشبن، ئەوا شوێنکەوتووانێکی کەمیان هەیە، بۆچوونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- من هیچ کتێبێکم نییە بەم ناونیشانە. ڕەنگە ئێوە مەبەستتان لە کتێبی «ئاغا، شێخ و دەوڵەت» بێت؟ یەکێك لەو شتانەی من لەو کتێبەدا لێکۆڵینەوەم لەبارەوە کردووە ڕۆڵی تەریقەتی سۆفی نەقشبەندییە لە دەرکەوتنی بیری نەتەوەیی کوردیدا.

بە دڵنیاییەوە، مایەی سەرنجە دوو گەورەترین پارتە کوردییەکەی عێراق لەلایەن شێخەکانی بنەماڵەی نەقشبەندی و قادرییەوە سەرکردایەتی دەکرێن، ئەگەرچی لە ئێستاشدا کاك مەسعود بارزانی و مام جەلال شێخ نین. بەڵام هەمیشە ئایین لە کۆمەڵگەی کوردیدا گرنگ بووە، پێدەچێت لە ماوەی دە بۆ بیست ساڵی ڕابردوودا زیاتر گرنگ بووبێت. زۆرینەی پارتە کوردییەکان پارتی عەلمانین،

بەڵام دەبێت خۆیان لەگەڵ ئیسلامدا بگونجێنن. ڕەنگە پارتە ئیسلامیە کوردییەکان پارتگەلێکی بچوك بن، بەڵام کاریگەرییەکی گەورەیان هەیە لەسەر مشتومڕە گشتییەکە، هەروەها بەهۆی بوونی ئەوانەوە پارتە گەورەکان لەهجەیەکی پتر ئیسلامیانەیان تەبەنی کردووە.

*** لە نێو کۆمەڵگە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەست دەکرێت کوردەکان لە نەتەوەکانی دیکە زیاتر مەیلیان بۆ دیموکراسی هەبێت، بە تێڕوانینی ئێوە بۆچی کوردەکان ئەم مەیلیان هەیە و ئایا تا چەند باوەڕتان وایە بونیادی کۆمەڵگەی کوردی سازولەبارە بۆ بونیاتنانی دیموکراسی؟**

- تاوەکو ساڵی پار، دەکرا وا بیربکەیتەوە عەرەبەکان خواستێکی بەهێزیان بۆ دیموکراسی

## هەرێمی کوردستانی عێراق سەرچاوەی ئیلهام و ئومێد بووە بۆ کوردانی شوێنەکانی دیکە

نییە. بەڵام ڕووداوەکانی نیوساڵی ڕابردوو ئەوەیان خستەڕوو دەبێت ئێمە پێداچوونەوە بەو بۆچوون و تێڕوانینەدا بکەینەوە. هەر کە تونسی و میسرییەکان ترس و تۆقینیان لە خۆیان داتەکاند، ئەو ڕاستییەیان بە ڕوونی خستەڕوو کە ئامادەی ئەوەن خۆیان ڕووبەڕووی مەترسی بکەنەوە لە خەباتیاندا لە پێناو دیموکراسیدا. لەوەش زیاتر ئەوان شێوازی ئاشتیانەیان گرتەبەر.

من باوەڕم وانییە کەلتوری کوردی هۆکارێك بێت وا لە کوردەکان بکات زیاتر لە خەڵکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مەیلی دیموکراسییان هەبێت، ئەمە تێڕوانینێکی هەڵەیە.

هێشتا عەقڵیەتی خێڵەکی لە کوردستان ئامادەبوونی بەهێزی هەیە، ئەگەرچی بە زەحمەت خێڵێکی تەقلیدیش بەدی بکەیت. لەم لایەنەوە کۆمەڵگەی کوردی هاوشێوەی کۆمەڵگەی عەرەبی نییە.

*** لە ساڵی ١٩٩٠ەوە کوردستان لە دۆخێکی باشتردایە لەچاو بەشەکانی دیکەی کوردستان لە ئێران، تورکیا و سوریا. جیاوازی زۆر هەن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕادەیەك هەرێمی کوردستانی عێراق بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری هەیە لەسەر پرسی کورد؟**

- بە دڵنیاییەوە هەموو کوردێکی بەشەکانی دیکەی کوردستان بە چاوی هیواو و ئومێدەوە لە بەرەوپێشچوونەکانی کوردستانی عێراقیان ڕوانیوە. هەرێمی کوردستانی عێراق سەرچاوەی ئیلهام و ئومێد بووە بۆ کوردانی شوێنەکانی دیکە. کردنەوەی سنوورەکانی نێوان تورکیا و عێراق بۆ بازرگانی جموجوڵی لە ئابووری کوردستانی تورکیا دروست کرد: کرێکاران و قوتابیانی لە تورکیاوە بۆ گەڕان بە دوای کار و بۆ خوێندن لە زانکۆکاندا ڕوویان لە کوردستانی عێراق کرد. لەلایەکی دیکەوە ئەو تێڕوانینە هەیە بارودۆخی کوردستانی عێراق کە تا ئەندازەیەکی گەورە بۆ کەلوپەل و کاڵا ئیستهلاکییەکان پشت بە تورکیا دەبەستێت، دۆخێکی ناتەندروست و مەترسیداریشە.

*** لە تورکیادا هەست بەوە کراوە لەوەتەی پارتی داد و گەشەپێدان دەسەڵاتی گرتۆتەدەست، ئەوا بارودۆخەکە لە تورکیا بەرەو کرانەوە لە ئاست کێشەی کورددا بەرەوپێشچووە. دووبارە پارتی داد و گەشەپێدان لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی بەدەستهێنا. حاڵی حازر هەمووﻻیەك لە پەیوەندیدا بە کێشەی کورد و چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەوە چاوەڕوانی هەڵگرتنی هەنگاوی زیاتر دەکەن. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ئەندازەیەك چارەسەرکردنی کێشەی کوردی تورکیا کاریگەری لەسەر چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دەبێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

- ئەمە دەوەستێتە سەر ئەوەی ئێوە چی بە چارەسەری کێشەی کورد دەزانن . پارتی داد و گەشەپێدان باوەڕی وایە ئەم کێشەیە لە ڕێی بەرەوپێشچوونی ئابووری، مافە کەلتورییەکان و شێوازێك لە نامەرکەزیەتەوە چارەسەر دەبێت. زۆرێك لە کوردەکان پێیان وایە ئەوە بەس نییە، ئەگەرچی بەشێك لە چینی ناوەند ڕەنگە قەناعەتی وابێت ئەوە باشترین ڕێگاچارەی مومکینە. دەبێت خواستی یەکەکە و بەشێکی گەورەی دانیشتووان کە بە شێوەیەك لە شێوەکان هەست دەکەن لەلایەن یەکەکەوە نوێنەرایەتی دەکرێن لەبەرچاوبگیرێت، پێش ئەوەی باس لە چارەسەری ڕاستەقینە بکەین. بوونی بەهێزی بەدەیە لە پەرلەمانی تورکیا (ئەگەر بتوانرێت ئەو کێشانەی ئێستا هەن چارەسەر بکرێن) دەبێتە هەنگاوێکی گەورە بەئاراستەی چارەسەردا. من ئیعجابێکی زۆرم هەبوو بۆ هەندێ لەو پاڵێوراوانەی وەك کەسایەتی سەربەخۆ هەڵبژێردران و نوێنەرایەتی بەدەیە دەکەن. ئەوان لە ڕووی سیاسییەوە کەسانێکی لێهاتوون، دەبنە سەرچاوەی ئومێد و ئیلهام بۆ کوردی ناوچەکانی دیکە.

*** دوای ئەوەی بەم دواییە خۆپیشاندانی گشتی لە سوریا ڕوویدا، ڕژێمی ئەسەد بڕیاری بەخشینی ڕەگەزنامەی بۆ کوردەکانی سوریا دەرکرد. پێتان وایە تا چەند ئەم هەنگاوەی ڕژێمی سوریا لە ئیعتیرافکردن بە کوردەکان، سەرەدەکێشێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

- پێم وایە دەبێت یەکەم پرسیار ئەوە بێت ئایا ئەم ڕێوشوێنە یارمەتیدەر دەبێت لە پاراستنی ڕژێمەکەی ئەسەد.؟؟!! دواتر ئەتوانین پرسیاری ئەوە بکەین کە ئایا ئەم بەڵێنە بە تەواوەتی جێبەجێ ئەکرێت.؟! بارودۆخی کوردەکانی سوریا کە بێ ڕەگەزنامەن هاوشێوەی نییە لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا و من نازانم چۆن ئەمە مەسەلەیە کاریگەری دەبێت لەسەر بارودۆخەکە.

*** لە هەلومەرجی ئێستادا کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گۆڕانکارییەکی گەورەدا تێدەپەڕێت، پێشبینی دەکرێت سیاسەتی نوێ بۆ ناوچەکە داڕێژرێتەوە. پرسیارەکە ئەوەیە، ئەگەر کوردەکان، لەم بارودۆخەدا داوای دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بکەن، پێت وایە کاردانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئاست ئەم داواکارییانەدا چی دەبێت؟**

— کام داواکارییان؟ داواکاری کێ؟ ئایا تێکڕای کوردەکان هەمان داواکارییان دەبێت؟ ئەوەی جێی سەرنجە لە «بەهاری عەرەب»دا ئەوەیە عەرەبەکان داوای پشتیوانی لە ڕۆژئاوا یان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناکەن، بەڵکو خۆیان دەستیان کرد بە بەرهەڵستیکردنی سەرکردە خۆسەپێنەکان ئەو سەرکردانەی کە بۆ ماوەی چەندین دەیەیە لە لایەن ڕۆژئاوا پشتیوانی دەکران. کاتێك بەهاری عەرەب

## ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ (هیومان ڕایتس ووچ) دیراستێکی پڕ وردەکاری لە بارەی ئەنفال بڵاوکردەوە، کە تێیدا بە جینۆساید وەسفی کردبوو

کاریگەری لەسەر کوردستان دەبێت، ئەو کاتە کوردەکان داوا لە سەرکردەکانیان دەکەن زیاتر لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا بن.

تا ئێستا ئەمەریکا و ئەورووپا هەوڵیان نەداوە ڕاستەوخۆ دەستێوەردان لە پرۆسەی بەهاری عەرەبی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەن- لیبیای لێ دەرچێت. ئەمە لەگەڵ ئەوەی هەموو سەرکردە عەرەبەکان متمانەیان بە هاوپەیمانەکانی ڕۆژئاوا کرد. بەڵام هیچ هۆکارێك لە ئارادانییە وا لێبکات باوەڕ بەوە بکەین ڕۆژئاوا دەستێوەردان لەو بارودۆخە دەکات. هەروەها پێم وانییە لە ئێستادا هیچ سیاسەتمەدارێکی جیددی ڕۆژئاوایی پشتیوانی لە بیرۆکەی دەوڵەتێکی کوردی تەواو سەربەخۆ بکات.

# قەیرانی سیستەمی فەرمانڕەوایی
# یان سیستەمێکی فەرمانڕەوایی کە قەیران بەرهەم دێنێت



کازم حەبیب *
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئێستا عێراق لەناو قەیرانێکی بەردەوام و بێ چارەدا دەخولێتەوە، نزیکەی ٥٠ ساڵە قەیرانی وای بەخۆیەوە نەدیوە، ئەمەش کەڵەکە بوون و درێژبوونەوەی ئەو گرفتانەیە کە بەردەوام کۆمەڵگەی عێراقیی لە مێژووی هاوچەرخدا پێوەی گرفتار بووە، ڕەهەند و داهاتووی ئەم گرفتانە فرە ئاڕاستە و هەمە جۆرن، زۆر کەس لەو بڕوایەدابوون کە بە کەوتنی ڕژێمی سەدام حوسێن بەرێگەی جەنگی دەرەکییەوە قەیرانەکان نامێنن و خەڵکی و وڵاتیش لە دەست جەورو ستەم رزگار دەبن،کەچی رژێم کەوت و گەلیش قوتاری بوو لە تاریکترین رژێمی دیکتاتۆری و تاوانبارترین کەسایەتی لە مێژووی کۆن و نوێی عێراق و دڕندەترین حزب کە لە فکر و پراکتیکدا سەدام حوسێن ڕێبەرایەتی دەکرد هەموویان بەرەو نەمان چوون، لێرەوە پرسیارێك ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، ئایا قەیرانی فەرمانڕەوایی لە عێراقدا چارەسەرکرا، یان ئاڵۆزترو زیاتر بوو؟ واقیعی ئێستای عێراق بە وردی وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە، زۆر لەخەڵکی ئومێدی ئەوەیان دەخواست گۆڕان ڕۆڵێکی بنەڕەتی هەبێت لە بونیادنانەوەی سیستەمی تازەی عێراقدا، دەستەبژێرێکیش لەو شێوازانەی گۆڕانکاری دەترسان کە بەو شێوەیە لە عیراقدا ڕوویدا، لەبەر ئەوەی میکانیزمی گۆڕین هیچ ئامادەسازی بۆ نەکرابوو، تا بەرەو داهاتوویەکی باشتر مل بنێت، بەڵکوی عێراقی خستەسەر گوریسێکی باریکی بەرزهەڵواسراو کە بە ترس و لەرزەوە خەڵکانی بەسەردا دەپەڕینەوە، نەشیان دەزانی بە کەوتنە خوارەوەیان دەکەونە فیردەوسەوە یان لەناو ئاگری جەهەننەمەوە ؟ پرسیاریش ئەوەیە خەڵکی عیراق ئێستا لە کوێدان، دوای ئەوەی گەلی عێراق لە ڕژێمێکی رەگەزپەرست و کۆمەڵێ جەنگ و توندوتیژی بەبەرنامەڕێژکراو ڕزگاریان بوو؛ کەبەهۆی سەرکێشییەکانی حزبی بەعسەوە وڵاتی بەرەو وێرانەیی پەلکێش کرد، دوای ئەوەی ئومێد بەرەو کردنەوەی دەروازەی بونیادنانی دەوڵەتێکی مەدەنی و دیموکراتی و ئازاد هاتەئاراوە، بەڵام بەڵگەکان هەموویان ئێستا ئاماژە بەوە دەدەن کە عێراق بەرەو ڕێگەیەکی ترو بەلایەکی تردا کاروانەکەی بەڕێکەوت، ڕێگەیەکی زۆر ئاڵۆز و سەخت؛ بەتایبەتی کە ئێستا خەڵکی ناوەند و باشووری عێراق پێیدا تێدەپەڕن، لەم شەش ساڵەی رابردوودا لەناو ئاڵۆزترین قەیرانی فەرمانڕەوایی حوکمدا، خەڵکی بە گشتی ماندوو کران، لەو هەموو ڕەهەند و دیاردە تازانەی کە سیستەمی فەرمانڕەوایی بەشێك لە هۆکارەکان بوو بۆ دروستکردنی قەیرانەکان و قووڵبوونەوەی ئازارەکان و تێکچوونی ئابووری نیشتمانی، پێموایە ئەم قەیرانەی ئێستا لە دوو ڕووەوە قوڵتر بۆتەوە، لە ڕوویەکەوە قەیران لە رژێمی فەرمانڕەواییدا هەیە، لە ڕوویەکی تریشەوە خەریکە فەرمانڕەوایانی ئێستا هەمان قەیرانەکانی پێشوو بەرهەم دەهێننەوە، بەتایبەتی گەڕانەوەی سیمای توتالیتاری لەناو دەوڵەت و کۆمەڵگەدا، هەروەکو جارانیش هۆکارە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان ڕۆڵیان هەبووە لە ناسەقامگیری دەوڵەتی عێراقدا، ئەمەش قەیرانی فەرمانڕەوایەتییە چونکە پشتی بەستووە بە موحاسەسەی هۆزگەرایی، هەر لەداڕووخانی رژێمەوە تاکو دامەزرانەوەی هەر سێ دەسەڵاتی یاسایی و دادوەری و جێبەجێکردن ئەم قەیرانە بەردەوامە، تەنانەت دەسەڵاتی دادوەری بەراستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەم سیمای هۆزگەرێتییەوە تێوەگلاوە، تاڕادەی ئەوەی فەرمانڕەوایەتی لەسەر بنەمای هاووڵاتی بوونی ئازاد و یەکسان دانەمەزراوە، بەم شێوەیە رژێمی فەرمانڕەوایی کۆمەڵێ هێزی ناکۆك لە بەرنامە و ئامانج و میکانیزمدا لەناویدا کەوتونەتە ململانێ تا هەریەکەیان دەسەڵات و ڕۆڵ و پێگە و سامانی زیاتری بەربکەوێت، ئەمە فەرمانڕەوایەتییەکە گوزارشت لە بەرژەوەندی چینی بۆرژوازی نیشتمانی و گشت توێژەکانی بەرهەمهێنی تری وڵات ناکات، بەڵکو گوزارشت لە بەرژەوەندی تایبەتی هێزە سیاسییە هاوبەشەکانی ناو حوکم دەکات کە خۆیان بە نوێنەری تاقانەی گەل دەزانن و لە راستیشدا تەنیا گوزراشتن لە هێزی مەزهەبگەرا و نەتەوەیی، لەم حاڵەتەدا رژێمی حوکم بەهۆی ئەو هەموو جیاوازییە توندوتیژەیەوە، هەروەها بەهۆی ململانێی بەردەوامی هێزەکان لەگەڵ یەکتردا، ناتوانن بەرنامەیەکی هاوبەش دابمەزرێنن تا بەرژەوەندی زۆربەی گەل بپارێزن، کەواتە رژێمی فەرمانڕەوا لە عێراق هیچ ستراتیژییەتێکی گەشەپێدانی نییە، هیچ پلانێکی بۆ بونیادنان و ئاوەدانکردنەوەی ئاستەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و ژینگەیی پێ نییە، هەروەها بەرنامەیەکی واقیعی بۆ چارەسەرکردنی بێکاری و هەژاری و گەندەڵی لە مەزەندەدا نییە، پلانێکی درێژخایەنیشی بۆ لەناوبردنی تیرۆر دانەناوە، وێڕای چالاکییە بەردەوامەکانی نەهێشتنی تیرۆر کە پێویستە تواناکان کۆ بکرێنەوە لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنگەری و ژینگەییەوەو لە پێش هەمووشیانەوە سەربازی و ئاسایش ئەمانەش تێکەڵ نەکرێن بە سیاسەت و ئەو هەڵوێستە دەمارگیریانەی کە کاروانی ئاوەدانی و سەقامگیری و پێشکەوتن رادەگرێت، ئێستا ململانێکان لە چواردەوری ئەو بەرنامانە ناسوڕێنەوە کە بۆ ئەو پرسانە داندرابێتن، بەڵکو گرفتەکە لە ئارەزووی هەژموونگەرانەی هەندێ لایەندایە بۆ جڵەوگرتنی حوکم و قۆرخکردنی و سڕینەوەی ئەوانی تر ئەگەر هەر حاکمدارێك پێی بکرێت ئەوانی تر لەناو ببات، بەڵام بەهۆی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەوە هەمووان ناچارن کە مامەڵە لەگەڵ ئەو ئەنجامەدا بکەن بە تایبەت بۆ دامەزراندنی حکومەت و وەرگرتنی شوێنی خۆیان بە بێ ئەوەی گوێ بە بەرنامە وئامانج و میکانیزمی کارە گشتییەکان بدرێت، لەلایەن هێزە براوەکانی ناو هەڵبژاردنەوە قۆرخکاری دەکرێت. ئەمەش گەورەترین گرفتە کە ڕووبەڕووی هەمووان دەبێتەوە، لەلایەکی ترەوە هۆکارە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان بەنزین بەسەر ئەو ئاگرە هەڵایساوەدا دەڕێژن کە بەهۆی ململانێی هێزە سیاسییە هاوبەشەکانی ناو حوکمەوە هەڵگیرساوەو هەمووانی تێوە دەگلێنرێت، هەموو ئەو ئاوەی کە بۆ کوژانەوەی ئەم ئاگرە ئامادە کراوە دەرەقەتی کوژانەوەی نادات، چونکە گرفتەکە لە بنەڕەتدا بەهۆی موحاسەسەی هۆزگەرایەتی بۆ دابەشکردنی کورسییەکانی ئەنجومەنی وەزیران دروستبووە،، بۆیە ئەم پەیکەربەندە گەورەیە کە لە ٤٣ وەزیر پێکهاتووە جگەلە سەرۆك وەزیران و دوو جێگرەکەی کە ئێستا بەو

شێوەیە دەبیندرێت، دوو هێندەی ژمارەی وەزیرەکانی حکومەتی چینی میللیە، کە ٢٢ وەزارەتی هەیە، بەڵام ژمارەی دانیشتووانەکەی ملیارێك و ٣٣٨ ملیۆن کەسە. خەڵکی لە شەقامەکانی بەغدا بە دەنگەوە دەڵێن کە ئەمە گەورەترین کابینەی وەزارییە لە مێژووی عێراقی هاوچەرخدا. فراوانترە لە وەزارەتەکانی حکومەتی یەکگرتنەوەی کەلە ساڵی ٢٠٠٥ بەسەرۆکایەتی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی کە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرێندرا و تێیدا ژمارەی وەزیرەکان چل وەزیر بوون، وێڕای سەرۆك و جێگرەکەی. بەڵام دواتر لە حکومەتی د. بەرهەم ساڵحدا ئەم ژمارەیە دابەزێندرا بۆ ١٩ وەزیر، جگە لە سەرۆك و جێگرەکەی. رەنگە کەمتریش بکرێتەوە، بۆ ئەوەی کارەکان چڕ بکرێنەوەو مەسروفاتیش کەمتر بکرێنەوە، بەرهەمیش زیاتر. ئێستاش ئەو ژمارەیە نزیکە لەژمارەی وەزارەتەکانی چینی میللی. لێرەوە دەتوانین بڵێین حوکمی ئێستا لە عێراقدا ڕۆڵی بەرهەمهێنەری قەیرانەکان دەگێڕێت، چونکە پشت بەستووە بە موحاسەسە، ئەم حاڵەش کەلێنی نێوان حوکم و کۆمەڵگە بەرینتر دەکات. بە درێژایی چەندین ساڵ گەلی عێراق بەرگەی زوڵم و ستەمی رژێمی بەعسی و سەدامی گرت، دوای ئەوەش چەندین ساڵ کەوتە ژێر ستەمی تیرۆریستان و بۆیە ئەم گەلە جەور و ستەمەکانی ساڵانی پێشوو پروکاندویەتی. بۆیە کاتێك دەرفەتی راپەڕین لە بەهاری ١٩٩١ ڕەخسا خەریك بوو لە رەگەوە ئەو رژێمە ستەمکارە ببڕنەوە، بەڵام پیلانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی وای کرد سەدام و رژێمەکەی بەسەر تەختی حکومەوە هەر بمێنێتەوە، دوای رووخانی رژێم ٨ ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە و ئێستاش لەناوەندی باشووری عێراق زەحمەتی و کارەساتی گەورە لەلایەن هێزە تیرۆریستەکانەوە،یان لە لایەن میلیشیا چەکدارەکان و پاشماوەی بەعسییەکانەوە دروست دەبێت، پێگەی فەرمانڕەوایی ئێستاش لەبەرامبەر قەبارەی گرفتەکاندا لاوازە، بە تەواوبوونی هەشتەمین ساڵ و چوونە ناو نۆیەمینەوە ئارامی لەبەر خەڵکی عیراق هەڵگیراوە، گەنجان و دیموکراتخوازان داوای لابردنی رژێمی موحاسەسەو نەهێشتنی گەندەڵی و تیرۆر و بێکاری دەکەن، هەروەها داوای ئەوە دەکەن کە خەڵکی لەسەر بناغەی هاووڵاتی بوونی ئازاد و یەکسان مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت نەك لەسەر ناسنامەی دینی و تائیفی و حزبایەتی تەسك و رەگەزپەرستی بەتایبەت لە دژی ژنان، بەڵام سەرۆکی حکومەت و هەندێك لە دەستەودایەرەکانی ئەم جووڵانەوە گەنجانەیان بە مەترسییەك زانی، بۆیە بەشێوازێکی هیستریایی کەوتنە ڕکەبەری لەگەڵ مانگرتنەکان و داخوازییەکانی بزاڤی گەنجانیان رەتکردەوە، بە هەموو شتێکی خراپ تۆمەتباریان کردن، وایان لێکدایەوە کە هێزەکانی بەعسی و ئەندامانی قاعیدە و ئەنجومەنی زانایانی ئیسلامی لە پشتەوەی مانگرتنەکانەوە وەستاون و دەیانەوێت بۆ لێدانی رژێمی فەرمانڕەوایی عێراق ئەم مانگرتنانە بقۆزنەوە، وێڕای هەموو داخوازییە ئاشتی و دیموکراتییەکانی مانگرتووەکان کە لە ٢٥ شوباتی ٢٠١١وەو هەموو رۆژانێکی هەینی بەردەوامە، بەڵام حکومەت هێزە عەشائیرییەکانی هێنایە ناو شارەکان و بەدار و چەقۆ و خەنجەرەوە رووبەڕووی مانگرتووەکان بوونەوەو لە مەیدانی تەحریری بەغدا تا دەگاتە مۆنۆمۆنتی ئازادی، بەو شێوەیە لە رۆژانی جومعەی ٢٧ ی ئایار و ٣ و ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١١ ئەشکەنجەدانی دەروونی و جەستەیی لێکەوتەوە، بەکارهێنانی دار و چەقۆ لە ٣ و ١٠ی حوزەیران بەڵگەیە لەسەر بێ متمانەیی حکومەت بەخۆی، بەو شێوەیە بەڵگەیەکی تری پێشکەش کردین لەسەر توندڕەویەتی سەرۆکایەتی حکومەت لەکاتی مامەڵەکردنی لەگەڵ مانگرتووەکاندا، وێڕای دەرچوونی راپۆرتێکی گرنگ لە لیژنەی مافەکانی مرۆڤەوە، کە سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە و جەختی تیاکرابۆوە لەسەر ئەوەی مانگرتنەکانی مەیدانی ئازادی بەغدا ئاشتیخوازانە و دیموکراتییانە و رەوابووە، بەڵام سەرۆکی وەزیران جورئەتی ئەوەی بەخۆی نەدا، ددان بەهەڵەکانی دابنێ و داوای لێبوردنی لەوانە نەکرد کە ئەشکەنجەی داون و گرتوونی، بۆیە گەلی عێراق بە هەموو شێوازەکانی خەباتکاری ئاشتیخوازانە و دیموکراتی بۆ گۆڕینی ئەم بارە ناهەموارەی ئێستا خەبات دەکات، بێ دەنگیشی درێژە ناکێشێ، چونکە ئێستا توێژە چەوساوەو هەژارەکەی گەلی عێراق لە هەموو ئاستەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فێربوون و کەلتوری و ژینگەیی بێبەشە، ئەویش بەهۆی ئەو ململانێ بێ مانایەی لایەنەکانی حکومەتی عێراقەوە، بەتایبەتی لەنێوان هەردوو لیستی دەوڵەتی یاسا و عێراقییەدا، ئەوەی ئەلف و بای سیاسەت بزانێ، هەست بە شەرم دەکات کاتێك تەماشای ئاستی نزمی ئەو دوو لایەنە بکات لە بەڕێوەبەردنی قەیرانەکەدا پیادەی دەکەن دوای ئەوەی هەردوو پەرلەمانتار کەمال ساعیدی و حەیدەر موللا لەناوپەرلەماندا بە بۆکس شەرەدەست بەربوونە یەکتری، ئێستا گەلی عێراق کەوتۆتە ململانێیەکی سەیر و خوێناوی کە پێویستی بە گۆڕان هەیە، نەك ئەو گۆڕانەی کە بە هات و هاوار و قیژەقیژەوە ناکۆکییەکان توندتر دەکاتەوەو هانی خوێنڕژانی زیاتری عیراقییەکان دەدات، دواتریش هێزەکانی تیرۆر سوود وەردەگرن لە تێکچوونی بارودۆخەکە، هەروەکو چۆن لەم مانگانەی دواییدا چەند زەبرێکی کوشندەیان لەگەلی عێراقدا، بەهۆیەوە سەدان هاووڵاتی سڤیل شەهید و بریندار بوون، بەتایبەتی لە شەقامەکانی بەغدا، هیچ چارەیەکی گونجاو لە ئاسۆدا نابیندرێت، وێڕای ئەو بانگهێشتەی بەڕێز سەرۆکی هەرێم بۆ بانگکردنی لایەنە ناکۆکەکان تا لەسەر گرفتەکانیان هەڵوەستە بکرێت و چارەسەر بدۆزێتەوە وەك ناوبژیوانێکی بەهێز، هەروەها وەك خاوەن ئیرادەیەکی جیاواز لە ناو وڵاتێکدا کە ئیرادەی تیادا نەماوە، لەبەرئەوە چارەسەری پێشنیازکراو بۆ ئەو پێگە بچووکە کە کەلێنێکی گەورەی تێ کەوتووە ناتوانرێت بپارێزرێت بەڵکو هەر کاتێك بێت بە خراپترین شێوە دەتەقێتەوە، بۆیە تەنیا چارەسەر لەوەدایە سەرۆکی حکومەت بڕیاری هەڵبژاردنێکی پێشوەختەی سەرتاسەری بدات، رەنگە پەرلەمانێکی تازەی لێ بەرهەم بێت و چەند هاوپەیمانێتییەکی لێ بکەوێتەوە کە دوور بن لە موحاسەسەی تایەفەگیری، ئەم چارەسەرەش دوور نییە لە مەحاڵەوە بەمەرجێك دامودەزگا ئایینی و مەرجەعە سوننی و شیعییەکان بێلایەنانە بوەستن لەم ناوەندەدا تا هەندێك بەندی تایبەت بە یاساکانی هەڵبژاردن چاکسازی تێدا بکرێت و کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانیش لەو تۆمەت و هەڵانە دەربچێت کە پێی تاوانبار دەکرێت و حکومەتێکی کاتیی بۆ زامن کردنی بێلایەنی هەڵبژاردنەکە دابمەزرێت، ئەو کاتە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠ باشتر دەردەچێت و لە بەرژەوەندی هاووڵاتیان و یەکبوونی نیشتمانی دەکەوێتەوە..

ئەو کۆبوونەوەی بڕیار بوو رۆژی شەممەی رابردوو لەنێوان سەرکردەی لایەنە سیاسییەکانی عێراق بۆ بڕیاردان لەسـەر مانەوە یان کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بکرێت، بەهۆی کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو حەمایل خانی هاوسـەری بارزانی نەمر و دایکی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بۆ کاتێکی نادیار دواخرا، هۆکاری دواخستنەکەشـی لەبەر ئەوەیە کە زۆربەی سـەرکردە عێراقیەکان هاویەشی رێورەسمی پرسەی خوالیخۆشبوو حەمایل خانن و هاتوونەتە هەولێری پایتەخت.

# باردۆخی عێراق پێویستی بەمانەوەی هێزەکانی ئەمریکایە



مەسەلەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا پەیوەستە بە دەقی ئەو ڕێککەوتنە ئەمنییەی لەنێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی ئەمریکا ئیمزاکراوە، بەپێی ئەو ڕێککەوتنە دەبێت لە ٢٠١١/١٢/٣١ هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بکشێنەوە ئەگەر لایەنە عێراقیەکان خۆیان داوای مانەوەی هێزەکان لە عێراقدا نەکەن، داواکاری لایەنە عێراقیەکانیش بۆ مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا پەیوەستە بە بڕیارێکی هەمەلایەنەی عێراقیەکانەوە، بۆیە گرنگە سەرکردەی لایەنە سیاسییەکانی عێراق هەموو پێکەوە کۆببنەوە و کۆدەنگیەك لەسەر ئەو پرسە دروست بکەنەوە، بەڵام هەرچۆنێك سەیری ئەم مەسەلەیە و ئاستی توانای هێزەکانی عێراق لەم قۆناغەدا دەکرێت، هەموو لایەنە سیاسییەکان بەشێوەیەکی زمنی دان بەو ڕاستیەدا دەنێن کە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەم قۆناغە بۆ عێراق

**سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق ڕاشکاوانە بەهۆیەکانی ڕاگەیاندنی ڕاگەیاندووە کە سوپای عێراق تاکو ساڵی ٢٠٢٠ ئەو توانایەی نابێت کە بتوانێت ئاسایش و سەقامگیری عێراق مسۆگەر بکات**

پێویستە، بەڵام وەك دەردەکەوێت لایەنە عێراقیەکان سەرقاڵی کێشەو ناکۆکیەکانی نێوان خۆیان و هەتا ئێستا نەیانتوانیوە بڕیارێکی یەکلاکەرەوە لەم بارەیەوە بدەن، حکومەتی عێراقیش ئاماژەی بەوەکردووە کە مەسەلەی کشانەوەی هێزەکان یان بڕیاردان لەسەر مانەوەی ئەوە پرسێکە پێوەندی بە بڕیاری پەرلەمانی عێراقەوە هەیە، بەڕێز جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراقیش ئەو ڕاستیەی نەشاردۆتەوە کە بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی لەسەر هێزەکانی سوپای عێراق بەدەستی گەیشتوون، هێزەکانی عێراق لەم قۆناغەدا لەو ئاستەدا نین کە بتوانن تەواوی سنوورەکانی عێراق بپارێزن و بەپەرچی دەستدرێژییە دەرەکیەکان بدەنەوە، لەسەر ئاستی بۆچوونە سەربازییەکانیش بابەکر زێباری سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق ڕاشکاوانە بەهۆیەکانی ڕاگەیاندنی

**مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا پەیوەستە بە بڕیارێکی هەمەلایەنەی عێراقیەکانەوە بۆیە گرنگە سەرکردەی لایەنە سیاسییەکانی عێراق هەموو پێکەوە کۆببنەوە و کۆدەنگیەك لەسەر ئەو پرسە دروست بکەنەوە**

ڕاگەیاندووە کە سوپای عێراق تاکو ساڵی ٢٠٢٠ ئەو توانایەی نابێت کە بتوانێت ئاسایش و سەقامگیری عێراق مسۆگەر بکات، سەبارەت بەم مەسەلەیە پرسیارمان لە پەرلەمانتاری دەوڵەتی یاسا عەبدولعەباس حەمود کرد، ئەویش جەختی لەسەر ئەوە کردەوە مەسەلەی مانەوەی هێزەکان پێوەندی بە بڕیاری لایەنە سیاسییەکان هەیە لەمبارەوە وتی: (ئەم مەسەلەیە پێوەندیی بە مانەوە و کشانەوە نییە، بەڵکو پەیوەستە بەو ڕێککەوتنەی کە لە ٢٠١١/١٢/٣١دا کۆتایی دێت، ئەم ڕێککەوتنەش مایەی درێژپێدان و نوێکردنەوە نییە و ئێستا وتووێژ هەیە لەوبارەیەی کە قەوارە سیاسییەکان ڕێکبکەون بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتنێکی نوێ یان نا، بۆیە ئێمە لەبەردەم دوو هەڵبژاردنین یان ئەوەیە ڕێککەوتنێکی نوێ واژۆبکەین یاخود نا. بۆیە ئەگەر هات و کۆدەنگی نەبوو لەسەر واژۆکردنی ڕێککەوتنێکی نوێ ئەوکات ئەم ڕێککەوتنەی کە ئێستا هەیە لە بەرواری ٢٠١١/١٢/٣١ کۆتایی دێت و ئەوکات پێویستە هەموو هێزە بیانییەکان لە عێراق بکشێنەوە، ئەگەر گەیشتینە ڕێککەوتنیش ئەوا مانەوەیان شەرعی دەبێت، ئەم مەسەلەیە جۆرە ئاڵۆزییەکی تێدایە، بۆیە ئەگەر هیچ کۆدەنگییەکی

**مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا پێویستی بە ڕێککەوتنی نوێ نییە، بەڵکو پێویستی بە ڕێککەوتنە لەنێوان هەردوو وەزارەتی بەرگری ئەمریکا و عێراق بۆ ئەوەی بزانن پێداویستیەکانی هێزەکانی عێراق چین**

نیشتمانی لەم بارەیەوە ڕوونەدات، ئەوکات پێموایە زەحمەتە ڕێککەوتنێکی نوێ واژۆبکرێت. ئەم مەسەلەیە قووڵ و ئاڵۆزە و پێویستیی بە دانوستان و تێگەیشتن هەیە و پێویستە بزانین ئەرکەکانی حکومەت چین، بۆنموونە ئەگەر هات و بارەکە پێویستیی بە مانەوەی ڕاهێنەران و پسپۆڕان هەبوو، ئەوکات پێویستە بزانین ژمارەکەیان چەند دەبێت و پێویستیمان بە مانەوەی چەند کەس لەوانە هەیە، هەروەها بزانین ئەوان لەکوێ دەبن و هۆکارەکان چین لە تەواجودیان لەو شوێنانە، لەگەڵ هەموو وردەکارییەکانی تر لەمبارەیەوە و ئەم هەموو شتانەیش پێویستی بە تەوافوقی سیاسی هەیە)).

سەبارەت بەو خاڵەی کە پەرلەمانتارەکەی لیستی دەوڵەتی قانوون ئاماژەی بەوەکرد، کە ئەم مەسەلەیە پێویستی بە واژۆکردنی ڕێککەوتنێکی نوێ هەیە، هەندێك لەپسپۆڕان بەو جۆرە دەیبینن کە ئەم

**هەر دەبێت قەوارە سیاسییەکان بگەنە بڕیارێکی هاوبەش، بەڵام پێش گەیشتن بە بڕیارێکی هاوبەش پێویستە کەشو هەوا فەراهەم بکرێت لەبارەی ژمارەی هێزەکان**

مەسەلە پێویستی بە ڕێککەوتنی نوێ نییە لەنێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی ئەمریکا، بەڵکو پێویستی بە ڕێککەوتنە لەنێوان هەردوو وەزارەتی بەرگری ئەمریکا و عێراق بۆ ئەوەی بزانن پێداویستیەکانی هێزەکانی عێراق چین، هەروەها لێدوانەکانی باڵیۆزی ئەمریکاش لەعێراق لەلایەك ئاماژەی ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کە زۆربەی زۆری پەرلەمانتارانی عێراق لەسەر مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق ڕازی دەبن، لەلایەکی دیکەش ئاماژەی ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کە لەکاتی خۆیدا و بەپێی ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی عێراق و ئەمریکا دەکشێنەوە، ئەم حاڵەتەی لەقسەکانی باڵیۆزی ئەمریکا دەخوێنرێتەوە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا بەبێ خواستی عێراقیەکان لە عێراق بمێننەوە، ئەوا ڕای گشتی ئەمریکا

ناکات، بەڵام ئەگەر لایەنە عێراقیەکان بگەنە ڕێککەوتن و خۆیان ئەو داوایە بکەن، ئەوا ئەمریکا هێزەکانی خۆیشی لە عێراق بهێڵێتەوە ناکەوێتە ژێر گوشاری هێزەکانی ئەمریکا، بەڵام لەو حاڵەتەدا ئەگەر لایەنە عێراقیەکان نەگەنە ڕێککەوتن، ئەوا ئەمریکا ناتوانێت پابەندی ڕێککەوتنەکە نەبێت، سەبارەت بە ڕێککەوتنی لایەنە عێراقیەکان لەسەر ئەم پرسە، پرسیارمان لە حوسام عەزاوی پەرلەمانتاری لیستی ئەلعراقیە کرد سەبارەت بەوەی ئایا تاچەند



عەبدولئیلا کازم بۆ گوڵان:

**لیستی عێراقیە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەی «هەولێر» بەبنەما دەزانێت بۆ وەرگرتنی هەڵوێستی هاوبەش و بڕیاری سیاسی و ستراتیژی بە مەسەلەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاشەوە**

ئومێدی ئەوە دەکرێت لایەنە سیاسییەکان بگەنە ڕێککەوتن و تاچەند ناکۆکیەکانی ئێستا ڕێگر دەبن بۆ گەیشتن بەو ڕێککەوتنە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەی گوڵاندا عەزاوی وتی:(لەکۆتاییدا هەر دەبێت قەوارە سیاسییەکان بگەنە بڕیارێکی هاوبەش، بەڵام پێش گەیشتن بە بڕیارێکی هاوبەش پێویستە کەشوهەوا فەراهەم بکرێت لەبارەی ژمارەی هێزەکان، مەبەستم چەند لە هێزەکان بمێنێتەوە، هەروەها ڕێکبکەوین لەوبارەیەی کە ئەو هێزانە ئایا جەنگین یان ڕاهێنان یاخود پاڵپشتیکارن، بەڵام پێش ئەم هەموو شتانەیش پێویستە لەسەر حکومەت و سەرۆک وەزیران بەو ئیعتوبارەی کە فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانە، پێویستە ڕاپۆرتێکی چڕ و پڕ و تەواو پێشکەش بکەن لەبارەی ئاستی ئامادەباشیی هێزەکانمان، ئێستا ئەو سەرۆك وەزیرانە و لەهەمان کاتیشدا وەزیری بەرگری و ناوخۆیە، بۆیە پێویستە لەسەری ڕاپۆرتێك پێشکەش بکات لەسەر ئاستی ئامادەباشیی هێزەکان و شیبکاتەوە بزانین ئامادەکردنی هێزەکانمان کە کامڵ دەبێت بۆئەوەی دەرفەت لەبەردەستمان هەبێت و بزانین چۆن بڕیاربدەین لەسەر مانەوە یاخود کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق. لایەنێکی تر و گرنگ، هەر پاش واژۆکردنی ڕێککەوتنەکە لەساڵی ٢٠٠٨دا دەبوا حکومەتی عێراقی لەو کاتەوە خشتەیەکی کاتیی دروستی ئامادەبکردبا لەبارەی دروستکردنی هێزە ئەمنییەکان، بۆنموونە دەبوا دەستنیشانیان بکردبا هێزەکانی سەر زەوی پاش ٣ ساڵ کامڵ دەبێت یاخود هێزە ئاسمانییەکان پاش ٢ ساڵ، بەڵام بەداخەوە ئەم شتەیان نەکرد، بەڵام هەندێك نیشانە هەیە «موئەشیرات»، لەلایەن بەرپرسە سەربازییەکان، لەلایەن بەرپرسە باڵاکان-ەوە، ئەوان پێیانوایە کە هێزە سەربازییەکان بەتەواوەتی ئامادەنین بۆ وەرگرتنی دۆسیەی ئەمنی بەو ئاستەی کە بتوانن ئاسایشی ناوخۆ کۆنترۆڵ بکەن و لە هەڕەشەی دەرەکی بیپارێزن، ئەمڕۆش بەداخەوە دەستدرێژی هەیە بەسەر «سیادە»ی عێراق بۆنموونە ئێران دەستدرێژیی هەیە بەسەر کوردستان، بۆیە من پێموایە کە پێویستە ئەم مەسەلەیە بەشێوەیەکی ورد و کاریگەر یەکلابکرێتەوە بۆئەوەی کۆدەنگییەکی سیاسی دروستبێت لەسەر مەسەلەی مانەوە یاخود کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، بەڵام پێش ئەمە پێویستە ڕاپۆرتێکی ڕوون و ئاشکرا لەلایەن حکومەتەوە ئامادەبکرێت بۆمەبەستی ئاگادارکردنەوەی ئەنجومەنی نوێنەران و قەوارە سیاسییەکان بۆئەوەی شتەکان ڕوون بن و بتوانرێت بڕیارەکان دەربکرێن)).

سەبارەت بە هەڵوێستی تەیاری سەدر لەسەر ئەم پرسە و لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان حوسام عەزاوی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە ئەو بڕیارەی دەدرێت بۆ مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا پێویستی بە دەنگی زۆرینەیە ئەگەر زۆرینەی لایەنە عێراقیەکان دەنگی بۆ بدەن، ئەوا لیستی سەدریش دەبێت پابەند بێت پێیەوە، لەمبارەوە پێی وتین: (بێگومان هەموو ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی لەنێوان دوو دەوڵەت واژۆدەکرێت پاش ڕێککەوتنی، بۆنموونە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی وڵاتی بەرامبەر، بۆیە ڕێککەوتن لەسەر ئەم مەسەلەیە پێویستیی بە دەنگی زۆرینەی ڕەها هەیە، لێرەشدا پێویستە ڕێککەوتنی سیاسی لەنێوان لایەنە سیاسییەکان لەمبارەیەوە ڕوویدات بۆئەوەی کۆدەنگی هەبێت لە دروستکردنی بڕیارەکان و بۆئەوەی کە ئەگەر هات و بڕیارماندا



عەبدولعەباس حەمود بۆ گوڵان:

**ئێمە لەبەردەم دوو هەڵبژاردنین یان ئەوەیە ڕێککەوتنێکی نوێ واژۆبکەین یاخود نا، ئەگەر گەیشتنە بڕیارێکی هاوبەش هێزەکانی ئەمریکا شەرعیەتی مانەوەیان دەبێت**

هێزەکان بمێننەوە ئەوکات پێویستە بیانوی بەرچاو هەبێت و شتەکان بۆ گەلی عێراق ڕوونبێتەوە و لایەنە سیاسییەکان و ئەنجومەنی نوێنەران و حکومەت بەئاگابن لە وردەکارییەکان، پێویستە وردەکارییەکان شیبکرێنەوە بۆنموونە لەبارەی ژمارەی هێزەکان کە پێویستە بمێننەوە لەگەڵ شیکردنەوەی ئاست و جۆری کارکردنیان و پسپۆری و بواری چالاکییەکانیان، بەشێوەیەك کە پاش واژۆکردنی ئەم ڕێککەوتنە هێزەکانی ئەمریکا و لایەنی ئەمریکی کاری ڕاستەقینە ئەنجام بدەن لەپێناو بونیادنان و ئامادەکردنی هێزەکانمان بەشێوەیەك کە هێزەکانمان لەتوانیاندا هەبێت

ئاسایشــی ناوخۆ و ســنوورەکانی عێراق بپارێزن)).

**جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی هەولێر لایەنەکان زیاتر لێك نزیکدەکاتەوە**

ئــەوەی وەك خاڵی ســەرەکی ئاماژەی پێدەکرێــت ئەوەیە کــە ناکۆکی ئێســتای نێوان پێکهاتە ســەرەکیەکان و خۆدزینەوە لە بەندەکانی ڕێککەوتنی هەولێر کە حکومەتی ئێستا لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕێککەوتنە هاتۆتە ئاراوە بەخاڵی گرنــگ دادەنرێت بۆ ئەوەی لایەنەکان لەسەر پرسی بڕیاردان لەسەر مانەوە یان کشــانەوەی هێزەکانی ئەمریکا باشــتر ڕێکبکەون، ســەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە عەبدولئیلــا کازم وتەبێژی فەرمی تاریق هاشــمی کرد و سەبارەت بەم لایەنە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (لیستی «عێراقیە» پێیوایە کە جێبەجێکردنــی ڕێککەوتنەکەی «هەولێر» بنەمایە بۆ وەرگرتنی هەڵوێستی هاوبەش بۆ هەموو قەوارە سیاسییەکان، لەگەڵ هاوبەشبوون لە بڕیاری سیاسی و ستراتیژی لەزمنیشیان مەسەلەی کشانەوەی ئەمریکا. بۆیە، جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنەکەی هەولێر کاریگەریــی نێگەتیڤانــەی دەبێت لەبارەی وەرگرتنــی ئەم جۆرە هەڵوێســتانە. لەگەڵ ئەمانەشــدا ئامانەوێ ڕەشــبین بین، بەڵام پرۆسەی سیاسی لە عێراق گەماڕۆدراوە بە مەترســییەکان و لەچەندین ڕووەوە، بۆنموونە لەبارەی نەگەیشتن بە هەڵوێستێکی سیاسیی یەکگرتوو، ئەمانە وێڕای هەڕەشەی دەرەکی و کێشــەکان لەڕووی ئاسایش و تەقینەوەکان و ڕەوشــی ئەمنی، هەروەها ڕەوشی سیاسی لــە عێراق و کێشــەکانی ســەقامگیری و واقیعــی بارودۆخی سیاســی و ئابووری، ئەمانــە هەموویــان فاکتەرن و هەڕەشــەن لەســەر عێراق و کاردانەوەی نێگەتیڤانەیان لەســەر عێراق و بارودۆخەکانی عێراق هەیە. سەبارەت بە مەسەلەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، بێگومان قەوارە سیاسییەکان ناتوانن هیچ بڕیارێــك دەربکەن تەنیا پاش گفتوگۆ و وتووێــژ نەبێت، لەگەڵ دیراســەتکردنی واقیعــی ئاســایش و دۆســیەی ئەمنیی حکومەتی عێراقی، بەرێز ســەرۆك وەزیران-یش وەك پێویســت شتەکان بۆ لایەنەکانی تر ئاشــکراناکات و خاوەن هەڵوێستێکی ڕوون و ئاشکرا نییە بۆئەوەی ئێمە بتوانن پێشبینیی ورد دروســتبکەین. لەلایەنێکــی تــرەوە کێشەی سیاســی و بارودۆخەکە شڵەژاوە کە کاریگەریــی نێگەتیڤانەی هەیە و یاریدەدەر نییــە بۆ یەکگرتنی ڕیــزەکان و ڕوونبینینی دیمەنە سیاســییەکە. ئەم هەموو فاکتەرانە کاریگەریــی نێگەتیڤانەیــان لێدەکەوێتەوە و مایەی هەڕەشەن لەســەر عێراق، نەك تەنیا لەڕووی کشــانەوە یان مانــەوەی هێزەکانی ئەمریکا، بەڵکو چەندین هەڕەشە و ترسی تر هەیە لە چواردەوری ئەم دۆسیەیە)).

**بێدەنگی حکومەتی عێراق لەسەر تۆپبارانەکان**

سەرۆك کۆماری عێراق ئاماژە بەوەدەکات ڕاپۆرتە ســەربازییەکان دەربارەی ڕەوشــی



**حوسام ئەلعزاوی بۆ گوڵان:**

> **پێویستە پێش ئەوەی بڕیار لەسەر مانەوەی یان کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بدەین، سەرۆك وەزیران بەو سیفەتەی خۆی وەزیری بەرگریشە ڕاپۆرتێك پێشکەشی هەموو لایەنەکان بکات**


ســنوورەکان ئاماژە بەوەدەکەن، کە هێزەکانی عێراق بەتەواوەتی توانای پاراستنی سنوورەکان و بەربەرچدانەوەی دەستدرێژی دەرەکیان نییە، هەر بۆیە ئەگەر لــەم چوارچێوەیە بێدەنگی عێــراق لەبەرامبەر تۆپبارانی ســنوورەکانی هەرێمی کوردســتان بخوێننەوە، بەشێوەیەکی زمنــی ئەو مانایەمان پێدەڵێت، کە ئەم جۆرە بێدەنگیە جۆرە لاوازییەکــی لێدەخوێنرێتەوە، هەربۆیــە هێزەکانــی ئەمریکا هەڵوێســتی باشتریان هەیە، ســەبارەت بەم واقیعەی کە ئێســتا بوونی هەیــە، عەبدولعەباس حەمود پەرلەمانتــاری دەوڵەتــی یاســا پێیوایــە حکومەتی عێراق لە هەوڵە دیپلۆماتیەکانی بەردەوامــە و بێدەنــگ نەبــووە، لەمبارەوە بەگوڵانی ڕاگەیانــد: (حکومەت بێدەنگ نییە، دوێنێ(مەبەســتی ڕۆژی ٥شەممەی ڕابــردووە) کۆبوونەوەیەك لەنێوان فەرماندەی هێزەکانی سنووری عێراق، لەگەڵ فەرماندەی هێزەکانی سنووری ئێران ئەنجامدرا، هەڵبەتە فەرمانــدەی هێزەکانی ســنوور پێوەندیی بە حکومەتەوە هەیە و کۆبوونەوەکەیان لەســەر بۆردومانەکانــی ئێــران بوو بەســەر ناوچە ســنوورییەکانی پارێزگای هەولێر، هەر بۆیە حکومەت لەم بارەیەوە بێدەنگ نەبوو، بەڵکو ئیدانەی ئــەو کارانەی کــرد و جموجۆڵی هەبوو بۆ زانینی هۆکارەکانی بۆردومانەکان و ئەمڕۆ گفتوگــۆکان بەردەوامە، تەنانەت ئەنجومەنی نوێنەرانیش لەم بارەیەوە کۆبۆوە و شاندێك سەردانی شوێنی بۆردومانەکانی کرد و بڕیاربوو شاندەکە ئەمڕۆ ڕاپۆرتێك پێشکەش بکات، بەڵام پێشکەشــکردنی ڕاپۆرتەکە بۆ دانیشتنەکەی ڕۆژی شەممە مایەوە).

ئەم هەوڵانەی عەبدولعەباس باســی کرد، ئەو جۆرە هەوڵانە هەبوون، بەڵام ئەم هەوڵانە دوای بێدەنگیەکی زۆر و دوای بۆماوەیەکی درێژ بۆردومانەکان بــەردەوام بوون، هەروەها وەك پەرلەمانتار حوسام عەزاویش لە درێژەی لێدوانەکەی ئاماژەی پێکرد: (ئەمە گەورەترین کێشەیە، ئەمە یەکەم جار نییە، چەندین ساڵە بۆردومانەکان بەردەوامــە لەلایەن «ئێران» و «تورکیــا» و دەســتدرێژی لەســەر ئاوە نێودەوڵەتییەکان و دەستێوەردانەکانی «کوێت». بەداخــەوە، لەکاتی نەمانی دروســتکردنی بڕیــاری ڕاســتەقینە و هاوبەشــبوونی ڕاســتەقینە لە دەرکردنی بڕیارەکان، ئەوکات دووچاری شــڵەژاوی دەبین. ئێمە خوازیارین هاوبەشــییەکی ڕاســتەقینە بێتەکایــەوە لە دروســتکردنی بڕیارەکان و بەرپرســیارەتی لەئەســتۆ بگریــن بۆئــەوەی بڕیارەکانمان بڕیاری پێگەیشــتوو و کاریگەر بن لەســەر بنەمای بەرژەوەندییەکانــی هاوولاتیان نەك لەپێناو بەرژەوەندیی کەسی)).

بەهەرحاڵ هەر چۆنێك سەیری بارودۆخی ئێستای عێراق و هێزەکانی سوپا و ئاسایشی عێــراق بکرێت، بارودۆخەکە لەوە قورســترە کە بەبێ بوونی هێزەکانی ئەمریکا ڕەوشــی سەقامگیری عێراق بپارێزرێت، هەر بۆیە زۆر گرنگە هەموو لایەنە سیاســییەکان پێکەوە بڕیارێکی نیشتمانی ئەتۆ بدەن کە ئایندەی عێراق نەکەوێتە مەترسییەوە.

# سیاسەتی دانیشتووان لە نێوان گەشەپێدان و دابەشبوونی جیوگرافی

## (هەرێمی کوردستانی عێراق وەک نموونە)



د: خەلیل ئیسماعیل محەمەد

کێشـــەی دانیشتووان وەك کێشـــەیەکی جیهانی لە کۆتاییەکانی ســـەدەی هەژدەیەمـــەوە دەرکەوت، توێژەران لە پێشـــبڕکێ دابوون بۆ دانانی چارەسەر و شـــرۆڤەکردن لەســـەر دارِشـــتنەوەی سیاسەتێك بۆ چارەســـەری ئـــەو کێشـــەیە، بەتایبەتی دوای پێشبینی و داخوازییەکانی «ماڵتوس» کە زەنگی ئاگادارکردنەوەی بۆ زیادبوونی دانیشتووانی جیهان لێدا، لەبەرامبـــەر کەمبوونەوەی بەردەوامی خۆراك لەســـەر زەویدا، دیمۆگرافییەکان لەگەڵ زیادبوونی قەبارەی دانیشتووان لە سەدەی رابردووەوە کە لەدوو ملیارەوە بۆ شەش ملیار زیادبوون، بایەخی زیاتریان بەم کێشەیەدا، بنوارِە ئەم لیستەی خوارەوە.

ژمارەی دانیشتووانی جیهان (١٩٠٠- ٢٠٠٠)

| ســـاڵ | ژمارەی دانیشـــتووان (بە ملیۆن) | زیادبوونی ساڵانە (بە ملیۆن) |
|---|---|---|
| ١٩٠٠ | ١،٧٠٠ | --- |
| ١٩٥٠ | ٢،٥٠٠ | ١٦،٠ |
| ١٩٧٠ | ٣،٦٣٠ | ٥٦،٥ |
| ١٩٨٠ | ٤،٤٣٠ | ٨٠،٠ |
| ٢٠٠٠ | ٦،١٠٠ | ٨٣،٥ |

لـــە ژێر رۆشـــنایی ئەو لیســـتەی ســـەرەوەدا، دامودەزگا جیهانی و هەرێمییـــەکان گرنگییەکی تایبەتیان بە مەســـەلەی دانیشتووان دەدا، بەتایبەت دامودەزگاکانی un، چەندین کۆنگرەی نێودەوڵەتی و کیشـــوەری بۆ دەرچوون لەو قەیرانەی تایبەت بە دانیشـــتووان بەسترا، لە ســـاڵی ١٩٤٦ لیژنەیەکی تایبەت بە دانیشتووان لە un دامەزرێندرا، ئامانجی ئەم لیژنەیە پێشکەشکردنی هاریکاری و پسپۆرایەتی بوو لەبوارەکانی سیاسەتی دانیشتووانی ولآتانی تازە پێگەیشـــتوو. یەکەمین کۆنگرەیان لە رۆما ساڵی ١٩٥٤ بە سەرپەرشـــتی نەتەوەیەکگرتووەکان سازدا، تاکو ئێســـتاش ئەم جۆرە کۆنگرانە درێژەیان هەیەو بۆ هەر چوارســـاڵ جارێك ســـاز دەکرێن، جگە لە کۆنگرەی ئاســـیا کە لە ساڵی ١٩٦٣ لە هیندستان سازدرا، کە بەهۆیەوە سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان دەستکەوتێکی کۆنگرەکە بوو، تێبینی ئەوە دەکرێت مەترسی گرفتی دانیشتووان تەنیا بۆ ئەو ولآتانـــە نەبێت کە ژمارەیان بـــە خێرایی زیاد دەبێت، بەڵکو گرفتەکە ئەو ولآتانەش دەگرێتەوە کە قەبارەی دانیشتووانیان کەمە.

چونکە بێکاری وا لە خەڵکی دەکات کۆرِەو بکەن بۆ شوێنانی تر. ئەوەش گرفتی ئابووری و ئاسایش لەو دیو ســـنوورەکانەوە بۆ ئەو شـــوێنانە دروســـت دەکات. گرووپێك لە شـــرۆڤەکارانی ئەم بوارە پێیان وایە سیاسەتێکی دیاریکراو دابنێن و تەوەرەکەی لە دەوری چارەســـەرکردنی گەشەسەندنی دانیشتووان بســـورِێتەوە، بە ئامانجی فەراهەم کردنی ئاستێکی گونجاوی ژیانی ئاسایی بۆ هاوولآتییان، گرووپێکی تر پێیانوایـــە گرفتەکە لە نارێکی دابەشـــبوونی دانیشتووانەوەیە، بۆیە نەخشەی سیاسەتی دانیشتووان بەو شـــێوەیە دەکێشن کە هاوســـەنگی دروستبکەن لەنێوان قەبارەی دانیشـــتووان و تواناکانی ناوچەکە لە فەراهەمکردنی خزمەتگوزاری پێویستی ژیاندا، چەند دەزگایەکی تایبەت لە نەتەوەیەکگرتووەکانەوە تەرخانکراون بۆ لێکۆڵینەوەی مەیدانی لەسەر زۆربەی ولآتانی تازەپێگەیشـــتوو، هەروەها بۆ دارِشتنەوەی دابەشبوونی جوگرافی دانیشتووان، چونکە هەندێ دەوڵەت بەشێوازێکی زۆر خێرا ژمارەی خەڵکەکەی زیاد دەکات و دەبێتە هۆی نوشوســـتی پێکهێنانی پرۆسەکانی گەشـــەپێدان. دەتوانین بڵێین سیاسەتی دانیشتووان لەجیهاندا لەم خاڵانە پێکدێت.

١- سیاسەتی دانیشتووان و گەشەسەندن.
٢- سیاسەتی دانیشتووان و دابەشکردنی خەڵك.
٣- سیاسەتی دانیشتووان و کۆرِەو کردن.

### سیاسەتی دانیشتووان و گەشەسەندن

جیهان لەســـەدەی رابردوودا لـــە رووی رێژەی دانیشـــتووانەوە زیادبوونێکی سەیری بەخۆوە بینی، لە کاتێکدا وا دانرابوو بۆ هەر سەد ساڵێك یەك ملیار

مرۆڤ لەسەر زەوی زیاد بکات، بەڵام ئێستا تەنیا لە ماوەی ١٢ ساڵدا ملیارێك کەس زیاد دەکات، تەماشای ئەم لیستەی خوارەوە بکە:

ژمارەی ساڵە پێویستەکان بۆ زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان (بە ملیار)

| ساڵ | ژمارە (بە ملیار) | ساڵەکانی پێویست |
|---|---|---|
| ١٨٢٥ | ملیاری یەکەم | --- |
| ١٩٢٥ | ملیاری دووەم | ١٠٠ |
| ١٩٦٠ | ملیاری سێیەم | ٣٥ |
| ١٩٧٥ | ملیاری چوەرم | ١٥ |
| ١٩٨٧ | ملیاری پێنجەم | ١٢ |
| ١٩٩ | ملیاری شەشەم | ١٢ |
| ٢٠١١ | ملیاری حەوتەم | ١٢ |

لەکاتێکدا رێژەی گەشەسەندنی دانیشتووان گەیشتە ١,٧٪ ی ساڵانە لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا بەڵام تاکو ئێستاش ئەو رێژەیە دانەبەزیوە، ئێستاش نزیکە ١,٥٪ەوە. ئاماژەکان وا دەردەخەن کە بەکۆتاییهاتنی ئەم سەدەیە ژمارەی دانیشتووان بگاتە ٨ ملیار کەس. لێرەوە دیموگرافییەکان چارەسەری ئەم گرفتەیان خێراتر کردووە، ئەوەشیان لەبەرچاو گرتووە کە هاوسەرگیری کەمترە لەچاوجاران، هەندێك لەو وڵاتانەی کە قەبارەی دانیشتووانیان لە چاو قەبارەی جوگرافییان کەمترە، خەڵکی هان دەدەن بۆ خستنەوەی منداڵ، هەروەها یاسا دادەرژن بۆ ئەوەی خەڵکی وڵاتانی تر بەرەو وڵاتەکەیان بچن.

### سیاسەتی دانیشتووان و دابەشکردنی خەڵکی

نەخشەکانی دابەشبوونی جوگرافی بۆ دانیشتووانی جیهان لەسەر ئاستی کیشوەر و هەرێمایەتی ئاماژە دەرن بە شوێنەکانی دابەشبوون کە لەهەندێکیاندا چڕی تێدایە، لە شوێنی تریش تەنکی. ئەمەش دوو جۆر سیاسەتی پێویستە. یەکەمیان دارشتنی سیاسەتێك بۆ ئەو ناوچانەی کە تژین بەخەڵکی، دووەمیان دارشتنی سیاسەتێك بۆ ئەو ناوچانەی کە مرۆڤی کەم تێدا دەژی، هەروەها تەماشاکردنی باری جوگرافی هەردوو کەرتی گوندەکان و شارەکان.

سیاسەتەکەش رێگە دەدۆزێتەوە بۆ نەهێشتنی کەلێنی نێوان ئەو دوو شوێنە، هەروەها دانانی بەرنامە بۆ هاوسەنگ بوونی هەموو شوێنەکان لەسەر زەویدا.

### سیاسەتی دانیشتووان و بزووتنەوەکانی

بزاف و جووڵانەوەی مرۆڤ بەتایبەتی رەوکردنی لە گوندەوە بۆ شار، یەکێکە لەو هۆکارە بنەرەتییانەی ئاراستەکرانی گەشەکردنی دانیشتووان و دابەشبوونی جوگرافی دیاری دەکات. کە لە دواتردا گۆرانکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری روودەدەن، باڵی سێبەری خۆیان بەسەر پرۆسەی گەشەسەندنی نەتەوەیی دەکێشن. رەوکردن بە هەموو جۆرەکانییەوە دیاردەیەکی تەندروست و پێویستە. بۆ یەکانگیر بوونی فکرەکان و تەواوکردنی چالاکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و هەندێك جاریش دەبێتە هۆی لەناوبردنی توانای زانستی و پسپۆری هونەری ئەو وڵاتانەی کە خەڵکیان لێ دەردەچن، هەروەها دەبێتە هۆی فشارێکی گەورە بۆ سەر خزمەتگوزاری ئەو ناوچانەی خەڵکیان بۆ دەچن، بۆیە پێویستە وڵاتەکان نەخشەی سیاسەتێکی گونجاو بۆ ئەم چوارچێوانە دارژێن، هەرێمی کوردستانی عێراق لە ئاماژەی گۆرانکارییە دیموکراتییەکان بەدەر نییە، کە رەنگدانەوەی هەیە لەسەر واقیع و ئاراستەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیش. دانیشتووانی هەرێم بە درێژایی سەدەی رابردوو، موعاناتیان چێشتووە، بەهۆی وێرانبوونی ژێرخانی ئابووری و خاپوورکردنی گوندەکانەوە کە بووتە هۆی ئەوەی نەخشەی دابەشبوونی دانیشتووان بشێوێت، دواتر لەگەڵ رزگارکردنی هەرێم ساڵی ١٩٩١ خەڵکی هەوڵیان دەدا بگەرێنەوە سەر زێدی خۆیان، بەڵام بەهۆی نەبوونی سیاسەتی روونی دانیشتووانەوە لەسەر بناغەیەکی زانستیی رێگری هەبوون لەبەردەم چارەسەری بنەرەتی کێشەکەدا. تاکو ئێستاش کەرتی گوندەکان پەراوێز خراون، لە پێنج بەش بەشێکی دانیشتووان پێك دێنن، لەلایەکی ترەوە نەبوونی ئامار و بەیاناتی ورد لەسەر ژمارەی دانیشتووانی هەرێم یەکێکە لەو بەربەستانەی کە دێتەرێگەی سەرنەکەوتنی پەرەپێدانی بەرنامەکانی نەتەوەیی. لەساڵی ١٩٨٧ەوە تەنیا یەك سەرژمێری دانیشتووان ئەنجامدراوە، واتە تاکو ئێستا هەرچی پلان و بەرنامەیەك کە دادەرێژرێ پشتبەستووە بە مەسحی مەیدانی ئەو ئامارەوە کە تەنیا رەنگدانەوەی بارێکی ناتەندروستی سیاسی بووە، نەك واقیعی دیموگرافی، نەخشەدانان بۆ سیاسەتی دانیشتووان لە هەرێمی کوردستان، جەوهەری پرۆسەی پەرەپێدانە لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و هەرێمایەتی. چونکە پێوەندی هەیە بە بەرژەوەندی هاووڵاتییان و دەستەبەرکردنی ئامانجەکانیان. بێگومان جێبەجێکردنی ئاماری گشتی دانیشتووان لە عێراقدا رێگە خۆش دەکات بۆ دانانی بەرنامە و دارشتنەوەی پلان تا ئەو گرفتانەی ئاماژەمان پێدان، چارەسەر بکرێن، ئەویش بە سوود وەرگرتن لە سندوقی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان تا پشتگیری پرۆسەکانی پەرەپێدانی نەتەوەیی پێبکەین.

# چۆن ئامادەکاری بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان و چاودێری بازاڕ لە ڕەمەزاندا کراوە؟

- لیژنەی چاودێری دەسەڵاتی داخستنی ئەو دوکان و شوێنانەی هەیە کە سەرپێچی دەکەن.
- هەرکەسێک نرخ زیاد بکات، سزای دارایی دەدرێت یا سێ ڕۆژ دوکانەکەی دادەخرێت.
- لە ڕەمەزاندا ٢٠ کاتژمێر کارەبا دەدرێت.
- خاوەن دووکانەکان پێویستە نرخ لەسەر هەموو کاڵاو شتەکان دیاری بکەن.
- لەشەواندا ڕێوشوێنی گونجاو دەگرینەبەر بۆ پاراستنی ئارامی و ئاسایشی شار.
- لەدوای ١ و ٢ی شەو دەست بە پاککردنەوەی ناو شار و گەڕەکەکان دەکرێت.
- دەبێت هۆتێل و چێشتخانەو گازینۆکان لە خزمەتی هەموو لایەکدا بن.
- کاتژمێرێک دەوامی فەرمانگەکان کەم دەکرێنەوە.



رەمەزان مانگی خێر و بەرەکەتە، لەم مانگەدا جوولەیەکی گەورە دەکەوێتە بازارەوە، ئەم جوولەیە کۆمەڵێك گۆڕانکاری لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، وەك: خواستی زۆری خەڵك بۆ شت کڕین، بەتایبەتی کەلوپەلی خواردەمەنی، هەمووساڵێك لەم مانگەدا ئەزمەیەك سەبارەت بە هەڵاوسانی نرخ دێتە ئاراوە. لە رەمەزاندا شەوانە دووکان و بازاڕ دەکرێنەوە، خەڵك بەشەوانە پێداویستی خۆی دەکڕێت، ئەمەش وادەکات شەوو رۆژ دووکان و بازاڕ هەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی چەند ئەرکێك زیاد بکات وەك (کێشەی ترافیك، کێشەی پاککردنەوە.

## پۆلیسی هاتوچۆ لە ترافیك لایتەکان ئاسانکاری پێشکەش بە شوفێرەکان دەکەن

نیهاد قۆجە قایمقامی ناوەندی هەولێر سەبارەت بەچاودێریکردن و کۆنترۆڵکردنی بازاڕەکان و لێپرسینەوەی ئەو کەسانەی لەم مانگە پیرۆزە سەرپێچی دەکەن وتی: هەموو ساڵێك کە مانگی رەمەزان دێت خەڵکی پێداویستی زیاد دەبێت، بەمەش خواست لەسەر بازاڕ زیاد دەکات و زۆرجار کەلوپەلەکان کەم دەبنەوە، ئەمە دیوێکی کێشەکەیە، دیوەکەی تر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کاسبکار و بازرگانەکان نرخی شتومەکەکانیان بەرز دەکەنەوە، ئەمەش پێچەوانەی ئاینی ئیسلام و فەرموودەکانی پێخەمبەرمانە، مانگی رەمەزان مانگی خواپەرستی و لێبووردەیی و خۆشەویستیە نەك گەمە کردن بەنرخەکانی بازاڕو زیانگەیاندن بە بژێوی خێزانە هەژار و کەم دەرامەتەکان. بۆ کۆنترۆڵکردنی نرخەکان و هەندێك کاری تر وەکو حکومەت ئیجرائاتی خۆمان هەیە، بۆ ئەم مەبەستە لەقایمقامیەتی ناوەندی شاری هەولێر لیژنەیەك هەیە بەسەرپەرشتی قایمقام، ئەم لیژنەیە ئەرکی بەدواداچوونی نرخەکانی لەئەستۆیە. یەکێك لەو رێنمایی و ئیجرائاتانەی پەیڕەو دەکرێت دانانی نرخە لەسەر کاڵاو کەلوپەلەکان، خاوەن دووکانەکان پێویستە نرخ لەسەر هەموو کاڵاو شتەکان دیاری بکەن.

سەبارەت بەقەرەباڵغی بازاڕەکان و رێکخستنی هاتوچۆوپاککردنەوەی شار و خزمەتگوزارییەکانی شارەوانیش، نیهاد قۆجە دەڵێت: پۆلیسی هاتوچۆ لەم مانگەدا رێنمایی خۆیان هەیەو پێش رۆژوو شکاندن لە ترافیك لایتەکان ئاسانکاری پێشکەش بە شوفێرەکان دەکەن، تەنانەت لەشەوانیشدا کاتێك بازاڕەکان قەرەباڵغە ئامادەییەکی باشیان دەبێت بەهەمان شێوە پۆلیس و هێزەکانی ئاسایش و فریاکەوتن رێوشوێنی گونجاو دەگرنەبەر بۆ پاراستنی هەموو تاکێك.هەروەها سەبارەت بەخزمەتگوزارییەکانی شارەوانیش ئەوا بەپێی زۆن و تیمەکان دەبێ شارەوانی لەدوای ١ و ٢ی شەو دەست بەپاککردنەوەی ناو شار و گەڕەکەکان بکەن.

## خزمەتگوزاری ئاو و کارەبا

سەبارەت بەخزمەتگوزارییەکانی کە لەم مانگەدا پێویستە بۆ هاووڵاتیان و بەڕۆژووبووان فەراهەم بکرێت، دوو خزمەتگوزاری زۆر زۆر گرنگن کە نابێت هاووڵاتیان لێی بێ بەش بن، ئەویش خزمەتگوزاری ئاو و کارەبایە، لەمبارەیەوە قایمقامی هەولێر وتی: تاڕادەیەك کێشەی ئاومان نییە، بەڵام بۆی هەیە لەمانگی رەمەزان ئاو زیاتر سەرف بکرێت، بەتایبەتی لەگەڵ هاتنی شەپۆلی گەرما، بۆ پاراستنی ئاویش پێویستە خەڵکی لەئاستی پێویست زیاتر ئاو بەکارنەهێنن، واتا بەردەرگاو لۆری و ئۆتۆمبێلی پێ نەشۆن، لەبەرئەوەی ئاوی خواردنەوە بەتێچوو و ماندووبوونێکی زۆر دەگاتە ماڵەکان. هەروەها بۆ دابینکردنی کارەبایەکی باش پێویستە کاتێ کارەبای حکومی دەبڕێت موەلیدە ئەهلیەکان کارەبا بدەن.

بۆ رێکخستنی کاتی نوێژەکان و بەربانگ و پارشێو تاوەکو هەر حزبێك لە ڕێگەی میدیاکانیەوە کات بۆ نوێژەکانی دیاری نەکات بۆ ئەمەش قایمقامی هەولێر وتی: رێنمایی و خشتەیەك لە وەزارەتی ئەوقاف دەرچووە کە کاتی بانگەکانی تێدا دیاری کراوە.

## تایبەتمەندێتی هەولێر لەمانگی رەمەزان

هەولێر جیاواز لەهەموو شارەکانی کوردستان کۆمەڵێك تایبەتمەندی هەیە، پێش هەموان پایتەختی کوردستانە و هەروەها ژمارەیەکی یەکجار زۆر خەڵکی لێدەژی کە لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان یان شوێنەکانی دیکەی عێراقەوە تیایدا دەژین،لەمبارەیەوە نیهاد قۆجە قایمقامی ناوەندی هەولێر سەبارەت بە



تایبەتمەندێتی مانگی ڕەمەزان وتی: ڕەمەزان تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، ئەم تایبەتمەندێتیە لە هەولێر پەیوەستە بەخەڵکی دانیشتوانی هەولێر و پێوەندی بە ڕێنمایی حکومەت و ئیدارەوە نییە، هەر بۆیە تایبەتمەندێتی ئەم مانگە جیاوازە لەشارەکانی تر، یەکێك لەو تایبەتمەندێتییە ئەوەیە شەوان خەڵکی دێنە دەرەوەو بازاڕەکان قەرەباڵغ دەبێت، گەنجەکانیش یاری سینی سینی دەکەن و لەمزگەوتەکانیش شەوانە ڕێوڕەسمی ئایینی ئەنجام دەدرێت.

ئەو دابونەریت و تایبەتمەندییە بۆتە جێی دڵخۆشکردنی میوانەکان، بەتایبەتی لە شارێکدا کە بەکۆنترین شارەکانی دنیا دادەنرێت کە ژیانی تێدا بەردەوامە، کەلتوری شاری هەولێر یەك ڕەنگ نییە، بەڵکو هەمەڕەنگەو



قایمقامی ناوەندی هەولێر
بۆ (گوڵان):

## ڕەمەزان مانگی خواپەرستی و لێبووردەیی و خۆشەویستیە نەک گەمە کردن بەنرخەکانی بازاڕ

کەلتووری هەمەڕەنگیش هەمیشە زیندووەو لەناو ناچێت.

لەشاری هەولێر ئێستاکە خەڵکێکی زۆری دەرەوەی هەولێر و وڵاتانی تێدا دەژی و ژمارەیەکی زۆری کۆمپانیای بیانی و کونسوڵییەی وڵاتانیشی لێیە و خەڵکێکی زۆری گەشتیاری تێدا دەمێنێتەوە، هاوکات خەڵکێکیش هەیە بەڕۆژوو نابێت، بۆیە پێویستە بۆ ئەو خەڵکانە چێشتخانەو گازینۆ بکرێتەوە، بەڵام کردنەوەی ئەمانەش بەشێوەیەك بێت کە ڕێز لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆز و خەڵکی بەڕۆژوو بگرێت. دەبێت میوانخانەو هۆتێل و مۆتێل و جێشتخانەو گازینۆکان بەبەردەوامی لە خزمەتی هەموو لایەکدا بن بۆ ئەوانەی بەڕۆژوون و ئەوانەشی بەڕۆژوو نابن.

سەبارەت بەدەوامی فەرمانبەرانیش ڕێنمایی دەرچووە کەوا فەرمانگە حکومییەکان کاتژمێرێك دەوامی فەرمیان کەم دەکرێتەوەو ئێمەش پابەندی ئەو ڕێنماییە دەبین و جێبەجێی دەکەین.

### چێشتخانەو کافتریاکان کراوە دەبن، بەڵام دەبێت ڕێز لە پیرۆزی مانگەکە بگیرێت

زانا محەمەد قایمقامی ناوەندی سلێمانی سەبارەت بەپیرۆزی مانگی ڕەمەزان و خۆئامادەکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر سەرپێچییەك کە لەناو بازاڕدا ڕوودات وتی: بۆ بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی مانگی ڕەمەزان و ئامادەباشی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر سەرپێچیەك کە لەبواری کەرەستەو کاڵای ئێکسپایەر یان گەمەکردن بەنرخەکان بکەوێتەوە هەموو ئامادەکارییەکمان کردووە، ئەمساڵیش بۆ کردنەوەی چێشتخانە و کافتریاکان بۆ هەرسێ پارێزگا بڕیارێکی یەکگرتوومان هەیەو جێبەجێی دەکەین، ئەویش ئەوەیە چێشتخانەو



قایمقامی ناوەندی سلێمانی
بۆ (گوڵان):

## بۆ بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی مانگی ڕەمەزان هەموو ئامادەکارییەکمان کردووە

کافتریاکان کراوە دەبن، بەڵام دەبێت ڕێز لە پیرۆزی مانگەکە بگیرێت، بەڵام شوێنی فرۆشتنی مادده ئەلکحولیەکان دادەخرێت.

سەبارەت بە پاراستنی ئارامی و سەقامگیری هاووڵاتیانیش بەتایبەتی لە شەوانی ڕەمەزان کەوا چاوەڕوان دەکرێت جموجوڵێکی باشی بازاڕ و قەرەباڵغی هەبێت لە ئێستاوە ئامادەکاری دەکرێت، هەموو بوارەکانی چاودێری بازاڕ و تەندروستی و لایەنی ئەمنی ئەندامن لە لیژنەیەکدا کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆمان هەیەو کارەکان بەشێوەیەکی چڕتر و ئامادەباشی زیاتر بەڕێوەدەچێت.

### چوار بنکەی چاودێری بازرگانی لە کۆیە و سۆران و شەقڵاوە و خەبات دامەزران

سەبارەت بەوەی چ بەرنامەیەك لەبەردەستدایە بۆ ئەوەی لە مانگی ڕەمەزان بازاڕ ڕێك بخرێت و ڕێگە نەدرێت گرانی بکەوێتەوە، محەمەد عەباس بەڕێوەبەری چاودرێری بازرگانی هەولێر وتی: لە مانگی ڕەمەزاندا لەشاری هەولێر لیژنەکانی چاودێری بەدواداچوونی وردتر و زیاتر دەکەن بەتایبەتی لەسەر نرخ و کەلوپەلی ماوە بەسەرچوو، تەنانەت بەسەرپەرشتی قایمقامی ناوەندی هەولێر و نوێنەری چاودێری بازرگانی و تەندروستی و بەیتەرە و شارەوانی لیژنەیەکی تایبەت لە قایمقامیەت بەم مەبەستانە دانراوە، ئەو لیژنەیەش بەدواداچوون لەسەر بازاڕ دەکەن و دەسەڵاتی داختنی دووکان و شوێنەکانیشیان هەیە ئەگەر هەر سەرپێچیەکانیان لە بارەی نرخ و کەلوپەلی ماوە بەسەرچوو ببینن، بەڵام بەداخەوە بۆ قەزا و ناحیەکان لیژنەی بەدواداچوونی بازاڕمان نییە، بۆیە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بڕیارێك دەرچووە کە چوار بنکەی چاودێری بازرگانی لە کۆیە و سۆران و شەقڵاوە و خەبات



بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی
هەولێر بۆ ( گوڵان):

## هاووڵاتیان دڵنیا دەکەینەوە ڕەمەزانی ئەمساڵ نرخ بەرز نابێتەوە

دابمەزرێن، ماوەیەکە خەریکن کە کارمەند و فەرمانبەر بۆ ئەو بنکانە دابمەزرێنین تاوەکو دەست بەکاربن بۆ چاودێری بازرگانی لە بازاڕ و دووکانەکانی قەزا و ناحیەکان.

### زیادکردنی ژمارەی چاودێرەکان و چڕکردنەوەی کاتەکانی کارکردنی لیژنەکان

هەر سەبارەت بەبەرزبوونەوەی نرخەکان لەمانگی ڕەمەزاندا پێشڕەو فایەق بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی سلێمانی پێی ڕاگەیاندین: لەگەڵ زیادبوونی داواکاری و خواست ڕاستەوخۆ نرخەکان ڕوو لەهەڵکشان دەکەن، ئەمە هاوکێشەیەکی ئابوورییەو لەکاتی بەرزبوونەوەی خواست لەسەر هەر کاڵاو شمەکێکدا پێویستە لەبەرامبەر خستنەڕووی ئەو شمەکە زیاد بکرێت تاوەکو ڕێ لەهەڵاوسانی نرخەکان بگیرێت، بۆیە پێویست بەکۆنترۆڵکردن دەکات، ئێمە وەکو چاودێری بازرگانی و ئەندام لە لیژنەی باڵای لیژنەی ئابووری پارێزگای سلێمانی هەموو ساڵێك لەسەر ئاستی گشتی و پارێزگای سلێمانی ئامادەباشی

بۆ پێشوازیکردنی هەموو بۆنە نەتەوەیی و ئایینییەکان دەکەین، ئەمەش بە زیادکردنی ژمارەی چاودێرەکان و چڕکردنەوەی کاتەکانی کارکردنی لیژنەو چاودێرەکانمان.

بۆ مانگی رەمەزان بەهاوشێوەی هەفتە بازاڕ لەسلێمانی شوێنێك دیاری دەکەین بۆ ئەوەی کۆمپانیاو بازرگانەکان بتوانن لەو شوێنەدا کاڵاو خواردەمەنیەکانی خۆیان بفرۆشن و نرخەکان گران نەکەن، هاوکات قسەمان لەگەڵ قەسابەکان کردووە تاوەکو گۆشتێکی زۆر بهێنن و رێگە نەدەن نرخی بەرز بێتەوە، هەروەها نرخی زۆربەی کەلوپەل و کاڵاو خواردەمەنیەکان وەرگیراوەو بەراوردی دەکەین بەمانگی رەمەزان تاوەکو لەکاتی بەرزبوونەوەی نرخی هەر کاڵایەك راستەوخۆ هەوڵی داشکانی نرخەکە بدەین.

پێدانن بە فرۆشگاکانی بەکۆو تاك، لیژنەکانی چاودێری کردنی بازاڕ لە مانگی رەمەزان هەموو دەسەڵاتێکی ئیجرائات وەرگرتن و سزا دانی هەیە، هەر دووکان و فرۆشگایەکیش دابخرێت لافیتەی بۆ دەنووسرێت کە ئەم دووکانە داخراوە لەبەر ئەو هۆکارە. سەرپێچیەکانیش جۆراوجۆرن لەوانە نەبوونی مارگە یا گەمەکردن بەنرخ و قۆرخکردن و دەسکاریکردنی ماوەی بەسەرچوو. ئێمە هەوڵی ئەوە دەدەین بەهەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ لیژنەکانی پێوەندار لە برایم خەلیل خواردەمەنیەك نەیەتە ناو هەرێم کە ماوەی بەسەرچوونەکەی لە ٦ مانگ کەمتر بێت. داواکاریشم لە هاووڵاتیان لەم مانگەدا خەرجیەکانی خۆیان زیاد نەکەن و هۆشیارییەك لە خەرجییەکانیان پەیڕەو بکەن.

**بەرزبوونەوەی نرخ پێوەندی بەبەرزبوونەوەی خواستەوە هەیە**

سەبارەت بەوەی چی بکرێت بۆ ئەوەی هاووڵاتیان یارمەتدەربن بۆ کۆنترۆڵکردنی نرخەکان بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی هەولێر وتی: خۆی لێرە و لەوێ باسی بەرزبوونەوەی نرخ لە بازاڕەکان دەکرێت، بەڵام پێموایە بەرزبوونەوەی نرخ لە دەسەڵاتی چاودێری بارزگانی و هاووڵاتیان و بازرگانان نییە، بەڵکو پێوەندی بەبوونی کەرەستە و کەلوپەلی خۆماڵییەوەیە کە بتوانێ کێبڕکێ لەگەڵ کەلوپەل و کاڵای بیانی بکات، ئەمە هۆکاری سەرەکییە کە بەردەوام لە دەستی دەناڵێنین، بۆیە پێویستە چەند زوو بە پەلە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەی ئاو بەرنامە و پلانێك دابڕێژێت



بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی سلێمانی بۆ (گوڵان):

## هەوڵەکان چڕ دەکرێنەوە تاوەکو ماددەی بەسەرچوو نەهێنرێتە ناو بازاڕەکانەوە

لەهەموو بازگەو ناوچە سنووریەکان لیژنەکانی کۆنترۆڵکردنمان هەیەو هەوڵەکان چڕ دەکرێنەوە تاوەکو ماددەی بەسەرچوو نەهێنرێتە ناو بازاڕەکانەوە، لەناو شارەکانیش تیمەکانی چاودێری بازاڕ و چاودێری تەندروستی بەبەردەوام سەردانی بازاڕو سوپەرمارکێت و شوێنە گشتیەکان دەکەن، هەر هاووڵاتیەکیش لە سنووری شاری سلێمانی کاڵاو کەلوپەلی بەسەرچوویان پێ فرۆشت دەتوانێت پێوەندی بەمنەوە یا بە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانیەوە بکات.

**لە برایم خەلیل خواردەمەنیەك نایەتە ناو هەرێم کە ماوەی بەسەرچوونەکەی لە ٦ مانگ کەمتر بێت**

عەبدوڵا ئیبراهیم ماسکی بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی دهۆك سەبارەت بەچاودێری و رێکخستنی بازاڕ لەم مانگەدا وتی: بۆ مانگی رەمەزان لیژنەیەکی تایبەت و فراوان دامەزراوە کە هۆبەکانی ئابووری لە ئاسایش بەشدارە، ئەم لیژنەیە لەگەڵ لیژنەکانی تری چاودێری سەرقاڵی چاودێریکردن و رێنمایی



بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی دهۆک بۆ (گوڵان):

## لیژنەکانی چاودێری کردنی بازاڕ هەموو دەسەڵاتێکی ئیجرائات وەرگرتنی هەیە

**کارەبا لە رەمەزاندا**

سەبارەت بەو بڕە کارەبایەی کە بڕیارە وەزارەتی کارەبا بەهاووڵاتیانی بدات لەم مانگەدا دیار بابان بەڕێوەبەری گشتی بەرهەمهێنانی کارەبا لە لێدوانێکدا بۆ گوڵان رایگەیاند: گەرچی لەمانگی رەمەزاندا خواستی هاووڵاتیان بۆ کارەبا زیاد دەبێت و شەپۆلێکی گەرماش دەستی پێکردووە، بەڵام وەکو وەزارەت لەهەوڵی ئەوەداین لەم مانگەدا بۆ هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك ٢٠ کاتژمێر کارەبای نیشتمانی بدرێتە هاووڵاتیان، ئەمەش بە پشتبەستن بە بەرهەمهێنانی ١٨٥٠ مێگاوات کارەبا کە لەهەرسێ وێستگەی غازی هەولێر و چەمچەماڵ و دهۆك و هەردوو وێستگەی هایدرۆپاوەری دووکان و دەربەندیخان بەرهەمهاتووە، لەم بڕە کارەبا بەرهەمهاتووەش ٢٠٠ مێگاوات کارەبا بەرەو کەرکوك دەڕوات و ١٦٥٠ مێگاواتیش بەسەر هەرسێ پارێزگای ناوبراو دابەش دەکرێت.



بەڕێوەبەری گشتی بەرهەمهێنانی کارەبا بۆ (گوڵان):

## سەرەڕای هاتنی شەپۆلێکی گەرما ٢٠ کاتژمێر کارەبا بەهاووڵاتیان دەدرێت

بۆ پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ و بەرهەمی سەوزە و میوەجات و کەرتی ئاژەڵداری تاوەکو زیاتر و باشترین بەرهەمی خۆماڵیمان بەرهەم بێت و بکەوێتە بازاڕەکانەوە، تاوەکو پێویستمان بە بەرووبووم و کاڵای دەرەوە(بیانی ) نەبێت، چونکە ئێستاکە بازاڕی هەرێمی کوردستان پاشکۆی بازاڕەکانی هەرێمییە، بازاڕەکانی هەولێر و دهۆك لە (٨٠٪) ی کەلوپەلەکانیان بەرهەمی وڵاتی تورکیایە و سلێمانی و گەرمیان بەهەمان شێوە کەلوپەلەکانیان بەرهەمی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، کەواتە بە بەرزبوونەوەی بازاڕ و کەلوپەلەکانی ئەم دوو وڵاتە ئێران و تورکیا نرخی بازاڕەکانی ئێمە بەرزدەبێتەوە، بەڵام لێرەدا هاووڵاتیان دڵنیا دەکەمەوە لە مانگی رەمەزانی ئەمساڵ کەلوپەل و کاڵاکان بەتایبەتی سەوزە و میوە نرخی بەرز نابێتەوە، چونکە وەرزەکە ئێستا کاتی بەرهەمهێنانی بەرووبوومی خۆماڵییە چ سەوزە و میوە چ بەرووبوومی شیرەمەنی و ئاژەڵداری وەکو گۆشتی سپی و سۆر.

# قەت گەلی کورد خواپەرستی و رۆژ و گرتنی بەمەبەستی سیاسی نەکردووە


مەلا عەبدوڵلا مەلا سەعید گرتکی*

مانگی رەمەزانی پیرۆز یەکێکە لەو مانگانەی کە کۆمەڵێك شت لە ناوخۆی لە یەکتر کۆدەکاتەوە، مانگێکە خواپەرستی و رێزێکی تایبەتی تێدا ئەنجام دەدرێت و پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان خەڵکدا باشتر و زیاتر دەبێت و هاووڵاتیان زیاتر بەخشین و هاوکاری و یارمەتی یەکتر دەدەن و لەم مانگەدا مرۆڤ دەروونی خۆی بەرامبەر بەخودای پەروەردەگار پاك دەکاتەوە، بۆیە مانگی رەمەزانی پیرۆز یەکێکە لەو مانگانەی کە تایبەتمەندی خۆی لە مێژووی ئیسلامدا هەیە و ئێمە وەکو کورد لە دێر زەمانەوە تا ئەمرۆ رێزێکی زۆری ئەم مانگەمان گرتووە،لە کاتێکدا ئەگەر خەڵك بەرۆژیش نەبووبێت وایکردووە پێیوەدیار نەبێت کە بە رۆژو نییە، لەم مانگەداخەڵك زۆر بەباشی و چڕی و ووردی ڕووی لە مزگەوت و خواپەرستی کردووە و پێی شەرم بووە بەرۆژ و نەبێت و کەمتەرخەم بێت بەرامبەر ئایینی ئیسلام و خواپەرستی، لە کاتێکدا کورد لەبەرناڵەی تۆپ و تەیارەکانی داگیرکەران و دوژمنانی کوردستان بووە هەولێداوە بەرۆژو بێت، ئەگەر کۆچ ڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ وەکو نموونە بینینە بەرچاوی خۆمان دەبینین خەڵکی شار و شارۆچکە و گوندەکانی هەموو کوردستان کە بەرە و تورکیا و ئێران ئاوارە بوون، بەڵام لەم کات وساتە ناخۆشە زۆربەی خەڵکە کە بەرۆژ و بوو، ئەمەش گەواهی ئەوە دەدات کە بەرۆژوبوون لای کورد نەریتێك نییە، بەڵکو خوا پەرستیە و رێزگرتنی ئەو مانگە پیرۆزەیە، هەروەها برا پێشمەرگەکانمان لە چیا لە کاتێکدا کە دووچاری شەڕێك بووینەوە لەگەڵ دوژمنانی کوردستان ئەگەر مانگی رەمەزان بووایە ئەوە زۆربەیان بەرۆژو دەبوون، لە کاتی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن کە کۆمەڵێك کێشە و گرفتی ئابووری هەبووە و نەمانزانیووە کە پێشمەرگە و خەڵکەکە پێشێل مانگی رەمەزانی کردبێت، کەواتە گەلی کورد لە کاتی هەبوونی و نەبوون، دەسەڵاتداری و بێ دەسەڵاتی کاریگەری سلبی نەبووە لە سەر بەرۆژ وبوون، قەت گەلی کورد خواپەرستی و رۆژ و گرتنی بەمەبەستی سیاسی نەکردووە، بەڵکو رۆژوگرتن و خواپەرستییەکەی بەشێکە لە بیرو باوەڕی نەتەوەی، هەروەها لە کوردستان بە گشتی مانگی رمەزان تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام لە هەولێر تایبەتمەندیەکە زیاترە، ئەگەر بێتو تەماشا بکەیت دانیشتووانی شاری هەولێر وەکو جەژنێك و سەردەمانێك و کاتێکی گرنگ و خۆش سەیری مانگی رمەزانی پیرۆز دەکەن و ڕێز وحورمەتێکی زۆر لە مانگی رمەزان دەنێن، بۆ نموونە زیندووکردنەوەی شەوەکانی لیلەت و قەدر دەبینین بەشی هەرە زۆری دانیشتوانی شاری هەولێر تا بەیانی ناخەون و ماڵی دووەمیان مزگەوتە، کە زیاتر لە(٣٠٠) مەزگەوتی گەورە لە ناو شاری هەولێر هەیە پڕ دەبێت لە خەڵك و خەریکی خواپەرستیین، بۆیە دەتوانم بڵێم لە کەم شاری عەرەبی و تورکی و فارسی و ئیسلامی تر وەکو شاری هەولێر خواپەرستی و رۆژ و مەراسیمەکانی ئایینی ئیسلام زیندوو دەکەونەوە و بەڕێز و پیرۆزیەوە تەماشای دەکەن، هەروەها لە مانگی رەمەزان لە ناو شاری هەولێر لەلایەن کۆمەڵێك خەڵك هاوکاری و یارمەتی خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت دەدرێت، جگە لە هاوکاری دارایی خەڵکی دەوڵەمەند و دەستڕۆیشت و سەردانی ماڵە هەژار و نەخۆشەکان دەکەن، هەروەها لە زەکات و سەرفترە زۆر دەست کراوەن بۆ هەژار و کەمدەرامەتان بەتایبەتی چەند رۆژێکی پێش جەژن بۆ ئەوەی خێزانە هەژارەکانیش بتوانن لە رۆژی جەژن دلشاد و بەختەوەربن و منداڵەکانیان هەست بە ئاسوودەی بکەن، ئەمە نەریتێکی باشیە کە خەڵکی شاری هەولێر فێربووینە کە ئاوڕ لە خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت دەدەنەوە، بەڵام ئومێد دەخوازم خەڵك فێر لەم خێرخوازانە نەکەن و ئەو خەڵکە دەوڵەمەندە خۆی دەتوانێ لە دەرگای ماڵە هەژارەکان بدات و یارمەتییەکەی پێ بدات یا لە ڕێگای دەزگایەکی ئایینی ئەم یارمەتییە بە خەڵکە هەژارەکە بگەیەنێت یا لە ڕێگای مامۆستایانی ئایینی گەڕەکەکانەوە دەکرێن بەتایبەتی مەسەلەی زەکات و سەر فترە، چونکە ئەم دوولایەنە بەشێکە لە خواپەرستی،بۆیە پێویستە بەدەستێکی ئەمین بگاتە لای خەڵکە هەژار و کەمدەرامەتەکە.

هەروەها شەوانی هەولێر بە زیندووکردنەوەی چەند یاریەکی کلتووری و فولکلۆری بەڕێوەدەچێت و ئەمەش زیندووکردنەوەی دابونەریت و کلتووری خەڵك و شارەکەیە و پاراستنی کلتورەکەیانە، ئەو یاری و کارانەش پشوودانێکە بۆ ئەو کەسانەی کە بەرۆژوبووینە و ماندوو بووینە، هاوکات رۆڵی مامۆستایانی ئایینی شاری هەولێرمان لە بیر نەچێت کە لە مانگی رەمەزاندا رۆڵێکی بەرچاویان هەیە و شەونخونی دەکەن و لە بەیانیەوە تا درەنگانی شەوە لە مزگەوتەکانی خۆیان لەگەڵ خەڵك دەمێنەوە و شەو نوێژ و خواپەرستی دەکەن، هەروەها دابونەریتێکی تر لە شاری هەولێر هەیە کە بە دەهۆل و تەپل و زکر و بانگدان ئاگاداری خەڵك دەکەنەوە کە لە خەو هەستن و پارشێو و نوێژی بەیانی بکەن، لەلایەکی تر هەوڵدراوە نەوەی نوێ یەك لە دوای یەك لە شاری هەولێر تایبەتمەندیەکەی خۆیان بپارێزن و بەزیندووی بیهێڵنەوە.

هەروەها لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەم بە گشتی و بە هەماهەنگی و هاوکاریان بۆ زیندووکردنەوە هەر چالاکیەکی ئایینی

که لە هەرێمی کوردستان دەکرێت بەتایبەتی لە شاری هەولێر کە پارێزگاری هەولێر ئەوپەڕی هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان هەیە و هەماهەنگیان بە هەمان شێوە لەگەڵ لقی هەولێری یەکێتی زانایانی کردووە و هەوڵیشدراوە هەموو ڕێورەسم و بۆنە ئاینییەکان لە شاری هەولێر زیندوو بکرێتەوە بەتایبەتی لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا دامودەزگاکانی حکومەت زۆر هاوکارن و ڕێنمایی و داواکاری لەلایەن حکومەت و لایەنی پەیوەندار دەردەکرێت کە بێ ڕێزی بەرامبەر مانگی رمەزان نەکرێت و ئەوانەی بەرۆژوش نیینە خۆیان وانیشان نادات کە بەرۆژ و نییە و برا مەسیحییەکانیش وەکو ئێمە ڕێز لە ڕۆژوگرتن و مانگی ڕەمەزان دەگرن ئەمەش شایانی باسە و ساڵانە پارێزگای هەولێر بە هەماهەنگی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ئیسلامی کوردستان کۆمەڵێك ڕێنمایی بۆ مانگی ڕەمەزان دەرکردووە تاوەکو زیاتر خەڵك ڕێز لەم مانگە پیرۆزە بگرێت. هەروەها ئێمە وەکوو یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان هەوڵمانداوە لە ڕێگای ڕاگەیاندنی خۆمان و مامۆستایانی ئایینی ڕێنماییەکان بۆ خەڵك روون بکرێتەوە و داواکاریشین هاووڵاتیانیش بەم ڕێنماییانە پابەندبن، هاوکات ئێمە داوا لە هەموو هاووڵاتیان و بەتایبەتی لە برا شۆفێرەکان دەکەین کە هەندێ کارو شت هەیە نەیکەن وەکو ئەمانە.

١- بەهیچ شێوەیەك لە ئێواران لە گەڕانەوەیان بۆ ماڵەکانیان پەلە نەکەن و لە ترافیك و شەقامەکان هێمن و لەسەر خۆبن و ڕێز لە پۆلیسی هاتوچۆ و یاسا بگرن، چونکە مانگی ڕەمەزان خۆی مانای ڕێز و هێمن و لەسەرخۆیە.

٢- مرۆڤ بە گشتی بەتایبەتی کاسبکاران و شۆفێران لە مانگی ڕەمەزان بەهۆی بەرۆژ و بوون و کارەکەی زۆر ماندو و دەبێت کە ماندوو دەبێت بۆی هەیە هەڵچوونی تووش بێت،بۆیە دەبێ ئاگاداربن ئەم حاڵەتە نێتە دی، لەبەر ئەوەی مانگی ڕەمەزان مانگی نەرمی و ئاسوودەیە بۆ ئەوەی ڕۆژوەکەشی قبول بێت دەبێ گیانی لێبوردەی هەبێت و دوور بێت لە کێشە و چەند لە کێشەش دووربێت ئەوەندە زیاتر خواپەرستیەکەی لەلای خودای دلۆڤان وەردەگیرێت.

٣- ئەرکە لەسەر هەموو هاووڵاتیان ئەوەی بەرۆژوە و ئەوەی بێ ڕۆژوە پاکو خاوێنی شارە و کۆڵان و گەڕەکەکەی بپارێزێ.

٤- داواکارم لە برایانی شۆفێری تاکسیەکان کە لە مانگی ڕەمەزان هەوڵندە نرخی هاتوچۆ بەرزبکەنەوە.

٥- داوا دەکەین لە برا دوکاندارەکان نرخی کەلوپەڵ و کاڵاکان بەرزنەکەنەوە، بەڵکو پێویستە لەم مانگەدا زیاتر خزمەتی میللەتی خۆیان بکەن و داواکاریشین لە حکومەت و لایەنی بەرپرسی بەدواداچوون لەسەر نرخ و کەلوپەڵی ماوە بەسەرچوو بکەن، چونکە ئەم مانگە مانگی بەزیی و برایەتی و پێکەوە ژیان و لێبوردەیە،.

٦- داواکارین لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی کارەبا هەوڵدەن لەم مانگەدا ماوەیەکی باش ڕۆژانە کارەبا بە هاووڵاتیان بدرێت و هەماهەنگی لەگەڵ موەلیدە ئەهلییەکان بکرێت لە کاتی نەبوونی کارەبایی نیشتمانی، چونکە ڕەمەزانی ئەمساڵ لە وەرزی گەرمایە و هاووڵاتیان زیاتر پێویستیان بە کارەبا دەبێت .

هەروەها بۆ ئەمساڵ ئێمە لە ڕێگای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕاگەیاندنی وەزارەت هەوڵمانداوە خشتەیەکی کاتی بانگەکان دابنین، ئەم خشتەیەش کارو ئیشەکی زۆری لەسەر کراوە و هەوڵمانداوە جیاوازی کاتی بانگەکانی شارەکانی تری هەرێمی کوردستانیشی لەسەر دەستنیشان بکەین، چونکە کاتی بانگەکانی شاری هەولێر لەگەڵ سلێمانی یا دهۆك یا کەرکووك یا گەرمیان چەند دەقیقەیەك جیاوازی هەیە، هاوکات هەوڵمانداوە هەر پارێزگایەك پابەندبێت بەو خشتەی کاتی بانگدانەی کە لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی دەرچووە و ئەم خشتەیە لەسەر هەموو مزگەوتەکانی شارەکانی هەرێمی کوردستان دابەش دەکرێت و ڕێنمایی بە مامۆستایان ئایینی و بانگدەرەکانی دەدرێت لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف و کۆبووەوە لەگەڵ هەموو بانگدەرەکان ئەنجام دەدرێت و پێیان ڕادەگەیەنرێت کە پێویستە پابەندی ئەو خشتەی بانگدان بن، ئەگەر هاتوو پابەند نەبوون ئیجرائاتیان لەگەڵ دەکرێت، لە هەمانکاتە هیچ دەزگایەکی ڕاگەیاندن حکومی یان حزبی بۆی نییە لە کاتێکی تر بانگبدات، جگە لەوەی کە دەبێ بەپێی ئەو خشتەیەی دەرچووە بانگ بدرێت، ئەگەر هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندن لە دەرەوەی ئەم خشتەیە بانگی دا ئەوە وەزارەتی پەیوەندار وەکو لایەنێکی بەرپرسی ئیداری دەتوانی و مافی خۆیەتی لێپێچینەوە لەگەڵ ئەم ڕاگەیاندنە و کەناڵە بکات. کاتی بانگەکانی ئێمە دیاریکراوە و چەندین دەقیقەمان لەگەڵ وڵاتی سعودیا جیاوازە کاتی هەندێ نوێژ هەیە لە هەولێر نزیکەی نیو کاتژمێر لەگەڵ شاری مەکە جیاوازی هەیە، بۆیە پێویستە ئێمە پابەندی ئەو خشتەی کاتی بانگدانەکان بین کە بۆ مانگی ڕەمەزانی پیرۆز دەردەچێت و راوبۆچوونی ژمارەیکی زۆری مامۆستایانی ئایینی شارەکانی کوردستان لەسەر ئەم خشتەیە وەرگیراوە، چونکە ئێمە نامانەوێت کارێك بکەین ببێتە جێگای نارەزایی مامۆستایانی ئایینی، لەبەر ئەوەی ئێمە وەکو یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان و وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەوڵدەدەن خۆمان بە خاوەنی ئایین لە هەرێمی کوردستان بزانین و بە تەئکید دەبێ خاوەنی ئایینیش بین و کەسێك و لایەنێك ناتونێ تەنیا خۆی بە خاوەنی ئایین بزانێ، بچێت لە کاتێکی تر بانگ بدات و پابەندی خشتەی کاتی بانگدانەکان نەبێت، چونکە ئەو لایەنە تایبەتە بۆ ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەتی خۆی و بۆچوونی خۆی کار دەکات.


بۆیە تەنیا وەزارەتی پەیوەندار وەکو لایەنی ئیداری و یەکێتی زانایانی ئایینی وەکو دەزگایەکی پیشەیی بەیەکەوە دەتوانن دەستنیشانی کاتی بانگدانەکان دیاری بکەن.

***سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**

# دۆڵی بالیسان.. کارەبا لە سۆران و غاز لە شەقڵاوەوە


بالیسان لە ساڵی (١٩٩٩) بۆتە ناحیەو (١٥) گوند لەخۆ دەگرێت، ژمارەی دانیشتووانەکەی ئێستاکە زیاتر لە ٥٥٠٠ کەس دەبێت، ناو سەنتەری ناحیەکە(٢٥٠)ماڵەو نزیکەی(٢٢٥٠) کەسی تێدا نیشتەجێیە. سنووری ناحیەکە بەدۆڵی بالیسان ناسراوەو لە چوار ڕیانی کۆمەڵگەی شکارتە دەست پێدەکات تاوەکو دەگاتە دۆڵی ئالانە، ناوچەیەکی سروشتی دڵڕفێن و جوان و فێنکە، خەڵکی سنووری بالیسان بە گشتی بەکاری کشتوکاڵی و باخداری و مەڕدارییەوە خەریکن. دۆڵی بالیسان وەکو زۆربەی ناوچەو سنوورەکانی تری کوردستان لانەی شۆڕشەکانی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بوو، هەر بۆیە زۆرجاران لەلایەن ڕژێمی بەعس و حکومەتی عێراقییەوە بەر تۆپ و بۆردومانی فڕۆکە کەوتوون..

لە ١٩٨٧/٤/١٦بە چەندین هەلیکۆپتەری جەنگییەوە کیمیاباران کراوەو خەڵکێکی زۆر شەهیدو برینداربوون و لە پاش ئەو ماوەیەش ساڵانە بەهۆی بەرکەوتنی کیمیایی و برینداربوونەوە چەندین کەسی تر شەهیدبوون، ئێستا زیاتر لە(٢٢٠) شەهیدی کیمیاباران و(٧٠٠) کەسی بەرکەوتووی برینداری هەیە،دۆڵی بالیسان بە گشتی پاش کیمیاباران خەڵکەکەی کۆچیانکردووەو لە شوێنی تردا نیشتەجێبوون، لەدوای ڕاپەڕینەوە بەرە بەرە خەڵکەکە چۆتەوە سەر زێدی خۆی و گوندەکانیان ئاوەدانکردۆتەوە، بەڵام بەهۆی چەندین بارودۆخ و نەبوونی ئیمکانیاتەوە ئەو دەڤەرە لە زۆر خزمەتگوزاری بێبەش بوون، لەپاش ئەوەی کە بالیسان دەکرێتە ناحیە دووبارە بەپێی پێویست کاروپرۆژەی بۆ نەکراوە، لەسەردانێکماندا بۆ ناحیەی بالیسان و سنوورەکەی ژمارەیەك هاووڵاتیمان لەسەر چۆنیەتی و ئاستی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان دواند، بە گشتی گلەیی و گازاندەیان لە بارەی کەمی ئاوی خواردنەوەو خراپی کۆڵان و شەقامەکانی ناو سەنتەری ناحیەو خراپی فڕێدان و کۆکردنەوەی زبڵوخاشاك هەبوو، ئەم گلەیی و گازاندانەو چەند پرسیارێکی ترمان ئاڕاستەی (ساڵح ئەکرەم) بەڕێوەبەری ناحیەی بالیسان کرد..



# نەوت لە هەولێر و بەنزین و گازی لە سلێمانییەوە بۆ دێت

* بەتانکەر ئاوی خواردنەوە بەسەر سەنتەری ناحیەکەدا دابەش دەکرێت..
* تەنیا (٥-٦) کرێکار بە کەرەستەی زۆر سەرەتاییەوە ناحیەکە پاک و خاوێن دەکەنەوە
* ئاوەڕۆی گەڕەکە کۆنەکان لەگەڵ ئاوی خواردنەوە تێکەڵاو دەبێت
* خەڵک بە ستوونی دارو وایەر کارەبایان بۆ ماڵەکانیان ڕاکێشاوە
* کتێبخانەی گشتی بالیسان زیاتر لە شەش هەزار پەرتووک لە خۆ دەگرێت، کەچی بینایەی نییە..



## ساڵح ئەکرەم بەڕێوەبەری ناحیەی بالیسان بۆ (گـــوڵان):

# کێشەی ئێمە سێ ئیدارییە نەک دوو ئیدارەیی



### بەردی بناغەی (١٥٠) خانوو بۆ شەهیدانی کیمیابارانی دۆڵی بالیسان دانراوە

سەبارەت بەوەی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە چی بۆ شەهیدان و بریندارانی کیمیابارانی دۆڵی بالیسان کراوە، بەڕێوەبەری ناحیەی بالیسان وتی: لە ساڵی ١٩٩٢ – ١٩٩٣ لەگەڵ دەستبەکاربوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان مووچە بۆ شەهیدانی کیمیابارانەکە بڕایەوە، وەکو شەهیدی سەنگەر هەژمارکراون، بریندارەکانیش بە وەجبە بەپێی کاریگەری زەبری کیمیاییەکە بۆ چارەسەرکردن ڕەوانەی کۆماری ئیسلامی ئێران و دەرەوەی وڵات کراون.

هەروەها لە ٢٠٠٢ ژمارەیەك لەم بریندارانەمان بۆ چارەسەرکردن ڕەوانەی ئێران کردووە، لەلایەکی ترەوە ئەو تیم و پزیشکە بیانییانەی هاتوونەتە کوردستان سەردانی بەرکەوتووان و بریندارانی کیمیابارانی دۆڵی بالیسانیان کردووەو پشکنینان بۆ ئەنجامداون.

لە ٢٠١١/٤/١٦ بەردی بناغەی (١٥٠) خانوو بۆ شەهیدەکان دانراوە، بۆیە (١٥٠) خانووە، چونکە خێزان هەیە (١٠تا ٢٠) کەسی شەهید بووەو یەك وارسی هەیەو خێزانیش هەیە کەسی نەماوە، جگە لەمانە لە دەروازەی ناحیەکە مەزارگەیەك بۆ شەهیدەکان دروستکراوە، لە نزیك مەزارگەکەش پاشماوەی کیمیابارانەکە وەکو موشەك و گوللەتۆپ و شتی تر لەسەر یەکتر کۆکراونەتەوە، بۆ ئەوەی خەڵك و ئەو کەسانەی سەردانی مەزارگەی شەهیدانی دۆڵی بالیسان دەکەن بە چاوی خۆیان ئەو واقیعە تاڵە ببینن و بزانن کە بەم چەکە کۆکوژ و کیمیاویانە هێرش بۆ سەر سنوورەکە و خەڵکی کورد کراوە.

### چەندین پرۆژەی تری ڕێگاوبانمان لە دەڤەرەکە پێویستە

یەکێك لەو کەموکورییانەی پێویستی بەچارەسەرکردن هەیە خراپی ڕێگاوبانەکانە، بەرادەیەك هاووڵاتیانیش گلەییان زۆرە کە ڕێگاوبانەکانیان و شەقامی سەرەکی هاتنە ناو ناحیەکە زۆر خراپە، تەنانەت ئەو ڕێگایەی بۆ بالیسانی کۆن پێش چەند ساڵێك دروستکراوە لەچەندین لاوە تێکچووە، لەمبارەیەوە ساڵح ئەکرەم بەڕێوەبەری ناحیەی بالیسان وتی: لە پێش ڕاپەڕین گرنگی بە ڕێگاوبانی ئەم سنوورە نەدراوە، بەڵام لە دوای ئەوەی بالیسان کرا بە ناحیە وەکو پرۆژەیەکی سەرەتای ڕێگاوبانەکان و شەقامەکان چەوریژ کران، ئێستاکە ڕێگا سەرەکییەکانی دەچێتە گوندەکان زۆربەیان قیرتاوکراون، بۆ نموونە گوندی خەتێ جگە لەوەی شەقامە سەرەکییەکەی قیرتاوە بەشی زۆری ناو کۆڵانی گەڕەکەکانیش کۆنکرێت کراون، سەبارەت بەو ڕێگایەی کە درێژییەکەی کیلۆمەترێکەو دێتە ناو ناحیەی بالیسان دەمانتوانی ساڵی ڕابردوو بە باشترین شێوە دروستی بکەین، بەڵام دوامانخست بۆ بەرنامەی ئەمساڵ یا ساڵانی تر تاوەکو بکرێتە دوو ساید، بۆئەوەی سیمایەکی جوانتر و شیاوتر بداتە شارۆچکەکە، هەر لەتەنیشتی شەقامەکەوە نزیکەی (١٢-١٥) مەتر بەجێماوە تاوەکو دوو سایدەکەی بە جوانترین شێوە لەسەر ئەنجام بدرێت، بۆ ناو سەنتەری ناحیەکەش بەشێك لە شەقام و کۆڵانەکان قیرتاو کراون و بەرنامەش بۆ کۆڵان و گەڕەکەکانی تریش لە پلاندایە، لەلایەکی ترەوە چەندین گوندیش لە سنوورەکە ماون کە ڕێگا سەرەکیەکانیان و ناو گەڕەکەکان قیرتاو و کۆنکرێت

نەکراون.

**کەمی مامۆستای پسپۆڕ کێشەی سەرەکی بواری پەروەردەیە**

سەبارەت بەوەی کە قوتابخانە لە هەموو گوندەکانی سنوورەکە هەیە و کێشە و گرفتی بواری پەروەردە لە چ ئاستێکە بەڕێوەبەری ناحیەی بالیسان وتی: ئەم سنوورە لەسەرەتادا چوار قوتابخانەی هەبوو، گەرچی ئێستاکە هەموو گوندەکان قوتابخانەی هەیە، قوتابخانەکان لە قۆناغی یەکەم تا شەشەمی بنەڕەتی دەوامیکەن و لە (٧) ی بنەڕەتی تا(٩)ی بنەڕەتی دەوامێکی دیکەیە، لە سەنتەری ناحیەشدا قوتابخانەی ئامادەیی بە هەردوو بەشی زانستی و ئەدەبی هەیە، بەڵام یەکێك لە کێشە سەرەکییەکانی بواری پەروەردەمان کەمی مامۆستای پسپۆڕە بۆ هەندێ لە وانەکان.

**نەخۆشخانەی بالیسان پزیشکی ئافرەت و پسپۆڕو ددانی نییە**

سەبارەت بە بواری تەندروستی لە ناحیەکە نەخۆشخانەیەکی (٣٠) قەرەوێڵەیی هەیە، هەروەها (٥) بنکەی تەندروستیش لەسنوورەکە هەیە، بەڵام پزیشکی ئافرەت و نەشتەرگەری و پسپۆڕی تێدا نییە، بەڕێوەبەری ناحیەی بالیسانیش ئەمەی پشتڕاست کردەوەو پێی ڕاگەیاندین کە لە بنکەکاندا تەنیا یاریدەدەرێکی پزیشکی یا برینپێچێکی لێیەو لە نەخۆشخانەکەش تەنیا پزیشکی موقیم هەیە کە ماوەی کارکردنەکەشی تەواو دەبێت دەگوازرێتەوە.

**سەنتەری ناحیە سوود لە سێ سەرچاوەی ئاو وەردەگرێت**

سەبارەت بە ئاوی خواردنەوەو خراپی تۆڕی ئاوی خواردنەوەی ناو ناحیەکە کە هاووڵاتیان زۆر گلەییان هەیە و دەڵێن سێ جار تۆڕی دابەشکردنی ئاوی خواردنەوە پرۆژەی بۆ ئەنجامدراوە و سەرکەوتوو نەبووە هەر ئێستاکەش هەندێ شوێن ئاوی بۆ ناچێت، بەڕێوەبەری ناحیەی بالیسان وتی: ناحیەی بالیسان بۆ ئاوی خواردنەوە سوود لە سێ سەرچاوە دەبینێت، یەکێکیان ئاوی گەورەیە کە خەڵکێکی زۆر سوودی لێوەردەگرێت، سەرچاوەی دووەم هەندێ ماڵ هەیە کانی سەربەخۆیان هەیە، سەرچاوەی سێیەم کە زانستی نییە و

## سێ جار تۆڕی دابەشکردنی ئاوی خواردنەوە پرۆژەی بۆ ئەنجامدراوە و سەرکەوتوو نەبووە

مەترسی نەخۆشی لێی دەکەوێتە ئەویش بیرە ڕووپۆشەکانن کە هەندێ ماڵ بۆ خۆیان لێیانداوەو بەکاری دەهێنن.

هاوکات تۆڕی دابەشکردنی ناو گەڕەکەکانی سەنتەری ناحیەکە زۆر خراپ و بێکەڵك بوون، بۆیە لە ڕێگای پرۆژەیەکدا توانیومانە ئەو تۆڕانەش بگۆڕین، هەرچەندە تا ئێستاش لەهەندێ شوێن گرفتی هەر ماوە، ئەمساڵ لە پلاندایە تۆڕی دابەشکردنی بالیسان بەگشتی چارەسەر بکەین، هەروەها ماوەی زیاتر لە ساڵێکە داوامان لە وەزارەتی شارەوانی و لایەنی پێوەندار کردووە بۆ کڕینی گازوایل و ڕۆن، بڕی یەك ملیۆن دینار مانگانە دابین بکەن وەڵامیان نەداینەوە، ڕۆژانە سەرۆکی شارەوانی بالیسان شەخسی بەخۆی بەدوو تانکەر ئاوی خواردنەوە بەسەر ماڵەکان دابەش دەکات، چونکە گرفتی ئاوی خواردنەوەمان هەیە. بۆ چارەسەرکردنی گرفتی ئاوی خواردنەوەش بە تەواوی ئێستاکە پرۆژەیەکی ستراتیژی لە ژێر ئەنجامدانە، پرۆژەکە بریتییە لە چوار بیری ئیرتوازی کە لە ناوچەی زینەتیر لێدراوە، ئەو چوار بیرە ئاو دەنێرن بۆ وێستگەی سەرەکی توتمە، لە توتمەشەوە بۆ چەندین شوێنی تری سنوورەکە ئاو دابەش دەکرێت بە تەواو بوونی ئەم پرۆژەیە گرفتی ئاوی خواردنەوەمان نامێنێت.

**(٥-٦) کرێکار بە کەرستەی زۆر سەرەتایی سەنتەری ناحیە پاك دەکەنەوە**

وەکو دەزانین پاککردنەوە و خۆ ڕزگارکردن لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان گرفتێکی گەورە و دیارە، لەمبارەیەوە زۆر کار و هەنگاو نراوە بۆ چارەسەرکردنی، بەڵام تا ئێستاکە لە زۆربەی قەزا و ناحیەکان کێشەی زبڵوخاشاك هەرماوەو لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری ناحیەی بالیسان وتی: یەکێك لەو کێشەو گرفتانەی لای ئێمەش هەیە پاککردنەوەو خۆ ڕزگارکردنە لە زبڵو خاشاك، ئەم کێشەیەش لەلای ئێمە دووبارە بۆ دوو ئیدارەیی دەگەڕێتەوە، چونکە ئەو ناحیانەی وەکو هەریر و باسرمە و هیران و مەسیف و کۆڕێ و بالیسان کە لە سنووری قەزای شەقڵاوەن، تەنیا ناحیەی بالیسان نەبێت، دەنا هەر هەموو ناحیەکانی تر بۆ پاککردنەوەی ناو شارو گەڕەکەکانیان دراونەتە کۆمپانیای کەرتی تایبەت، بەڵام پاککردنەوەی ناحیەی بالیسان لەلایەن شارەوانی پیادە دەکرێت، بۆ ئەو مەبەستەش (٥-٦) کرێکار بە کەرەستەی زۆر سەرەتایی کاردەکەن و ناو ناحییەکە پاك دەکەنەوە، بۆ خۆ ڕزگارکردن لە زبڵوخاشاکەکەشی دەگوزارێتە خوارووی ناحیە بە دووری یەك کیلۆمەترو لەوێ دەسووتێنرێت و لە وەرزی باران بارینیش، باران ئەو پاشماوانە لەگەڵ خۆی ڕادەماڵێتەوە ناو ڕووبارەکە، لەبەر ئەوەی شوێنەکە خوارووی ئاوەڕۆی بارانی ناحیەکەیە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زبڵوخاشاك پێویستە لایەنی پێوەندار وەکو ناحیە و قەزایەکانی تر کارو مامەڵەمان لەگەڵ بکەن.

**گەڕەکە کۆنەکانی بالیسان ئاوەڕۆیان زۆر خراپە لەگەڵ ئاوی خواردنەوەی تێکەڵاو دەبێت**

سەبارەت بە ئاوەڕۆو گرفتەکانی بەڕێوەبەری ناحیەی بالیسان وتی: لەمبارەوە دوو کێشەمان هەیە، گەڕەکە کۆنەکە ئاوەڕۆکەی زۆر خراپە و تا ئێستا هیچ و کار و پرۆژەیەکی بۆ نەکراوە و ئاوەڕۆی ئەو ماڵانە لەگەڵ ئاوی گەڕەك تێکەڵاو دەبێت و بە هۆیەوە زۆربەی جاران خەڵکەکە تووشی نەخۆشی بوونەتەوە.

کێشەی دووەمان ئاوەڕۆی بالیسانی تازەیە کە لەم ساڵەدا ڕەزامەندی پرۆژەیەکی چەند سەد مەتری و ڕێگامان بۆ ئەو گەڕەکە درچووە، ئەو ڕێژەیەی ئێمە داوامانکردیە زۆر لەوە کەمترە، چونکە پرۆژەی ئاوەڕۆکە تەنیا(٦٠٠) مەترە، ئەمەش تەنیا بەشی جۆگە

## ڕۆژانە سەرۆکی شارەوانی بالیسان شەخسی خۆی بەدوو تانکەرەوە ئاوی خواردنەوە بەسەر ماڵەکان دابەش دەکات

سەرەکییەکە دەکات، بەمەش خەڵکەکە ڕازی نییە و داوا دەکەن ڕێگاکەی لەگەڵ نەبێت، بەڵکو درێژی پرۆژەی ئاوەڕۆکە زیاد بکرێت، تاوەکو سوودی ئاوەڕۆکە زیاتربێت.

### زێدەڕۆیی لە ناحیەی بالیسان هەیە

یەکێك لەو دیاردانەی کە لە هەموو قەزا و ناحیەکان هەیە و بەرچاوە دیاردەی زێدەڕۆییە زۆربەی ئەم زێدەڕۆییانەش هۆکارێکن بۆ بێسەروبەرکردنی گەڕەکەکان و شێوازی ئەندازەی شوێنەکان، لەمبارەوە بەڕێوەبەری ناحیەی بالیسان وتی: زێدەڕۆیی لە ناحیەی بالیسان هەیەو بە گوێرەی ژمارەی خێزان و دانیشتووانەکە ڕێژەی زێدەڕۆییەکە دیارو بەرچاوە، کە نزیکەی (٥٠-٦٠) خانوو دەبێت.

**بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زبڵوخاشاك پێویستە لایەنی پێوەندار وەکو ناحیە و قەزایەکانی تر کارو مامەڵەمان لەگەڵ بکەن**

### کارەبامان کارەساتە

سەبارەت بە بواری کارەبا و کێشە و گرفتەکانی بەڕێوەبەری ناحیەی بالیسان وتی: ئێمە دوو کێشەمان لە بواری کارەبا هەیە، یەکێکیان ئەوەیە بنکەی چاککردنەوەی کارەبا لە ناحیەی بالیسان نییە، ئەمەش کارەساتە، چونکە لە کاتی هەر پچڕان و گرفتێك هاووڵاتیان لەسەر حیسابی گیرفانی خۆیان بە کارەکە هەڵدەستن، گەرچی لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە شەقڵاوەین کە داوایان لێ دەکەین هاوکاریمان بکەن، دەڵێن ئێمەکارمەندو لایەنی هونەریمان نییە تاوەکو گرفتەکانتان بۆ چارەسەر بکەین، بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە لە هەردوو کابینەی (٥) و(٦) دا داوامان لە وەزارەتی کارەبا و حکومەت کردووە کە بنکەی چاککردنەوەی کارەبامان بۆ دابنین، گەرچی تا ئێستاکە وەڵامیان نییە، بەڵام ئیشوکاری کارەبایی ئێمە لەلایەن کارمەندێکی هونەری کارەباوە کە ناوی عوسمان مێرگەسەری ئەنجام دەدرێت لە هەر گرفتێك ڕوودات بە هانامان دێت و بۆمان چاك دەکاتەوە، کێشەیی دووەمی کارەبا لە ناحیەی بالیسان لە زۆربەی کۆڵان و گەڕەکە تازەکان تۆڕی دابەشکردنی کارەبا دانەنراوە واتە ستوونی کارەبا نەچۆتە هەموو گەڕەك و شوێنەکان بۆیە خەڵك بە ستوونی دارو وایەر کارەبایان بۆ ماڵەکانیان ڕاکێشاوە لەم حاڵەتەشدا بڕی تەزووی کارەبایی پێویست ناگاتە ناو ماڵەکان و هەندێ ئامێری کارەباییان وەکو ساردکەرەوە، ناتوانێ ئیش بکات، پێویستە لایەنی پێوەنداری بە زووترین کات ئەم کێشانە چارەسەر بکات.

### کەموکوڕیمان لە ئامێرەکان زۆرە

سەبارەت بە نەبوونی ئامێر و بینایەی فەرمانگەکان بەڕێوەبەری ناحیەی بالیسان وتی: ئێمە کەموکوڕیمان لە ئامێرەکان زۆرە دەتوانم بڵێم لەوانەی کە پێویستمانە وەکو شۆفڵ و بلدۆزەرو گرێدەر و..... تاد. تەنیا یەك شۆفڵمان هەیە ئەویش زوو زوو دەشکێت و لە کاردەکەوێت، لەلایەکی ترەوە لە بالیسان بنکەی بەیتەرە هەیە بەڵام ئۆتۆمبێلیان نییە، بۆیە زۆر بە زەحمەتی دەتوانین ئیش و کارەکانیان ڕاپەڕێنن. سەبارەت بە بنکە و بینایەی فەرمانگەکان لەم ڕووەشەوە کەکوکوڕیمان هەیە بەتایبەتی فەرمانگەی ئاو و بنکەی چاککردنەوەی کارەبا کە بینایە و بنکە نییە،بۆیە پێویستە بنکە و فەرمانگەی خۆیان هەبێت، چونکە ئیشو کاری ئەم لایەنانە پێوەندی ڕۆژانە و ڕاستەوخۆ و کاریگەری بەسەر خەڵکەکەوە هەیە و پەرتووکخانەی گشتی بالیسان کە زیاتر لە شەش هەزار پەرتووك لە خۆ دەگرێت ئێستاکە بینایەی نییە، ئەم لایەنانەش زۆر پێویستە بینایە و بنکەی خۆی هەبێت.

### کێشەی ئێمە سێ ئیدارییە، نەك دوو ئیدارەیی

سەبارەت بەوەی ناحیەی بالیسان و سنوورەکە کەوتبووە نێوان کێشەی دوو ئیدارەیی، بۆیە زۆر کێشەو گرفتی خزمەتگوزاری هەست پێی دەکرێت، بەڕێوەبەری ناحیەی بالیسان وتی: یەکێك لەو کێشانەی ڕووبەڕوومان دەبێتەوە نەك وەکو قەزای کۆیە کە شوێنەوارەکانی دوو ئیداریی پێوە دیارە، بەڵکو کێشەی ئێمە سێ ئیدارییە، ئێمە لەڕووی ئیدارییەوە



سەر بە قەزای شەقڵاوەین و لە ڕووی داراییی بەشی زۆر فەرمانگەکانمان سەر بە کۆیە و هەندێ ئیشو کارمان سەر بە سلێمانییە، بۆ نموونە کارەبامان لە سۆران بۆ دێت و غازم لە قەزای شەقڵاوە و نەوتمان لە هەولێرەوە و بەنزین و گازمان لە سلێمانی بۆ دێت، ئەم جۆرە دابەشکردنە زۆرماندوومان دەکات و ئیش و کارەکانمان بەپێی پێویست ناڕوات، ڕاستە ئێمە لە ڕووی ئیداریی و داراییی دەکەوینەوە سەر شەقڵاوە و هەولێر، بەڵام دەبینین کار و ئیش و شتەکانمان لە ڕووی داراییەوە هەر سەر بە کۆیەیە، قایمقامی قەزای شەقڵاوە سەردانمان دەکات و لە کەموکوڕی و پێویستیەکانمان دەکۆڵێتەوەو کاروپرۆژەمان بۆ دەخاتە بەرنامە، بە هەمان شێوە پارێزگاری هەولێریش سەردانمان دەکات و هاوکاریمان دەکات، بەڵام پێویستە هەر هەموو فەرمانگە و یەکە ئیدارییەکە بکەوێتەوە سەر شەقڵاوە، کەچی تەماشا دەکەین تا ئێستا بنکەکانی تەندروستی ناحیە و سنوورەکە لە ڕووی ئیداری و داراییی سەر بە کۆیەیە.

### لە دابەزاندنی دەسەڵات کەمترین شت جێبەجێ نەکراوە

سەبارەت بە دابەزاندنی دەسەڵاتی ئیداری و داراییی بەڕێوەبەری ناحیەی بالیسان وتی: بەداخەوە لەم لایەنەوە کەمترین شت جێبەجێ نەکراوە، چونکە ئەو دەسەڵاتە ئیداری و داراییانەی بۆ ئێمە دانراوە و لە وەزارەتەکان و لایەنی پەیوەندار بۆ ئێمە بهاتبووایە خوارەوە ئەوە بەلامەرکەزی دەمانتوانی باشترین کار و ئیش بکەین بۆ خزمەتکردنی سنوورەکە، بەڵام دەسەڵاتە دانەبەزیوە بۆیە ناتوانین هەموو کار و ئیشێك ڕاپەڕێنین، دەبێت بۆ زۆربەی کارەکانمان سەرووی خۆمان بە نووسراو ئاگادار بکەینەوە تا ئەوانیش وەڵام دەدەنەوە ماوەی زۆری دەوێت.

### بالیسان ماستەر پلانی نییە

سەبارەت بەوەی کە ماستەرپلان هۆکارێکی کاریگەر و گرنگە بۆ گەشەکردنی هەموو شار و قەزا و ناحیەك و هەر شوێنێك ماستەرپلانی نەبێت کۆمەڵێك کێشە و گرفت دێتە پێش بەڕێوەبەری ناحیەی بالیسان وتی: بالیسان ماستەرپلانی نییەو نەخشەیی بنەڕەتی بۆ کراوە، بەڵام لەلایەن وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار پەسەند نەکراوە، بۆیە ناتوانین کار لەسەر ئەم نەخشەیی بنەڕەتییە بکەین، بەڵام بۆ کار و پرۆژەکان و فراوانکردنی ناحیەکە لەگەڵ شارەوانی شارۆچکەکە و لایەنی پێوەندیداری تر گفتوگۆمان کرد، دەتوانین زۆر شت هەیە بیکەین، بۆ نموونە بۆ بەرفراوانکردنی ناحیە و زیاتر ئاوەدانکردنەوەی ئێستا (٢٥٠) پارچە زەویمان جیاکردۆتەوەو دابەشی سەر خەڵکمان کردووە، بۆ ئەوەی خانووی نیشتەجێی لەسەر دروست بکەن، لەلایەکی تر بەرفراوانبوونی ناحیەکە بەرەو ڕێگای سەرەکی سنوورەکە ناڕوات، لەبەر ئەوەی تەنیا (٥٠٠-٦٠٠) مەتر ڕێگاکە لە ناحیە دوورە واتە ڕووبەرەکە کەمە، بەڵام بەرفراوانبوونەکە بە بناری بالیسانەوە دەڕوات.

## فەرمانگەی ئاو و بنکەی چاککردنەوەی کارەبا بینایە و بنکەیان نییە

### وەزارەتی کشتوکاڵ پرۆژەی ئاودێری زۆر و باشی ئەنجام داوە

سەبارەت بەوەی وەزارەتی کشتوکاڵ پرۆژە و جۆگەلەی ئاودێری بۆ ئەو سنوورە کردووە بەڕێوەبەری ناحیەی بالیسان وتی: وەزارەتی کشتوکاڵ پرۆژەی جۆگەلەی ئاودێری زۆرو باشی بۆ کردوین، ئێستاکە گوندەکانی سنوورەکە یەك یا دوو پرۆژەی جۆگەلەی ئاودێری بە کۆنکریتیان بۆ ئەنجامدراوەو ئومێد دەکەین لە بودجەو بەرنامەی ئەمساڵی وەزارەتی کشتوکاڵ پرۆژەی ترمان بۆ بکات، هەروەها هەر خۆمان ڕێگایەکمان بە درێژی (١٣) کیلۆمەتر بۆ ڕێگای ڕەزەکانی زینی شێخ وەسان و خەتێ بردووە کە نزیکەی هەزار دۆنم باخی ترێی لێیە، تاوەکو خەڵك بەئاسانی بەئۆتۆمبێلی خۆیان بچنە ناو باخەکانیان. داواکارم لە حکومەت و لایەنی پێوەندار کۆگای ساردکەرەوە لە سنوورەکەمان دروست بکات، کە هاوکارییەکی باشی جوتیارانە، گەرچی دەستەی وەبەرهێنان لە هیچ بوارێك پرۆژەی بۆ سنووری ناحیەکەمان ئەنجام نەداوە.

